# ڕیفۆرم

## هۆمەر قەرەداغی

کوردستان 2008



ڕیفۆرم
هۆمەر قەرەداغی
کوردستان 2008

# ناوەڕۆک

1. سەرەتا
2. بنبڕکردنی وازهێنان لە خوێندن
3. سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆڕی
4. لە کۆنگرەی پەروەردەدا چیمان لەبیرچوو؟
5. ڕێبەر لە سیستەمی دیموکراتیدا، بەشی یەک
6. ڕێبەر لە سیستەمی دیموکراتیدا، بەشی دوو
7. شورای پۆل و بەرنامەی کار
8. چاوپێکەوتنی هەفتەنامەی "هاوڵاتی" دەربارەی "توێژەری کۆمەڵایەتی
9. دیداری گەشە
10. ئەرکەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی
11. نمونەی بەرنامەی کار
12. خۆپیشاندانی خوێندکارانی ئامادەییە بازرگانی و پیشەییەکان
13. دوو مامۆستا لە پۆلێکدا
14. بە بەردەوامی ریفۆرم
15. تێکەڵاوی کچ و کوڕ
16. بەهەندوەرگرتنی بەهابنەماییەکان
17. کۆبۆنەوەی قوتابخانە
18. چاوپێکەوتنی رۆژنامەی "کوردستانی نوێ"
19. CV

## سەرەتا

سیستەمی پەروەردە و فێرکاری لە کوردستاندا، سیستەمێکە پێویستی بە چاکسازی و ریفۆرمی بەردەوام هەیە. کۆنگرەی پەروەردە لە بەهاری 2007 دا کۆمەڵێک ریفۆرمی بنەڕەتی لە سیستەمی قوتابخانەکاندا پێشنیار کرد، پاشان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەردا. ڕیفۆرمەکان پێویست بوون بەڵام هێشتا زۆر گۆڕانی بنەڕەتی ماون کە گرنگە لە پاشەڕۆژدێکی نزیکدا بکرێن، بە تایبەتی ئاشناکردنی مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە بە بەهابنەماییەکانی قوتابخانە کە بریتین لە سەربەستی تاکەکەس، یەکسانی کچ و کوڕ، بەرزڕاگرتنی نرخی ژیانی مرۆڤ، دیموکراتی و یارمەتی ئەو قوتابیانەی پێویستیان بە یارمەتی زیاتر هەیە.

ئەم کتێبە بریتیە لە کۆمەڵە وتارێکی پەروەردەیی دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی قوتابخانە و ئەرکەکانی کارمەندانی پەروەردەیی وەک بەڕێوەبەری قوتابخانە، مامۆستا، توێژەری کۆمەڵایەتی و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆڕی لە ئەنجامی 26 ساڵ ئەزمونی کار و خوێندنم لە وڵاتی سوید.

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی سەرپەرشتی و چاپکردن و دابەشکرنی کتێبەکەی بەسەر قوتابخانەکانی کوردستاندا لە ئەستۆگرت بۆ ئەوەی کتێبەکە بە ئاسانی بگاتە دەست کارمەندانی پەروەردەیی لە کوردستان.

**هۆمەر قەرەداغی**
**سوید 2008**

# بنبڕکردنی وازهێنان لە خوێندن

## پێشخان

هەموارترین کێشە کە ڕێگە لە پێشکەوتنی نەتەوەیەک بگرێت، کێشەی نەخوێندەوارییە. سەرەتای کێشەکەش بە نەچوون بۆ قوتابخانە یا بەوازلێهێنانی خوێندن لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا دەستپێدەکات.

لە کوردستانی ئێمە دا وازهێنان لە خوێندن لە پاش پۆلی شەشی سەرەتاییەوە بۆتە خەم و پەژارەی هەموو دڵسۆزێکی سیستەمی پەروەردە، لە هەمانکاتدا بۆتە مەترسییەکی گەورە کە هەڕەشە لە دواڕۆژی نەوەی داهاتومان دەکات.

تێڕوانین بۆ پەروەردە و خوێندن لە وڵاتە دیموکراتیەکانی جیهاندا لە تێڕوانین بۆ مرۆڤەوە دەستپێدەکات. مرۆڤی سەرەکیش لە سیستەمی فێرکاریدا خوێندکار و قوتابیە. تێڕوانینی بەرز بۆ مرۆڤ لە دیدی بەهابنەماییە مرۆڤایەتیەکانەوە، پرۆسەی خوێندنی لای قوتابی خۆشەویست کردووە. هەموو مرۆڤێک، منداڵ یا گەورە، کە ڕێزی تاکەکەسی لێگیرا، دەتوانێت بە ئاسانی ڕێز لە بەرامبەرەکەی بگرێت و ئەو کارەی دەیکات خۆشیبوێت.

بۆ ئەوەی پرۆسەی فێرکاری لە کوردستاندا پرۆسەیەکی سەرکەوتو بێت دەبێت خوێندکار یا قوتابی بکرێت بە ناوەند. دەبێت هەموو پرۆسەکە لە خزمەتی قوتابیدا بێت. هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ڕوونادات ئەگەر قوتابی ناوەند نەبێت، ئەگەر مامۆستا



و بەرپرسیارانی پەروەردەیی لە قسە و گوتاریاندا، لە کردارو ڕەفتاریاندا، لە هەڵسوکەوت و بۆچونیاندا خوێندکاریان نەکردبێت بە ناوەند و ڕۆڵی سەرەکی سیستەمی فێرکاریان نەدابێتێ.

ئەگەر خوێندکارو قوتابی گوێیان لێگیرا و کەسایەتیان پارێزرا، ئەگەر سەرکوتی فیزیاوی و دەروونی نەکران، ئەگەر خودی پرۆسەی خوێندنەکەیان نەکرا بە ژیانێکی تاڵ و سەرکوتکەر، ئەوکات واز لە خوێندن ناهێنن و بە خۆشیەوە بەیانیان بەرەو قوتابخانە و خوێندنگاکانیان دەچن.

بەدیموکراتیکردنی پرۆسەی فێرکاری لە کوردستاندا، واتە بە هاتنە ناوەوەی بەهابنەماییە بەرزەکانی مرۆڤایەتی بۆ ناو پرۆسەی پەروەردە و خوێندن، سەرەتای بنبڕکردنی وازهێنان لە خوێندن لە کوردستان دەستپێدەکات.

دیدو بۆچوونی دیموکراتیانە لە پرۆسەی فێرکاریدا بریتیە لە بەرزڕاگرتنی ژیانی مرۆڤەکان، یەکسانی ژن و پیاو، بەرابەری مرۆڤەکان، سەربەستی تاکەکەس و یارمەتیدانی ئەو خوێندکارانەی پێویستیان بە یارمەتی زیاتر هەیە لە سالآنی سەرەتایی خوێندنیاندا. بەرامبەر ئەم بەها بنەماییە بەرزانە، سەرکوتکردن و چەوسانەوە هەیە، ڕێزلێنەنان و شکاندنەوەی کەسایەتی قوتابی هەیە، دەرنەچون و ترس لە خوێندن هەیە.

## ئەرکەکان

بە بۆچوونی من، بۆ ئەوەی وازلێهێنان لە خوێندن، نەمێنێت یا کەمبکرێتەوە لە کوردستان، دەبێت کۆمەڵێک کاری سەرەکی و ڕیفۆرم بکرێت لە ناو هەموو سیستەمی فێرکاریدا.

1. **خوێندن نۆ ساڵ بەزۆر بێت.**

بە پێی یاسا بڕیار بدرێت کە هەموو منداڵێکی ئەم کوردستانە دەبێت نۆ ساڵ بخوێنێت. خوێندنەکە، لە پۆلی یەک بۆ پۆلی نۆ دەبێت لە ژێر لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە و چاودێریکردندا بێت. بەم کارە مۆتەکەی بازدان لە شەشی سەرەتاییەوە بۆ یەکی ناوەندی نامێنێت. ئەم بازدانە دراماتیکیە گەورەیە یەکێکە لە هۆکانی وازهێنان لە خوێندن. هەنگاوەکە زۆر گەورەیە بە لای منداڵانی تەمەن دوانزە و سیانزە ساڵیەوە. دیواری نێوان خوێندنی سەرەتایی و خوێندنی ناوەندی لە دیواری بەرلین بەرزترە. ئەو دیوارە لە ئەوروپا ڕووخا و جەنگی سارد نەما. دەبێت ئێمەش دیواری نێوان سەرەتایی و ناوەندی بڕوخێنین و ناوەندی نەمێنێت.

خوێندنی سەرەتایی ببێتە نۆ ساڵ و قوتابخانەکانی کوردستانیش لە پۆلی یەکەوە تا پۆلی نۆیان هەبێت. لە پۆلی یەکەوە تا پۆلی سێی سەرەتایی زۆر گرنگە کە منداڵەکان یەک مامۆستا زۆربەی زۆری وانەکانیان پێبڵێنەوە. ئەمە دڵنیاییەکی زۆر لای خوێندکاران دروستدەکات، لە هەمانکاتدا ئەرکی مامۆستا ئاسان دەکات، بەو شێوەیەی کە خوێندنەکە پچڕ پچڕ ناکات، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە منداڵ سوود و قازانجی خوێندن دەبینێت و لای خۆشەویست دەکات. نەمانی ناوەندی و بوونی یەک تا نۆی سەرەتایی لە هەمان



قوتابخانەدا دڵنیایی لای خوێندکار دروستدەکات و دەیان کێشەی تریش چارەسەر دەکات کە لە باسێکی تردا دەکرێت بە درێژی باسی لێبکرێت.

2. **بە ڕیفۆرمکردنی بنەڕەتی خوێندنی مامۆستایان لە کۆلیژەکانی پەروەردەیی مامۆستایان و پەیمانگاکانی پەروەردە**

ئەم کارە پێویستە بۆ ئەوەی مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکانی پۆلی یەک و دوو سێ، بتوانن هەموو وانەکان بڵێنەوە. بەڵام گرنگترین ئەرکی مامۆستا لەم بوارەدا ئەوەیە کە پرۆسەی خوێندن لای منداڵەکان خۆشەویست بکات و زیاتر بەها بنەماییە بەرزەکانی مرۆڤایەتی بە منداڵەکان ئاشنا بکات. بۆ ئەم کارە دەبێت ستاتوسی (ئاستی) کاری مامۆستا بەرزبکرێتەوە، لە لایەک بە بەرز ڕاگرتنی کاری مامۆستایەتی و لە لایەک بەبەرزکردنەوەی مووچە بۆ ئەوەی لاوەکانی نەتەوەکەمان ڕووبکەنە پەیمانگاو کۆلیژەکانی خوێندن.

3. **دیاردەی مانەوە لە پۆلەکاندا نەمێنێ**

تاقیکردنەوە دەبێت تەنیا بۆ زانینی ئاستی خوێندکار بێت، نەک مانەوە لە پۆلێکدا. خودی دیاردەی مانەوە، جۆرێکە لە سەرکوتکردن. ئەگەر لە پۆلێکدا زانرا کە چەند منداڵێک پێویستیان بە یارمەتی زیاتر هەیە، دەبێت یارمەتییان بۆ تەرخان بکرێت، نەک بە دانانی مۆرکی تەمەڵی بە ناوچەوانیانەوە و سزایان بدرێت، ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا کوشندەترین کاریگەری بۆ سەر پرۆسەی فێرکاری و وازهێنان لە خوێندن هەیە. دەکرێت نمرەدانان و دەرچون و دەرنەچون تا پۆلی حەوت بوونی نەبێت. هەڵسەنگاندن و بە

دوا داچوونی مامۆستایان جێگەی نمرە دانان بگرێتەوە. دەکرێت لە پۆلی حەوتی سەرەتاییەوە قوتابی دەستبکات بە وەرگرتنی نمرە. لە سوید قوتابی لە پۆلی هەشتەوە نمرە وەردەگرێت. سیستەمی فێرکاری لە سوید دا بەم کارە قوتابی کردۆتە ناوەند و قوتابخانەی کردۆتە شوێنێکی دڵنیا بۆ قوتابیان، نەک شوێنی دڵەڕاوکێ و ترس و دەرچوون و دەرنەچوون.

### 4. تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەشی سەرەتایی نەمێنێت

تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەشی سەرەتایی بۆ منداڵی دوانزدە ساڵ زۆر قورسترە، لە ڕووی دەروونیەوە، لەوەی کە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا ببێت بە سەربازی سوپا و بینێرن بۆ بەرەی جەنگ، ژمارەی ئەو سەربازانەی لە بەرەکانی جەنگ ڕادەکەن کەمترن لە ژمارەی ئەو قوتابیانەی لە پۆلی شەشدا واز لە قوتابخانە دەهێنن. ئەگەر دیواری بەرلینی نێوان سەرەتایی و ناوەندی ڕووخا، دیواری ترس و دڵە ڕاوکێی منداڵیش بەرامبەر قوتابخانە و خوێندن دەڕوخێت و وازلێهێنان نامێنێت و نەخوێندەواری کەم دەبێتەوە. ئێمە دەبێت لە گەڵ مرۆڤەکان کاربکەین. بینا دروستکردن زۆر گرنگە بەڵام ئاسانە. کارکردن لە گەڵ مرۆڤدا زۆر زۆر گرنگترە و ئاسان نیە. لە سعودیە جادەو بیناکانیان زۆر جوان و ڕازاوەن، بەڵام دەروونی مرۆڤەکان و بەهاکانی ئەو کۆمەڵگایە تێرور و بنلادن دروستدەکەن.

### 5. دانانی مامۆستای تایبەتی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا

کە دیاردەی مانەوە نەما، کە تاقیکردنەوە تەنیا بۆ زانینی ئاستی زانیاری بوو نەک دەرنەچوون، ئەو کات خوێندنگاکان و



قوتابخانەکان پێویستیان بە مامۆستای تایبەت دەبێت تا لە پاڵ مامۆستای پۆلەکاندا یارمەتی ئەو منداڵانە بدات کە پێویستیان بە کاتی زیاترە بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی زانیاری. لە دیدی بەرزی تێڕوانین بۆ مرۆڤدا شتێک نیە ناوی تەمەڵی بێت. مرۆڤ لە کاری جیاواز دا توانای جیاوازی هەیە. لە هەندێ وانەدا پێویستی بە کاتی زیاتر هەیە بۆ تێگەیشتن. هەر کاتێک قوتابی بووە ناوەند، ئەو کاتە هەستی باوەڕبەخۆ بوون زیاد دەکات و مێشک بۆ وەرگرتنی زانست کراوە تر دەبێت.

### 6. گروپی دژی سەرکوتکردن

لە خوێندنگا و قوتابخانەکانی کوردستاندا، سەرکوتکردنی فیزیاوی و دەروونی بونێکی بەرچاوی هەیە. ئەگەر منداڵێک لە تەمەنی دەساڵیدا سەرکوتکرا و شکێندرایەوە، ئیتر خۆشەویستی بۆ خوێندن و قوتابخانە کەمدەبێتەوە و لە نزیکترین کاتی گونجاودا واز لە خوێندنەکەی دەهێنێت. بە داخەوەم کە تا ئێستاش لە هیچ قوتابخانەیەکی کوردستانەکەماندا گروپی دژی سەرکوتکردن نیە. ئەمە لە کاتێکدا لە هەموو قوتابخانەیەکی سوید دا گروپێک هەیە، بە مەرجێک کە سەرکوتکردن زۆر زۆر کەمترە لە سوید وەک لە کوردستان. گروپی دژی سەرکوتکردن دەکرێت گروپێکی 4 – 5 کەسی بێت، لە مامۆستا و مامۆستای تایبەت و ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی و هەندێ جار جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانە پێکدێت. هەر کاتێک هەستدەکرێت کە ڕووداوێکی سەرکوتکردن لە نێوان قوتابیەکاندا یا لە نێوان گەورەساڵان و قوتابیاندا ڕوویداوە گروپەکە ئاگادار دەکرێتەوە. گروپەکە لە گەڵ هەموو لایەنە بەشداربووەکاندا قسە دەکات و ئامانج

بنبڕکردنی سەرکوتکردنەکە دەبێت.  شێوازی جیاواز هەیە بۆ شێوەی کارکردنی گروپەکە، ئەوە باسێکی تایبەتە و دەبێت بە نوسینێکی تایبەت زیاتر ڕوونبکرێتەوە.

### 7. بنبڕکردنی ئەشکەنجەی فیزیاوی و دەروونی بە پێی یاسا

زۆر لەو منداڵانەی کە واز لەخوێندن دەهێنن، ئەزمونی زۆر تاڵ و ناخۆشیان هەیە لە لێدان و بیستنی قسەی ناخۆش لە ناو چوار دیواری قوتابخانەکەدا. کەڵەکە بوونی ئەم ئەزمونە ناخۆشانە، قوتابخانە لە منداڵ دەکاتە شوێنێکی ناخۆش و پڕ بیرەوەری تاڵ و هەنگاوی دوای ئەوە وازهێنان دەبێت. تا قوتابخانە بۆ منداڵان نەبێتە جێگەی وەرگرتنی زانست و خۆشی ، واتە تا خوێندکار نەبێتە ناوەند، خوێندنگاکانمان نابنە مەڵبەند و بنەمای دروستکردنی مرۆڤی دیموکرات و کۆمەڵگای مەدەنی.

### 8. دابینکردنی پشتگیری کۆمەڵایەتی بۆ ریفۆرمەکانی سیستەمی فێرکاری

کۆمەڵ و قوتابخانە دوو بەشی تەواوکەری بنەڕەتی سیستەمی کۆمەڵایەتین. دوو سیستەمن کە بەبێ یەکتر ڕیفۆرم ناکرێن و کاریگەری تەواویان لە سەر یەکتر هەیە. بۆ ئەوەی ڕیفۆرمەکانی ناو سیستەمی فێرکاری بە ئاسانی بەئەنجام بگەیەندرێن، دەبێت پشتیوانی کۆمەڵایەتی بۆ بە دەستبهێنرێت. نە دەسەڵاتی سیاسی بە تەنیا دەتوانێ گۆڕانکاری بکات، نە کۆمەڵگا بە بێ پشتیوانی دەسەڵاتی سیاسی و دەستنیشانکردنی ئاسۆ دیموکراتیەکان دەتوانێت بچێتە پێشەوە. خێزان و قوتابخانە بۆ بەرزڕاگرتنی بەهابنەباییە دیموکراتیەکان تەواوکەری یەکترن. دەکرێت لە



ئیمڕۆی کوردستاندا سیستەمی فێرکاری دەستپێشخەر و ڕێبەر بێت. هەرکات لە قوتابخانەدا خوێندکار ناوەند بوو، لە خێزانیشدا گوێ لە دەنگی منداڵ دەگیرێت. پشتگیریکردنی کۆمەڵ بۆ ڕیفۆرمەکان کاتێک بەدەستدێت کە قوتابخانە و کۆمەڵ لە یەکتر نزیک ببنەوە، منداڵان بتوانن سەردانی دامودەزگای وڵاتەکەیان و شوێنی کار بکەن. هاوکاتیش قوتابخانە بۆ دایکوباوکان دەرگای لەسەر پشتبێت. هەرکاتێک ویستیان سەردانی قوتابخانە بکەن و بەشداربن لە وانەکاندا بۆیان هەبێت. دەبێت دایکوباوکان بتوانن بەرێوەبەری قوتابخانە ببینن و بە بیروبۆچوونی ئاشنا بن. ئەم لە یەک نزیکبونە سودی دەبێت بۆ قوتابخانە و خێزانەکان. لە سوید قوتابخانەکان دیواریان نیە، بە کراوەیی دەرگای لە سەر پشتە بۆ کۆمەڵ. نەبونی دیوار بۆ قوتابخانەکان سیمبۆلی کراوەیی قوتابخانەیە بە ڕووی خێزان و کۆمەڵدا. لە هەمانکاتدا گرنگە کە قوتابخانە پیرۆزی خۆی هەبێت و یاساکانی سەرشەقامەکان نەبنە یاساکانی ناو قوتابخانە.

### 9. کاتی ئیشکردنی مامۆستا درێژبکرێتەوە

لە سوید مامۆستا هەموو ڕۆژی کارەکەی لە قوتابخانە بە سەر دەبات، لە نزیکەی کاتژمێری هەشتی بەیانیەوە تا پێنجی پاشنیوەڕۆ کاردەکات. لە کوردستان نیوەی ئەو کاتە مامۆستا کاردەکات. ئەم جیاوازییە گەورەیە کاریگەری قوڵی هەیە لەسەر سیسیتەمی فێرکاری. من باوەڕم وایە دەبێت کاتی ئیشکردنی مامۆستا درێژبکرێتەوە و ژمارەی وانەکانی زیادبکرێت ، لەهەمانکاتدا موچەی مامۆستا بەرزبکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ژیانێکی ئاسودە و سەنگینی هەبێت. ئەگەر قوتابیەکان دوو دەوام بن، دەکرێت مامۆستا لە قوتابخانەی

پاشنیوەروانیش کاربکات، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لە جیاتی یەک مامۆستا لە پۆلێکی چل قوتابیدا بێت، دوو مامۆستا لە پۆلەکەدا بن و بەو شێوەیەش دەتوانن باشتر فریا بکەون و یارمەتی هەموو قوتابیەکان بدەن. دەکرێت مامۆستایەک سەرەکی بێت و ئەویتر ببێتە مامۆستای تایبەتی و یارمەتی ئەو قوتابیانە بدات کە پێویستیان بە یارمەتی زیاتر هەیە. ئەم باسەش دەکرێت زۆر قسەی لە سەربکرێت و دەکرێت لە کاتێکی تایبەتدا زیاتر لە سەری بوەستم و قوڵبیمەوە تیایدا. کاتی ئیشی مامۆستا لە سوید 1767 کاتژمێرە لە ساڵێکدا. 1360 کاتژمێر لە قوتابخانەیە کە دەکاتە نزیکەی 35 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا و 407 کاتژمێر لە ماڵەوە کاردەکات کە دەکاتە 10 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا. ئەم کاتە زۆرەی مامۆستا بوارێکی ڕەخساو بۆ منداڵەکان دەرەخسێنێت کە لە نزیکەوە یارمەتی لە مامۆستاکانیان وەربگرن. لە ساڵێکدا مامۆستا 194 ڕۆژ دەبێت لە قوتابخانە بێت، قوتابی دەبێت 178 ڕۆژ لە قوتابخانە بێت. کەمتر لەم ڕۆژانە زیانێکی زۆر بە پرۆسەی خوێندن دەگەیەنێت. بە شێوەیەکی گشتی ڕۆژانی پشوو لە کوردستان زۆرن، ئەمەش زیان بە ئابووری نەتەوەیی و ئاستی زانیاری خاکەکەمان دەگەیەنێت. بە بۆچوونی من، ئەگەر کاتی ئیشکردنی مامۆستا درێژ بکرێتەوە بە مەرجێک موچەیان بۆ زیاد بکرێت، زۆر گرفتی سیستەمی فێرکاری چارەسەر دەکرێت و لە ڕووی ئابووریەوە کوردستان وەک سیستەمێکی ئیداری قازانج دەکات. ناکرێت لە وڵاتێکدا ئەو هەموو مامۆستایەت هەبێت، هەمووی مووچەی مانگانەی هەبێت بەڵام نیوە کار بکات. ئەمە زیانێکی گەورەیە لە ئابووری کوردستان کە موچەخۆری مامۆستای زۆرە. دەکرێت کاتی ئیش زیاد بکرێت. ئەم باسە قسە زۆر لە خۆی دەگرێت.



تەنیا شتێ کە نابێت بکرێت، فەرامۆشکردنی ئەم باسەیە کە من بەخەمێکی گەورەی خۆمی دەزانم. وا بۆ بیست و پێنج ساڵە من لە سوید لە بواری خوێندن و پەروەردەدا دەخوێنم و کار دەکەم، ئیشەکەم لە سەرەتادا وەک مامۆستای ئامادەیی و دوایی بەڕێوەبەری قوتابخانە و ئێستاش بەرێوەبەری پەروەردە، لەم هەموو ساڵانەدا دەبینم، لە گەڵ ئەوەی کە سیستەمی فێرکاری لە سوید دا پێشکەوتووە، بە بەردەوامی هەوڵی گۆڕانکاری و پێشکەوتن دەدرێت. لە کوردستانەکەمدا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە لە بنەڕەتەوە گۆڕانکاری لە سیستەمەکەدا بکرێت و فێرکار بکرێتە ناوەند. گرنگە پەیامی پەروەردە پەیامێکی بەرز بێت کە دیدی فەلسەفی بۆ مرۆڤ تیایدا دیدێکی دیموکراتی پشتبەست بێت بە بەهابنەماییە بەرزەکانی مرۆڤایەتی.

**10.پشتیوانی ئابووری قوتابی**

بۆ ئەوەی ئاسانکاری بکرێت بۆ ڕێگرتن لە وازهێنان لە خوێندن دەکرێت قوتابی و خوێندکار کاتێک کە دەخوێنن، یارمەتی و پشتیوانیەکی کەم وەربگرن، بۆ نموونە 2 تا 3 % ی مووچەی مامۆستا وەربگرن. ئەم پارەیە کەمە بەڵام بۆ گرنگی پێدان بە سیستەمی فێرکاری پشتیوانیەکی بەهێزو سیمبۆڵێکی هێمابەرزە. لە لای منداڵانیش دەبێتە جێگەی شانازی و بەرزبونەوەی هەستی باوەڕ بەخۆبون تیایاندا. بە وازهێنان لە خوێندن دەبێت پشتیوانیەکەش نەمێنێت.

**11. بوونی ستاتیستیک (ژمێریاری و سەرژمێری) لە قوتابخانەکاندا**

گرنگە هەموو جۆرە سەرژمێرییەک دەربارەی ئەنجامی قوتابیەکان، سەرکەوتویی و پێویستبونی یارمەتی خوێندن، دەربارەی ڕووداوەکانی ناو قوتابخانەکە لە ساڵی خوێندندا، بکرێت. دەبێت جۆرێک لە هەڵسەنگاندن لە کۆتایی ساڵی خوێندندا بکرێت. دەێت بزانرێت کە ئایە چەند قوتابی پێویستی بە یارمەتی هەبووە؟ چەند قوتابی وازی لە خوێندن هێناوە؟ بۆ وازی هێناوە؟ چۆن پەیوەندی پێوە بکرێت؟ چۆن بە دواچون هەبێت؟ ئەگەر کاتی ئیشکردنی مامۆستایان و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان درێژبکرێتەوە، کارمەندان فریای ئەو سەرژمێری و هەڵسەنگاندن و بەدواچونە دەکەون. جێگای خەمێکی زۆرە کە لە هیچ قوتابخانەیەکی کوردستاندا بۆ ساڵەکانی خوێندن بەرنامەی کارنیە، بەرنامەیەک کە ئاسۆ و ئامانج و ستراتیژی ڕوونی تیا نوسرابێتەوە کە لەو ساڵەدا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی خوێندکاران چیدەکرێت و چۆن ئەنجامی قوتابیان بەرزدەکرێتەوە. بوونی بەرنامەی ئیشکردن لە هەموو بوارەکاندا، پێویستیەکی هەنوکەییە و بواری دواخستنی نەماوە لە سیستەمی فێرکاری کوردستاندا. لە بەرنامەکەدا دەبێت بە وردی هەڵسەنگاندن و بە دواچون هەبێت. بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە دەبێت بزانێت کە ئەنجامی کاری قوتابخانەکان و ڕێژەی دەرچون چۆن بووە و پلانی قوتابخانەکە بۆ پێشخستن چیە. دەبێت چۆنایەتی لە سیستەمی فێرکارییدا بەرزتر لە چەندایەتی ڕابگیرێت.

### 12. خوێندنەوە

یەکێک لە ئەرکە گەورەکانی قوتابخانە ئەوەیە کە کتێب خوێندنەوە لای قوتابی خۆشەویست بکات، کتێب لای قوتابی پیرۆز بکات، بە داخەوەم لە کوردستان قوتابی ناخوێنێتەوە،



لە قوتابخانەکان کتێبخانە نیە تا قوتابیەکان بە خوێندنەوە کاتی تیدا بەسەر بەرن یا کتێب قەرز بکەن. کتێب خوێندنەوە، موراڵی بەرز لای منداڵ دروستدەکات، کتێب بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤ دەکاتە خاوەن ویژدان.

### 13. بەرپرسیاری پۆل

لە هەموو پۆلێکی قوتابخانەکانی سوید مامۆستایەک یا دوو مامۆستا بەرپرسیاری قوتابیەکانی پۆلێکن. دیداری تایبەتیان لە گەڵ قوتابیەکاندا دەبێت و لە کێشە و گرفتیان دەکۆڵنەوە. لە کوردستان لە کاتێکدا کە وازهێنان لە قوتابخانە زۆرە، دەکرێت مامۆستایەک سەرپەرشتیاری چەند قوتابیەک بێت و بە دواچوونی هەبێت لە دەربارەی ئاوات و ئەنجامی قوتابییەکان. لە کاتی وازهێناندا زۆر بە زوویی پەیوەندیان پێوە بکات و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر بدات. ئەم پرسە زۆر گرنگە هەر بۆیە چەند پێویستە ڕیفۆرم لە سیستەمی فێرکاریدا بکرێت، ئەوەندەش ریفۆرم لە خوێندنی بوون بە مامۆستایدا لە پەیمانگاکانی مامۆستایان و کۆلیژەکانی پەروەردە دا گرنگە. بنەمای خوێندنەکەش دەبێت بە پلەی یەکەم دیموکراتی بێت ئینجا زانستی. ئەم باسەش تایبەتە و دەکرێت زۆر قسەی لە سەر بکەم لە نوسینێکی تایبەتدا.

### 14.خۆشکردنی ئەتمۆسفێری قوتابخانە

دەکرێت بە هەوڵێکی کەم ئەتمۆسفێری قوتابخانە خۆشبکرێت، بەوەش کەش و هەوایەکی لە بار بۆ زانست وەرگرتن دروستبکرێت. بەکارهێنانی ڕەنگ و کاری پراکتیکی وا لە قوتابی دەکات کە خۆشەویستی بۆ قوتابخانەکەی زیاتر بێت و زیاتر ببەسترێتەوە پێوەی. وازهێنان لە خوێندن لای

قوتابی دەبێتە دەستبەرداربون لە ژیانێکی باش نەک ڕزگار بون لە ژینگەیەکی دڵتەنگ و ناخۆش.

**کۆتایی**

دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لە کوردستان گرفتێکی گەورەی کۆمەڵایەتیە و بۆ دواڕۆژی خاک و نەتەوەکەمان هەڕەشەیەکی ترسناکی گەورەیە. ئەم دیارەیە توانای چاوەڕێکردنی نەماوە و دەبێت چارەسەرێکی هەنووکەیی بنچینەیی بۆ بدۆزرێتەوە.

هیوادارم ئەم نوسینەم دەستپێکێک بێت بۆ ئەو کارە و دەرگایەکی کراوە بێت بۆ دیالۆگ.

دواڕۆژی خاکی کوردستان پێویستی بە توانا و ویستی هەموو کەسێک هەیە کە مەبەستی بێت کوردستان سەربەست و ئاڵاکەشی شەکاوە بێت.

2007-05-19



# سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆڕی

سیستەمی پەروەردەیی دەستنیشانی ستروکتور و شێوەی ڕێکخستنی هەموو پرۆسەی فێرکاری دەکات. سیستەمەکە بە بڕیاری سیاسی و پسپۆڕی پیشەیی دیاری دەکرێت. بەرنامەی (مەنهەجی) فێرکاری تەواوکەری سیستەمی پەروەردەییە و دەستنیشانی ئاستی زانستی پلە جیاوازەکانی خوێندن دەکات. بە داخەوە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە کوردستان لە ئاستێکی زۆر نزمدایە لەم وتارەمدا هەوڵدەدەم بە کورتی لە سەر ئەو باسە بنوسم، بەو هیوایەی لە دەرفەتێکی تردا لە باسەکەدا قوڵببمەوە.

سەرپەرشتیاری یا سەرپەرشتی پەروەردەیی بۆ قۆناغی سەرەتایی و سەرپەرشتیاری پسپۆڕی بۆ قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی لە کوردستاندا بە شێوەیەک دەکرێت کە زیاتر بۆ کۆنترۆڵکردن و سزادان و پاداشتکردنە.

چاودێری و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە وڵاتی سوید بۆ هەموو قۆناغەکان هەر یەکێکە و بە هەمان شێوە دەبرێت بەڕێوە، دوور لە پاداشتدان و بەرزکردنەوە یا سزادان. قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە یەک جیاناکرێنەوە و هیچ هۆیەکی زانستی نیە بۆ ئەو جیاکردنەوەیە وبوونی دوو ناوی جیاواز بۆ پرۆسەکە لە کاتێکدا کە ئامانج هەر سەرپەرشتیاریە.

هەموو قوتابخانەیەک و خوێندنگەیەک لە بەر ئامانج و هۆی تایبەتی دروستکراون. گەیاندنی زانست و بەهابنەماییەکان بۆ ئامادەکردنی منداڵان بۆ ژیانی گەورە ساڵان وبەشداریی

دروستکەرانە لە کۆمەڵدا ئەرکی سەرەکی قوتابخانەیە. کەواتە ئامانجی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆڕی دەبێت تەنیا بۆ ئەوە بێت کە ئایا قوتابخانە دەگاتە ئەو ئامانجە یان نا. ئەگەر گەیشتە ئامانجەکان ئەوە پێویست بە پاداشت و بەرزکردنەوە و ستایش ناکات، بەڵکو قوتابخانە ئەرکەکەی سەرشانی ڕاپەڕاندوە. ئەگەر ئامانجەکان، لە ئەنجامی سەرپەرشتیاری و چاودێری کردنێکدا، نەپێکرابوون ئەوە ماوەیەک دادەنرێت بۆ قوتابخانەکە کە بەو ئەنجامانە بگات. سزدان بوونی نیە، چونکە ئامانجی سەرپەرشتیاری چاکردن، باسکردن، بەرەوپێشەوەچوون و گەشەکردنە. ماوەی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان دەگۆڕدرێت بەهۆی شێوەی هەڵەکەو گەورەو بچوکیەوە. ماوەکە لە سێ مانگەوە بۆ دووساڵە ئەگەر هەندێ لایەنی کاری قوتابخانەکە پێویستی بە گەشەکردن بێت و ئەنجامەکان پێویستیان بە کاتی زۆر بێت.

چاودێری و سەرپەرشتیاری لە پێناوی پێشکەوتن، دابینکردنی مافی تاکەکەس و بەرزکردنەوەی چۆنایەتیدایە. چاودێری و سەرپەرشتیاری بۆ دڵنیابوونە لەوەی کە مافەکانی منداڵان پارێزراون لە ڕووی دابینکردنی خوێندن و پەروەردەدا کە بە پێی یاسا دەبێت پارێزراو بێت.

## هەنگاوەکانی سەرپەرشتیاری

1. ئامادەکاری



دەستەی سەرپەرشتیاری، کە دەکرێت لە 2 تا 4 سەرپەرشتیار پێکهاتبێت، پەیوەندی دەکەن بەو قوتابخانەیەی کە دەیانەوێت سەردانی بکەن و لە نزیکەوە پرۆسەی سەرپەرشتیاری وچاودێریکردن بەڕێوەبەرن تیایدا. پێش ئەوەی سەردانی قوتابخانەکە بکەن داوای ئامار و ڕاپۆرتەکانی ناو قوتابخانەکە دەکەن. داوای هەموو ئەو بڕیارانە دەکەن کە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکە داویەتی، ئەو ئاماروهەڵسەنگاندن و بە دواچوونانەی کە بەڕێوەبەر و مامۆستاکانی قوتابخانە لایانە و کردویانە. داوای ئەنجام و دەرچوون و دەرنەچوونی قوتابیان دەکەن. هەموو زانیاریەک دەربارەی ڕێکخراوی قوتابخانەکە، شێوەی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکە، بودجە، شێوەی وانە وتنەوە، ڕاسپاردەکان، پەیوەندی بە دایکوباوکانەوە ... هەموو ئەو زانیاریانە پێش دە ستپێکردنی چاودێریەکە دەنێردرێت بۆ سەرپەرشتیارەکان. سەرپەرشتیارەکانیش لای خۆیانەوە بە وردی سەیری ئەو دۆکومێنتانە دەکەن و بیروبۆچوونێکیان لە سەر قوتابخانەکە لا دروستدەبێت. پێشکات دەزانن ئایا لایەنی لاواز و بەهێزی قوتابخانە کامانەن. ئایا مافەکانی تاکەکەس، بە تایبەتی خوێندکاروقوتابی پارێزراوە یان نا. ئایا چۆنایەتی کارەکان لە چ ئاستێکدایە. دایکوباوکا بەشدارن لە پرۆسەی فێرکاریدا یان نا. بەشێکی زۆری کارەکە لە قۆناغی ئامادەکاریدا دەکرێت.

قۆناغی ئامادەکاری سەرپەرشتیاریکردنەکە قۆناغێکی زۆر گرنگە و بە بێ ئامادەکاری ورد و بنچینەیی کارەکان ئەنجامێکی باشی نابێت. ئەم قۆناغە بەداخەوە لە کوردستان گرنگی پێنادرێت و دۆکیومێنتەکان وەک پێویست ناکەونە

دەست سەرپەرشتیکاران. لە هەندێ کاتدا زۆر لە کارەکان دۆکۆمێنت ناکرێن و هەوڵەکان و تواناکان و ئەزمونەکان بە فیرۆ دەڕۆن و تاکەکەس ڕۆڵی دۆکیومێنتی زیندوی دەبێت. ئەمەش لە بە داموودەزگایی کردنی قوتابخانە کەمدەکاتەوە و دەرئەنجامەکەشی نزمبوونەوەی ئاستی چۆنایەتی کارەکانە. چەندایەتی جێگای چۆنایەتی دەگرێتەوە و پێشکەوتن کەم ڕوودەدات. ساڵانێکی زۆر قوتابخانەکان بەڕێوەدەبرێن بە بێ ئەوەی گۆڕانکاری، ڕیفۆرم و پێشکەوتن ڕووبدات. بەڕێوەبردنی قوتابخانە بە بێگۆڕانکاری کارێکی قورس نیە، هونەر لە گۆڕان و پێشکەوتندایە. ڕیفۆرم کاتێک سەرکەوتوو دەبێت کە دیدمان بۆ مرۆڤ لە ڕوانگەی دابینکردنی مافی تاکەکەسەوە بێت لە سەربەستی و ڕێزگرتن لە پیرۆزی ژیان.

### 2. سەردان

پاش هەنگاوی ئامادەکردن، سەرپەرشتیارەکان بەیەکەوە وەک گروپ سەردانی قوتابخانە یا خوێندنگەکە دەکەن، ماوەی چەند ڕۆژێک، لە هەندێک کاتدا هەفتەیەک، لە قوتابخانەکە دەبن. سەرپەرشتیارەکان لە کاتی سەردانەکەیاندا دیداری کارمەندان و هەموو کەسێک دەکەن کە پەیوەندی بە ڕاپەڕاندنی پرۆسەی فێرکاریەوە لە قوتابخانەکەدا هەبێت. لەو دیدارانە، دیداری بەڕێوەبەری قوتابخانە، دیداری لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتی، دیداری ڕێپیشاندەری خوێندن و کار و دیداری هەموو کەسێک کە سوودی بۆ هەڵسەنگاندنی کاری قوتابخانەکە هەبێت.



سەرپەرشتیارەکان بێجگە لە دیدارەکان دەچنە پۆلەکانەوە و تێبینی شێوەی وانەوتنەوە دەکەن.  سەرنج دەدەنە ڕۆڵی مامۆستا وەک کارمەندێکی دیموکرات و زانستی. بە وردی لە چالاکیەکانی قوتابیەکان لە ناو پۆلدا دەکۆڵنەوە. ژینگەی قوتابخانە لە هەموو ڕوویەکەوە سەیری دەکرێت و لە سەری دەنوسرێت. بە وردی سەرنج دەدرێتە خانوی قوتابخانەکە، کەلوپەل، کتێب، دەفتەر، کۆمپیوتەر و پێویستیەکانی تر.

تیمی سەرپەرشتیاران کاروباری قوتابخانەکە بە وردی دەخەنە ژێر لێکۆڵینەوەیەکی مرۆڤدۆست و دیموکراتیانە. هەموو کارەکان و هەوڵەکان بۆ دروستکردنی ئەتمۆسفێرێکی گونجاو بۆ فێربوون دەخرێنە بەر سەرنج و وتووێژ. لە هەموو کارەکاندا قوتابی و خوێندکار دەبنە ناوەند وهەموو سەرپەرشتیاریەکەش بۆ ئەوەیە کە بزانن ئایا هەموو تواناکان خراونەتە کار بۆ ئەوەی قوتابی بە ئامانجەکانی خۆی لە بواری خوێندندا بگات.

### 3. هەڵسەنگاندن و شیکاری

پاش سەردانی قوتابخانەکە گروپی سەرپەرشتیارەکان قوتابخانەکە بەجێدەهێڵن. هەموو زانیاریەکان دەنوسنەوە، گفتوگۆی هەمە لایەنەی لە سەردەکرێت و کارەکان دەبێتە سەرەتایەک بۆ نوسینەوەی ڕاپۆرتێکی دوورودرێژی هەمە لایەنە.

### 4. ئەنجام

پاش ئەوەی هەڵسەنگاندن، لێکۆڵینەوە و شیکاری هەموو لایەنەکان دەکەن و ڕاپۆرتەکە دەنێرنەوە بۆ قوتابخانەکە بۆ

ئەوەی قوتابخانەکەش سەرنجی خۆی لە سەر ڕاپۆرتەکە بدات و ئەگەر هەڵەی فاکتا، زانیاری یا لەیەک تێنەگەیشتن ڕوویدابێت، قوتابخانەکە بۆچوونی خۆی لەسەری دەنوسێت و دەنێردرێتەوە بۆ لای سەرپەرشتیاران. پاش دوا گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن و تێبینی بۆچوونەکانی قوتابخانە لە لایەن چاودێران و سەرپەرشتیارانەوە ڕاپۆرتەکە پوختە دەکرێتەوە و دەنوسرێتەوە لە شێوەی کتێبێکدا و دەدرێتە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان و مێدیا.

لە ڕاپۆرتەکەدا لایەنی هێزو سەنگینی قوتابخانەکە دیاریدەکرێت، لایەنی لاواز و نەگەیشتن بە ئامانجەکان دیاریدەکرێت و داوا دەکرێت کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا چارەسەر بۆ لایەنە لاوازەکان دابنرێت.

## بوارەکانی سەرپەرشتیاری بۆ پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی چۆنایەتی

سەرپەرشتیاری پەروەدەیی و پسپۆڕی هەموو بوارەکان دەگرێتەوە کە لە دوورو نزیکەوە پەیوەندی بە پرۆسەی فێرکاری ناو قوتابخانەیەک هەیە. هەموو کارەکە بۆ بەرژەوەندی قوتابی و خوێندکار بە کاردەهێنرێت.  هیچ بوارێک یا لایەنێک نامێنێت کە هەڵنەسەنگێنرێت یا گفتوگۆی لە سەر نەکرێت، هەموو لاپەڕەیەک هەڵدەدرێتەوە، هەموو ژێر بەردێکی سیستەمەکە سەیر دەکرێت. کارەکە هەمە لایەنەیە و هەر سێ ساڵ یا پێنج ساڵ جارێک ئەنجام دەدرێت. بوارەکانی سەرپەرشتیارەکە زۆرن، لەوانە



### 1. دڵنیایی و دڵخۆشی قوتابیان

مرۆڤەکانی ناو سیستەمی دیموکراتی بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤی دڵنیا و ئارام و لە سەرخۆن. ئەگەر قوتابخانە بە شێوەیەکی دیموکراتی بەڕێوەببرێت، قوتابی هەست بەئارامی و دڵنیایی دەکات. کاری سەرپەرشتیار لەم بوارەدا دڵنیابوونە لەوەی کە قوتابیەکان لە قوتابخانەکەیاندا هەست بە دڵخۆشی دەکەن، ترس بوونی نابێت. قوتابی دەبێت ناوەند بێت، مامۆستا و بەڕێوەبەر و کارمەندانی تری پەروەردەیی دەبێت کاربکەن بۆ ئەوەی بەهابنەماییەکانی قوتابخانە لە هەموو وانە و کاروچالاکیەکدا ڕەنگی دابێتەوە. ئەم بوارە سازشکردن و گفتوگۆ هەڵناگرێت، بەڵکو دەبێت وەک لە یاسا دا هاتووە جێبەجێبکرێت.

دەبێت سەرپەرشتیاری پەروەردەیی کاتێک کە بە ناو پۆلەکان و قوتابخانەکەدا هاتووچۆ دەکات، هەستبکات کە هارمۆنی باڵی بە سەر پەیوەندیەکانی قوتابی و قوتابی، مامۆستا و قوتابی دا کێشاوە. ژینگەی ناو پۆل دەبێت هێمن و ئارام بێت. هەموو کەس مافی تاکەکەسی پارێزراو بێت. ڕێز لە بیروبۆچوونی یەکگرتن دەبێت بە ڕۆشنی ببینرێت لە پەیوەندیەکانی ناو قوتابخانەدا.

بە شێوەیەکی گشتی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆڕی لە قوتابخنەکانی سوید دا زۆر بە وردی سەیری ئەم لایەنە دەکەن و دوای سەردانی قوتابخانەکە زۆر بە وردی لە سەری دەنوسن.  هەموو کەم و کوڕییەک لەم بوارەدا دەبێت زوو چارەسەر بکرێت.

2. **بەرپرسیارێتی قوتابی بۆ فێربوون**

بۆ هەموو قوتابیەک دەبێت پلانی تاکەکەس هەبێت. قوتابیەکان دەبێت بە وردی بزانن کە ئامانجەکانی قوتابخانەکە چین، چۆن پلانرێژی کراوە و چۆن دەبێت بەشداربن لە پلاندانانی وانەکاندا. ئەگەر مرۆڤ هەستبکات گوێی لێگیراوە و بەشدارە لە پلاندانانی کارەکاندا، هەستی بەرپرسیارێتی لای زیاد دەبێت. قوتابی بەشدارو بەرپرسیارە لە سەرکەوتنی هەموو وانەیەکدا.

3. **شێوەی کارکردن و ڕۆڵی مامۆستا**

سەرپەرشتیارەکان سەردانی وانەکان دەکەن، بە وردی سەیری ئاستی وانەکان، شێوەی کارکردن و ڕۆڵی مامۆستا لە پۆلدا دەکەن. یەکێک لەو خاڵانەی کە گرنگە بە لای سەرپەرشتیارانەوە، بەشداری و چالاکی قوتابیانە لە کاتی وانەکاندا. پرسیارەکان دەبێت هەردوو لایەنە بێت، واتە پرسیاری قوتابی لە مامۆستا و پرسیاری مامۆستا لە قوتابی. قسەکردن لە پۆلدا هەر بۆ مامۆستا نیە بەڵکو دەبێت وانەکان لە شێوەی وروژاندنی گیروگرفت و دۆزینەوەی چارەسەر دابێت. هێزی شیکاری و دەستپێشخەری لای قوتابیان بە وردی سەیری دەکرێت. هەموو پۆلێک، مامۆستایەک بەرپرسیارە لێی. هەموو قوتابیەک ناسراوە لای مامۆستا و ڕۆژانە دیالۆگ و گفتوگۆ لە نێوانیاندا دەبێت.

شێوەی جیاوازی وانە وتنەوە و بەڕێوەبردنی چالاکیەکانی ناو پۆل جێگای سەرنجی سەرپەرشتیارانن، خاڵە لاواز و



بەهێزەکان دەستنیشان دەکرێت و لە ڕاپۆرتی کۆتاییدا بە وردی شیکاری لەسەر دەکرێت.

4. **زانست و ئاستی زانستی**

ئەم لایەنە گرنگە سەرنجی لێدەدرێت و بەراورد دەکرێت لە گەڵ بەرنامە(مەنهەج) ی فێرکاریدا. بە وردی سەیری هەڵسەنگاندن و بە دواچوونی مامۆستایان، دەربارەی ئەنجامەکانی قوتابیان، دەکرێت. مامۆستا دەبێت ئاستی زانستی قوتابیەکان بزانێت و پلانی هەبێت بۆ یارمەتی ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتی زیاتر هەیە.
بەڕێوەبەری قوتابخانە ئاگادار دەکاتەوە لە ئاستە زانستیەکە و چۆنیەتی بەرزکردنەوەی.

5. **بەشداربوون**

بەشداری قوتابیان و دایکوباوکان هەڵدەسەنگێنرێت و چالاکیەکان بە وردی دەنوسرێنەوە. لێکۆڵینەوە دەکرێت دەربارەی چۆنیەتی کارکردنی شورای قوتابیان لە قوتابخانەکەدا. بە وردی سەیری پرۆتۆکۆڵی شورای پۆل و شورای قوتابخانە و کۆنفرانسی قوتابخانە دەکرێت. سەیری ڕۆڵی بەشداری چەند مامۆستایەک و بەڕێوەبەری قوتابخانە لە کۆنفرانسی قوتابخانەدا دەکرێت.

بەشداربوونی قوتابیان لە پرۆسەی فێرکاریدا بەشێکی گرنگ و نیشانەیەکی دیاریکراوی بوون و نەبوون و بەهێزی و لاوازی دیموکراتیەتە لە هەموو وڵاتێکدا. چالاکترین بەشداری قوتابی لە قوتابخانەکاندا، لە بەهێزترین پێگەی دیموکراتی دنیادا

دەبینرێت. لاوازی بەشداری قوتابی لە پرۆسەی دیموکراتی فێرکاریدا، لاوازی سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات دەردەخات.

### 6. ڕێکخراوی قوتابخانە

بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانە، تەنیا یەک شێوەی ڕێکخستنی کارەکان نیە. دەکرێت مامۆستایان بکرێن بە گروپی جیاواز لە سەر بناغەی وانەی هاوبەش یا پۆلی هاوبەش. کاری سەرپەرشتیار لەم بوارەدا هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوی قوتابخانەیە و بەراورد کردنیەتی لە گەڵ گەیشتن بە ئامانجەکان. پرسیاری ئایا قوتابخانەکە ڕێکخراوە بە باشترین شێوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرکەوتنی قوتابیان یان نا، ئەرکێکی تری سەرپەرشتیارانە کە دەبێت هەڵوێست بەرامبەری وەربگرن.

### 7. ڕێبەری و ڕێبەرایەتی

بەڕێوەبردنی قوتابخانە ڕێگا خۆشکەرە بۆ بەرزبوونەوە یا نزمبوونەوەی چۆنایەتی بە ئەنجامگەیاندنی پرۆسەی فێرکاری لە قوتابخانەکەدا. پەیوەندی نێوان بەڕێوەبەر و مامۆستا و قوتابیان هەموو کات دەبێت لەژێر چەتری ڕێز و دیالۆگ و مافەکانی تاکەکەس دابێت. دەستنیشانکردنی ئاسۆ و ئامانجەکان لەگەڵ بڕیارە ستراتیژیەکانی ناو قوتابخانەیەک بەبێ بەشداری قوتابیان نیشانەی لاوازی پرۆسەی فێرکاریە کە سەپەرشتیار هەڵوێستەی لەسەر دەکات و سەرنج و ڕێنماییەکانی لە بارەیەوە دەگەیەنێتە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکە. کەموکوڕییەکان دەبێت زوو چارەسەر بکرێن.



### 8. پەیوەندیەکان

ئەم تەوەرە نیشانەی شەفافیەت و کراوەیی قوتابخانەیە بەڕووی ناوەوەی خۆیدا، لەهەمانکاتدا بە ڕووی دەرەوەشدا. پەیوەندی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە لە زانیاریدان بە مامۆستایان و قوتابیان، هەروەها بە دایکوباوکان و بازاڕیکار و خوێندنی باڵاوە لە مەرجە گربگەکانی بەدیموکراسی کردنی پرۆسەی خوێندنە.

قوتابخانەی داخراو بەڕووی کۆمەڵدا لەلایەک و شاردنەوەی زانیاری لە قوتابیان لەلایەکی ترەوە متمانەی ناو پەیوەندیەکان بێهێزدەکات و لە ڕێزی کۆمەڵ و قوتابیان کەمدەکاتەوە بۆ پرۆسەی خوێندن و سەرئەنجام بۆ هەموو دامودەزگاکانی بەڕێوەبردن.

### 9. توانا

توانای مامۆستا، توانای بەڕێوەبەر و توانای کارمەندانی قوتابخانە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارەکانیان، لەگەڵ دڵسوتان و دڵسۆزی و بەتەنگهاتنیانەوە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکاری لە قوتابخانەیەکدا ڕۆڵی سەرەکی دەبێت لە ئەنجامی کۆتایی قوتابیاندا لە کۆتایی سالی خوێندنا.

لە کوردستان ڕێژەی دەرچوون لە تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەشی سەرەتایی لە ساڵی خوێندنی 2006 / 2007 دا. لە دەوری یەکەمدا 60 % بوو. ئەم ئەنجامە نزمە هەر ببێتوانایی خوێندنکارەکان دەرناخات، بەڵکو بێتوانایی هەموو پرۆسەی فێرکارییە لە کوردستاندا. بێتوانایی

73000 هەزار مامۆستا و 5000 بەڕێوەبەرە. دەبێت هەموو خەمخۆر و پسپۆڕێکی پەروەردەیی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان هەست بە بەرپرسیاری بکەن لەمیانەی بەڕیفۆرمکردنی سیستەمی پەروەردە بۆ ئەوەی ئەم جۆرە تراژیدیانە لە سیستەمی پەروەردەدا دووبارە نەبێتتەوە. ئەم ئەنجامە ترسناکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نزیکەی نیوەی قوتابیانی پۆلی سەرەتایی هەست بە نزمی ئاستی زانیاری خۆیان بکەن کە لە پاشەڕۆژدا دەرئەنجامی کوشندەی لە بواری دواکەوتنی کۆمەڵگای کوردستاندا دەبێت. ئەزمونی بەکالۆری پۆلی شەشی سەرەتایی لە سەرکوتکردنی قوتابی زیاتر هیچ سوودێکی تری نیە. خۆشبەختانە لە کۆنگرەی پەروەردەی بەهاری 2007 دا پێشنیاری لابردنی ئەو ئەزمونە بێ سوودە کراوە و هیوام وایە ببێتە بڕیار و جێبەجێبکرێت.

تەرخانکردنی بودجەیەکی دیاریکراو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستایان و بەهێزکردنی توانایان زۆر گرنگە لە کاتێکدا کە جیهانی تەکنیک و ئینتەرنێت و گەیاندن لە گۆڕانکاری و بەرەوپێشەوە چوونی گەورە دایە.

### 10. ناووناوبانگی قوتابخانە

هەر قوتابخانەیەک ناووناوبانگێکی خۆی لە ناو کۆمەڵدا هەیە. یەکێک لە کارە گرنگەکانی بەڕێوەبەر سەنگینکردن و بەرزکردنەوەی ناووناوبانگی قوتابخانەیە. ئەو کارەش کاتێک دەکرێت کە سیستەمی فێرکاری بە پێی ڕێنماییەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەژێر بەرپرسیاریدا ببرێت بەڕێوە.



### دواوشە

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆڕی لە کوردستاندا لەتەنگژەدایە وپێویستی بە ڕیفۆرمی بنەڕەتی، لە شێوەی هەڵسەنگاندن و تەوەرەکانی چاودێریدا، هەیە. ئەو شێوەی کارکردنەی ئێستا کۆنە و زیاتر بۆ کۆنترۆڵکردن، پاداشتدان و سزادانە کە ئەمەش دوورە لە ئامانجی سەرەکی سەرپەرشتیار یەوە کە بەرەو پێشەوە چوون و بەرزکردنەوەی چۆنایەتی پرۆسەی فێرکارییە.

ئاواتەخوازم کە ئەم لایەنە گرنگەی پرۆسەی فێرکاری بەسەربکرێتەوە و گۆڕانکاری گەورەی تێدا بکرێت بۆ ئەوەی پاشە ڕۆژی نەوەکانمان ڕۆشن و کوردستانەکەمان ئاوەدان و پێشکەوتوو بێت.

2007-06-16

# لە کۆنگرەی پەروەردەدا چیمان لە بیرچوو ؟

بۆ کۆنگرەی پەروەردە کە لە ڕۆژانی 22 – 24 ی مانگی مای لە هەولێر گیرا، بانگهێشت کرام. زۆر دڵخۆشبووم بەوەی کە بتوانم بەشداری لە کۆنگرەیەکی وا گرنگدا بکەم، بتوانم کاریگەریم هەبێت و نەتەوەکەم سوودێک لە ئەزموونی زیاتر بیست ساڵی خوێندن و کارکردنم لە سوید لە بواری پەروەردە و فێرکاریدا ببینێت.

کۆنگرەکە بە کۆمەڵێک وتار، کە هەروەک باوە لە کوردستان دەستی پێکرد. هەندێک لە وتارەکان بە هیچ شێوەیەک پێویستی بە خوێندنەوەیان نەدەکرد لە بەرئەوەی پەیوەندیان بە باسەکەوە نەبوو یا هیچ شتێکی تیا نەبوو کە سوودی هەبێت بۆ کۆنگرە. ئەم مەسەلە باوەی وتار خوێندنەوەی بێسوود و بانگهێشتنکردنی زیادە و خۆبەستنەوە بە ترادسێونی کۆنی کۆنگرە بەستنەوە وە بەشێوەیەکی گشتی باڵی بەسەر زۆر کۆنگرەکانی کوردستاندا کێشاوە.

کۆنگرەی پەروەردە کۆمەڵێ بڕیار و پێشنیاری زۆرباشی دەرکرد و هەوڵێکی زۆر باشە بۆ بەرەو پێشەوەچوونی، لێرەدا نامەوێت زۆر بچمە ناو بڕیارەکانەوە و باسیان بکەم. وەزارەتی پەروەردە ڕاگەیاندنی هەبووە و دەبێت دەربارەی پێشنیارو بڕیارەکان. وەزیری پەروەردە مرۆڤێکی کراوەیە بۆ هێنانە ناوەوەی چاکسازی و ڕیفۆرم و بەرەوپێشەوەبردنی پرۆسەی فێرکاری لە کوردستاندا،



بەڵام لە بارنەبونی کەش وهەوای سوبیەکتیڤ و ئۆبیەکتیڤی لە نەبونی کادێر و پسپۆڕی پەروەردەیی و زاڵبونی ترادیسیۆنی کۆن کارەکەی قورس کردووە.

سەرەتا بۆ هەموو جۆرە کارێکی گۆڕنکاری و بەرەوپێشەوە چوون سەختە. کۆنگرەکەش بەدەرنەبوو لە گیروگرفت لەگەڵ ئەوەی کە من بە کۆنگرەیەکی سەورکەوتووی دەزانم و گەشبینیم بەرامبەر دواڕۆژی پرۆسەی فێرکاری لە کوردستاندا. بەڵام لە کۆنگرەکەدا زۆر کەموکوڕی هەبوون کە لێرەدا هەندێکیان دەنووسم:

1. **باسنەکردنی (بەرنامەی کار) لە قوتابخانە و خوێندنگاکانی کوردستاندا.**

لە کۆنگرەکەدا نزیکەی 500 بەشداربوو هەبوو،کەس لە دوورونزیکەوە باسی بەرنامەی کاری نەکرد. منیش یەکێک بووم کە ئەم مەسەلەیەم بەسەردا تێپەڕی. لە سوید هەموو قوتابخانەیەک بەرنامەی کاری ساڵانەی هەیە، تێیدا ئاسۆ و ئامانجەکان و چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجەکان دەستنیشان دەکرێت و دەبێت ئەو کارە هەموو ساڵێک و هەموو قوتابخانەیەک بیکات. لە کوردستان ئەم بوارە بوونی نیە، ساڵ دێت و دەڕوات و قوتابخانەکان بەبێ ئامانج و هیوا دەچنە پێشەوە و گۆڕانکاری ڕوونادات. ساڵەکان هەمووی لەیەکدەچن، هیچ هێزێکی نوێی گۆڕانکاری نابێتە میوانی قوتابی و قوتابخانەکان. بە سستی کارەکان دەچنە پێشەوە. نوێخوازی هێزی بزوێنەری کارەکان نییە.

2. **شورای قوتابیان و خوێندکاران**

لە سوید لە هەموو قوتابخانەیەکدا (سەرەتایی و ئامادەیی) شورای قوتابیان هەیە. هەموو پۆلێک دوو نوێنەر هەڵدەبژێرێت و بەهەموو پۆلەکان شوورا دروستدەکەن و دەستەی کارگێڕ هەڵدەبژێرن کە لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستایاندا کۆبونەوەی هەفتانەیان هەیە و کاریگەری تەواویان لە سەر هەموو کارە گرنگەکانی ناو قوتابخانەکەیان هەیە. ئەم دیاردە دیموکراتیە بەشێکی گرنگی فێرکردنی قوتابیانە بۆ بوون بە خاوەن دەنگ و سەربەست و بۆ وەرگرتنی بەرپرسیاری.

بەداخەوە کۆنگرە ئەم بابەتە گرنگەی بیرچوو و لای لێنەکردەوە. من باوەڕم وایە کوردستان نابێتە وڵاتێکی دیموکراتی ئەگەر پرۆسەی فێرکاری پرۆسەیەکی دیموکراتی نەبێت.

### 3. نەبوونی پسپۆڕی پەروەردەیی لە کوردستان

بە داخێکی زۆرەوەم لە کۆنگرەکەدا هەستم کرد کە نەتەوەکەمان ژمارەیەکی هێجگار کەم پسپۆڕی پەروەردەیی هەیە لە بەرامبەریدا ژمارەیەکی هێجگار زۆر مووچەخۆری پەروەردەیی. زیاتر لە 73000 مامۆستا و 5000 بەڕێوەبەرمان لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک هەیە. زۆری و بۆری دیاردەیەکی ئاشکرا و گەورەی پرۆسەی فێرکارییە لە کوردستاندا.

### 4. نەبوونی پسپۆڕی پەروەردەیی لە هەندەران

نەبوونی پسپۆڕی پەروەردەیی هەر لە کوردستان نیە بەڵکو هەندەرانیشی گرتۆتەوە. بۆ کۆنگرە بانگهێشتنی



هەندێک لە کوردانی هەندەرانیش کرابوو. لە وڵاتانی سوید، نەرویج، دانمارک، ئەڵەمانیا و هۆڵەندە وە بەشدار بووان هەبوون، ئەمەش کارێکی باشبوو. گروپی هەندەران جێگە دەستیان دیاربوو، بەڵام بەداخەوە هەموو ئەو بەڕێزانەی کە هاتبوون لە بواری پەروەردەدا پسپۆڕ و کارمەند نەبوون ، هەبوون کە هیچ باسێکی تایبەتیان بۆ کۆنگرەکە ئامادە نەبوو. ڕاستە هەموو دڵسۆز بوون و کەم و زۆر کەسانی بە توانا بوون بەڵام کارنەکردنی هەندێکیان لە بواری پەروەردەدا سنوورداری دەدا بە کاریگەریان بۆ پێشەوە چوونی سیستەمی فێرکاری لە کۆنگرەکەدا.

### 5. تەوەری ئەزموونەکان لە کۆنگرەکەدا

دە تەوەری جیاواز هەبوو، زۆربەی ڕیفۆرمەکان تەوەری سیستەمی پەروەردەی گرتەوە. هەندێک تەوەر نەک هەر نوێخوازی لە بوارەکەی خۆیدا نەکرد بەڵکو ڕێگریش بوو لە بەردەم تەوەرەکانی تردا. لە کاتێکدا کە تەوەری سیستەمی پەروەردە هەوڵی دەدا گۆڕانکاری قووڵ لە سیستەمی ئەزموونەکاندا بکات، تەوەری ئەزموونەکان سیستەمی کۆنی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی بەهێزتر دەکرد و زیاتر دەیچەسپاند.

گرفتەکە لەوێدایە کە بۆ تەوەرێک بەناوی تەوەری ئەزموون هەبێت؟ بۆ ئەزموون و تاقیکردنەوە لە کوردستاندا ئەو هەموو بایەخەی پێدرێت؟ خۆکوشتنی دەیان منداڵی کوردستان بەهۆی دەرنەچوونیان لە تاقیکردنەوەکان دەبێت ببێتە دەنگی زەنگی ڕاچڵەکین بۆ

هەموو دڵسۆزێکی پەروەردەیی لە کوردستاندا.
ڕیفۆرمکردنی ئەم بوارە و گۆڕینی دید و بۆچوونمان دەبێت ببێتە یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی بەرپرسیاران و دڵسۆزانی سیستەمی پەروەردەیی لە کوردستاندا. ئاخر تا ئێستاش لە تاقیکردنەوەی بەکالۆری شەشی ئامادەییدا بۆت هەیە پرسیار تەرک بکەیت و وەڵامی نەدەیتەوە!! تا ئێستاش لە پرسیار دا بۆشایی دێتەوە!! واتە قوتابی هاندەدرێت کە دەرخ بکات نەک تێبگات!!

### 6. کەمی کاتی کاری مامۆستا

لەو وتارەی لە کۆنگرەکەدا خوێندمەوە باسی ئەوەم کرد کە مامۆستا لە کوردستان ڕۆژی 3 تا 4 کاتژمێر لە قوتابخانەیە لە کاتێکدا لە سوید 7 تا 8 کاتژمێر لە قوتابخانەیە. کەمی کاری مامۆستا وای کردوە کە ژمارەی مامۆستا زۆر بێت و مووچەکەی کەم. ئەم بابەتە خێرا بە سەر کۆنگرەکەدا تێپەڕی و باسی تری لێنەکرا.

من باوەڕم وایەکە مامۆستا لە کوردستان دەتوانێت 7 تا 8 کاتژمێر هەروەک سوید، کاربکات بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێت مووچەکەی بە لایەنی کەمەوە 30 – 50 % زیادبکرێت. دەکرێت تا چەند ساڵێک مامۆستای تازە دانەمەزرێنرێت و کەم قوتابی لە کۆلیژ و پەیمانگاکانی پەروەردەیی و مامۆستایاندا وەربگیرێت بەوەش هەموو کەسێک بە ژمارەیەکی کەمەوە لە خوێندنی مامۆستایان وەرناگیرێت. لە جێگای مامۆستا خانەنیشینەکان کەس دانەمەزرێنرێت. مامۆستاکان لە هەر دوو قوتابخانە دوو



دەوامەکان دەوام بکەن و بەو شێوەیەش لە پۆلێکی 40 – 50 قوتابیدا دوو مامۆستا دەبێت. ئەم ڕیفۆرمە پارەی تێناچێت تەنیا پێویستی بە کارگێڕی و دانانی ستروکتورێکی بونیادگەری هەیە.

### 7. کەمی کاتی قوتابی لە قوتابخانەدا

ئاستی زانستی لە کوردستاندا هاتۆتە خوارەوە، یەکێک لە هۆیەکانی ئەوەیە کە ژمارەی ئەو کاتژمێرانەی کە قوتابی لە قوتابخانەدایە کەمە. بۆ نموونە لە سوید قوتابی دەبێت ساڵی 178 ڕۆژ لە قوتابخانە بێت، هەر ڕۆژەش لە 6 – 8 کاتژمێر کەمتر نییە بە پێی قۆناغە جیاوازەکان. ئەم جیاوازیە گەورەیەی نێوان کوردستان و سوید دا کاریگەری گەورەی هەیە لە سەر جیاوازی ئاستی زانستی لە نێوان قوتابیەکانی کوردستان و سوید دا. من دەزانم کوردستان سوید نیە، بەڵام زۆر کار هەیە پارەی ناوێت، تەنیا بە دانانی کارگێڕی و بوونی ویستی گۆڕانکاری زۆر کاری باشدەکرێت. خەمساردی هەندێ کارمەندی پەروەردەیی ناو کۆنگرەکە بەرهەڵستە لەبەردەم دوارۆژێکی گەشدا بۆ منداڵانی کوردستان. مرۆڤ دەتوانێت کاری زۆر گەورە بکات ئەگەر باوەڕی بەخۆی بێت و ویستی گۆڕانی تێدا بێت. کەم نین ئەوانەی کە هەمیشە گرفت دەبینن پێش لایەنە پۆزەتیفەکان.

### 8. چۆنایەتی یا چەندایەتی؟

گرفتێکی تر کە دەبوایە کۆنگرە لە سەری بوەستایە و بیخستایەتە بەر لێدوان و لێکۆڵینەوەوە، گرفتی زاڵبونی چەندایەتیە بە سەر چۆنایەتیدا. زۆروبۆر هیچ کاتێک

پێشناکەوێت ئەگەر لە قوڵایی باسەکاندا بیر لەوە نەکرێتەوە کە چۆنایەتی چۆن بەرەو پێشەوە ببرێت. کەم و پوخت. لە بری 30 مامۆستای هیلاک و وەرس لە کاری مامۆستایی باشترە 10 مامۆستای دڵسۆز و دڵسوتاو بۆ کارەکە هەبێت. ئەنجامی ئەو 10 مامۆستایە باشتر دەبێت. لە بری نووسینی 4 ئەزموون لە لایەن قوتابیانەوە یەک ئەزموون و یەک کاری بە کۆمەڵ هەبێت باشترە. نموونە زۆرن لە سەر بەلاوە خستنی چۆنایەتی لە بەرامبەر چەندایەتیدا کە دەبێت بە پێچەوانەوە بێت.

### 9. زیرەکی لەسیستەمە کۆنەکەدا نەک لە گۆڕانکاریدا

لە کۆنگرەکە دا هەستم کردکە کارمەندی پەروەردەیمان هەن زیرەکن لەوەی کە هەیە، واتە لە سیستەمە کۆنەکەدا، بەڵام هیچ هێز و توانایەکی گۆڕانکاری و دەستپێشخەرییان تیا نەماوە. نوێکردنەوەی سیستەمی فێرکاری کوردستان پێویستی بەهێزوتوانای تازەی نوێخواز هەیە، پێویستی بە گۆڕینی دیدی مرۆڤ هەیە بۆ ئەوەی پێشنیازەکان بە کەناری ئارامی بڕیارو جێبەجێکردن بگەن.

### 10. چاوبڕینە وڵاتانی نزیک

هەندێک کەسان لە کۆنگرەکەدا زۆر باسیان لەوە دەکرد کە سوود لە ئەزموونی وڵاتانی نزیکی وەک ئێران و سعودیە و ئەردەن ببینن نەک لە سوید و ئەڵەمانیا. ئەرگومێنتیان بۆ ئەم قسەیە ئەوەبوو کە وڵاتە نزیکەکان لە کلتورەکەمانەوە نزیکن. من باوەڕم وایە کە تا لە گێژاوی ناوچە گەریدا بمێنینەوە زیاتر کچە نازدارەکانمان، دوعا، بەناز، شەوبۆ،



فاتیمە، پێلا، ...بەردەباراندەکەین. ئاخر سعودیە لە بنلادن زیاتر چیتری پێشکەش مرۆڤایەتی کردووە؟

بە بۆچوونی من بۆ گۆڕینی سیستەمی فێرکاری لە کوردستاندا دەبێت چاومان لە وڵاتانی پێشکەوتوو دیموکراتی بێت. وڵاتانی وەک سوید و نەرویج و هۆڵەندا ئەزمونی سەدان ساڵی دیموکراتیان هەیە. ئەو وڵاتانە گەنجینەی زانستن کە کوردستان دەتوانێت لە هەموو بوارەکاندا سوودیان لێببینێت.

### 11. بەها بنەماییەکان

لە کۆنگرەکەدا زۆرم هەوڵدا کە بەها بنەماییەکان بخرێتە ژێر باس و گفتوگۆوە، تا ڕادەیەک کاری لە سەرکرا، بەڵام لە بەر گرنگی ئەم بوارە، دەبوایە یەکێک لە تەوەرە سەرەکیەکانی کۆنگرە تەوەری بەهابنەماییەکانی قوتابخانە بوایە. بەداخەوە ئەم کارە نەکرا.

لە کۆتاییدا گرنگە بە لامەوە بڵێم، لە گەڵ ئەو کەموکورتیانەدا، کۆنگرەی پەروەردە سەرکەوتوو بوو، بڕیاری باشی تێدا درا و هەنگاوێکی چۆنایەتی بوو بۆ پێشەوە. بەڵام ڕێگامان سەختە و دەبێت کۆنگرە وەک سەرەتا ببینین بۆ بەرەو پێشەوە چوون و دابینکردنی سیستەمێکی پەروەردەیی و خوێندنی ئاستبەرز کە شایانی منداڵە چاوگەشەکانی خاکی کوردستانی پیرۆز بێت.

2007-06-10

# ڕێبەر لە سیستەمی دیموکراتیدا

## بەشی یەکەم

### پێشخان

پرسی پاشەڕۆژی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگتر و ئاڵۆزتر دەبێت. لە لایەک ویست و ئارەزووی خەڵکی کوردستان و لە لایەک هێزی دژایەتی دوژمنانی سەربەخۆیی خاکەکەی، وەک دوو هێزی دژ بە یەک بەرانبەر یەک وەستاون. لەم بارە ئاڵۆز وچارەنوسسازەدا ڕێبەرانی کوردستان ڕۆڵی گەورە و یەکلاکەرەوەیان هەیە. ئەم نوسینەم هەوڵێکە بۆ کردنەوەی دەرگایەک لە سەر پرسی ڕێبەر بە شێوەیەکی گشتی، بەو هیوایەی کە دەیان دەرگای تر لە سەر ئەم باسە گرنگە بکرێتەوە، چونکە بە داخەوە کتێبخانەی کوردی لەم بابەتەدا زۆر هەژارە.

### ڕێبەری دیموکرات گوێ لە بێدەنگیش دەگرێت

چارەنوس و دواڕۆژی هەر نەتەوەیەک بە توانا و دیدی ئەو ڕێبەرانەی کە بەرهەمیان دەهێنێت، بەندە. ڕێبەرو دەستەی ڕێبەرایەتی دەبنە داڕێژەری ستراتیجی دوور و نزیک، دانانی ئاسۆی ڕووناک و ئاوات و ئامانجی ڕۆشن.

ڕێبەری دیموکرات لە سیستەمی دیموکراتیدا، لە هەر پلەیەکدا بێت، حکومی، حیزبی یا کەرتی تایبەت دەبێت کۆمەڵێ خەسڵەت و توانای تایبەتی تێدا بێت کە بتوانێت بەڕێوەبەرایەتی حکومەتەکەی، حیزبەکەی یا کۆمپانیا تایەتیەکەی پێبکات و لە



لایەک کارەکانی ڕۆژانە بەڕێوە ببات و لە لایەکی ترەوە تازەگەری و پێشکەوتن لە کارەکاندا بکات.

سەرکەوتن و ژێرکەوتنی ڕێبەر لە سیستەمی دیموکراتیدا، بە شێوەی بەڕێوەبەرایەتی بۆ کارەکان، پێوانە دەکرێت. هەموو ڕێبەرێک شێواز و خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە. زۆر ڕێبەر بە توانایە لەوەی کە بتوانێت کاردابەش بکات بە سەر ئەوانەی کە لە نزیکیەوە کاردەکەن و بەو شێوەش کاتەکەی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ دانانی پلانی ستراتیجی تازەگەری و پێشکەوتن. ڕێبەری تر هەیە کە هەموو کارەکان لای خۆی دەهێڵێتەوەو کارێکی زۆری خۆی بە وردەکاریەکانەوە بە سەر دەبات. بەو شێوەیەش وردەکاری جێگە لە کاری ستراتیجی لێژدەکات. لە هەمان کاتدا ئەگەر ڕێبەر هەرخەریکی کاری ستراتیجی و درێژخایەن بێت، ئەوە دووردەکەوێتەوە لە وردەکاریەکان و مرۆڤی ئاسایی نابینێ.

ڕێبەری سەرکەوتوو ئەو ڕێبەرەیە کە بتوانێت هاوسەنگی لە نێوان قوڵبوونەوە لە وردەکاریەکان و ئاسۆ و ئامانجە دوورەکاندا دروستبکات. بۆ نموونە ڕێبەری قوتابخانەیەک دەبێت بزانێت ژمارەی پۆل و مامۆستا و قوتابیەکانی چەندە، دەبێت مامۆستاکان بناسێت و شارەزای لایەنەکانی توانا و لاوازییان بێت. بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت شارەزایی لە سەر سیستەمی دیموکراتی و پرنسیپە دیموکراتیەکان، کە کۆمەڵ بەڕێوە دەبات، هەبێت. دەبێت شارەزایی تەواوی لە بەها بنەماییە بەرزەکانی مرۆڤایەتیدا هەبێت، لەوانە بەرزڕاگرتنی بەهای مرۆڤ، سەربەستی تاکەکەس، یەکسانی ژن و پیاو، بەرابەری مرۆڤەکان و سۆلیداریێتی لە گەڵ ئەو قوتابیانەی پێویستیان بە یارمەتی

هەیە. ئەو هاوسەنگیە دەبێتە هۆی بوونی دیدێکی هەمە لایەنە و سەرکەوتنی لە لایەک لە کاری ڕۆژانەو لە لایەک نوێخوازی و ریفۆرمدا.

ڕێبەری دیموکرات هەموو کارەکانی لە ژێر دەستی خۆیدا ناهێڵێتەوە، بەڵکو دەبێت بڕوای بە سیستەمی دامودەزگایی بێت. دەبێت باوەڕی وابێت کە دامودەزگاکان کاری خۆیان دەکەن و سیستەمەکە ڕێگا لە هەموو کارێکی لابەلا و گەندەڵی دەگرێت. ئەم بڕوایە لە سیستەمی پەرلەمانی و دامودەزگاییدا هەیە، ئەگەر نا، ئەوە بەدامودەزگایی کردنی سیستەمەکە یەکێکە لە کارەهەرەگرنگەکانی ڕێبەرودەستەی ڕێبەرایەتی.

توانای بڕیاردان، سەربەخۆیی و سەرکەوتویی سەرۆک و ڕێبەر دەردەخات. بزربوونی پرس و ڕاکردن و نەبوونی گوێگرتن، لە پتەوی و بنەمای بڕیارەکە کەمدەکاتەوە. ڕێبەری باش گوێگرێکی باشە. توانای هەیە گوێ لە بێدەنگی بگرێت، وشە نەنوسراوەکان ببینێت، دێرە نەنوسراوەکانی نێو دێرە نوسراوەکان بخوێنێتەوە. پێش بڕیاردان گرنگە ڕێبەر گفتوگۆی هەمە لایەنە لە گەڵ دەوروبەردا بکات و تەنیا گوێ لەوانە نەگرێت کە بەڵێ – وتەنین.

بەڵێ – وتەنیەکان زەرەرمەندترین گروپن لە بەردەم بڕیاری هەمەلایەنەی ڕێبەردا. نموونەی ئەو ڕێبەرانە زۆرن کە تەنیا بەڵێ- وتەنیەکان لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە. لەبەردەم سەدام حسەین و هیتلەر و ستالین دا تەنیا بەڵێ – وتەنیەکان دەبینران و جێیان دەبۆوە. هەر ئەوانیش دەیان بڕیاری هەڵە یان دەدا کە زەرەرێکی ماڵوێرانکەر بوو بۆ وڵاتەکانیان.



هەڵبژاردنی کەسی گونجاو بۆ جێگای گونجاو ئەرکێکی گەورەی ڕێبەری دیموکراتە. کۆکردنەوەی هاوڕێ و ناسیاو لەدەوروبەری ڕێبەر کارەکان سست دەکات و نوێخوازی بوونی نامێنێت. توانای دەستپێشخەری و پێشکەوتن کەمدەبێتەوە و پەیوەندی جێگەی پرۆفیشوناڵ و بەتوانایی دەگرێتەوە.

چۆنیەتی چارەسەرکرنی ململانێ و بیروبۆچوونی جیاواز لە ڕێکخراوێکدا توانا و هێزی ڕێبەر دەردەخات. ڕێگەنەدان لە بیروبۆچوونی جیاواز ڕێکخراوەکە لە دیموکراتیەت و شەفافیەت دووردەخاتەوە، لە هەمانکاتدا ڕێگەدان بە گەورەبوونی ململانێ و پشتگوێخستنی گیروگرفت، کێشەکان گەورەتر و قووڵتر دەکاتەوە. ڕێبەری دیموکرات دەبێت توانای چارەسەرکردن و دۆزینەوەی هاوسەنگی هەبێت. ترسان لە بەرەوڕووبونەوەی بۆچوونی جیاواز یا چارەسەرکردنی بەبەکارهێنانی هێز، ڕێکخراوەکە یا دەزگاکە سست و لاواز دەکات و هەموو نوێخوازی و پێشکەوتنێک دەکاتە قوربانی بێدەنگی و زاڵبوونی ترس لە ناو تاکەکاندا.

ڕێبەردەبێت توانای هەبێت وزەو توانای نوێ بخاتە ناو شوێنی کارەکەیەوە. دەبێت تاکەکان هانبدات بۆ ئەوەی هەوڵبدەن بۆ ئامانجە سەرەکیەکان و هەمووکات ئاسۆخواستبن.

ئاسۆی ڕێبەر، ئاسۆی ڕێکخراوەکەیە. ڕوونی ئاسۆ لە ناو ڕێکخراوێکدا هەنگاوێکی گەورەیە بۆ دۆزینەوەی ستراتیجی گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکیەکان.

لە قوتابخانەیەکدا گرنگە کە هەموو مامۆستاکان زانیاریان دەربارەی ئاسۆی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە هەبێت. لە ڕێکخراوێکی سیاسیدا، دەبێت ئەندامان شارەزایی ئامانجی دوور ئاسۆی سەرۆک بن. لە تیپێکی تۆپتۆپێندا دەبێت یاریزانان بە وردی لە تاکتیکی داڕێژراوی ڕاهێنەر تێگەیشتبێتن و وتەکانی ڕاهێنەر ببێتە بزوێنەری هەموو تیپەکە.

کەسایەتی ڕێبەر و قورسایی ڕێنماییەکان دەبێت هێڵێکی سوور بێت و بەهەموو ڕێکخراوەکەدا بچێتە خوارەوە. ئەو ڕێبەرەی کە خاوەنی کەسایەتیەکی لاوازە، تەمەنی ڕێبەرایەتیەکەی لە سیستەمێکی دیموکراتیدا کورت دەبێت. کەسایەتی بەهێز دوورە لە بەکارهێنانی هێزو زەبروزەنگەوە. بەپێچەوانەوە، بەکارهێنانی زەبروزەنگ نیشانەی لاوازی کەسایەتیە. هەربۆیە تۆتالیترین سەرۆک لەکاتی دەستبەسەرکردن و گرتن و شکستیدا لاواز و ترسنۆک و خۆپەرستن. دادگایکردنەکانی ئەنفال و دوجەیل لاوازی و بێهێزی ڕێبەرە تۆتالیتێرەکانی ئێراقی دەرخست. ئەو ڕێبەرانە بە درێژایی بەشداربونیان لە بەڕێوەبردنی ئێراقدا هێزیان بەکاردەهێنا، ئەنجامەکەشی وڵاتێکی کەلاوەئاسا و میللەتێکی برسی لێکەوتەوە.

## بڕیاردان

لە بڕیاردانا دەبێت ڕێبەر هەنگاوێک لە پێش ئەوانەوە بێت کە ڕێبەرایەتیان دەکات، بۆ نموونە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک دەبێت بیروبۆچوون و دیدی گشتبینی لە پێش مامۆستاکانی قوتابخانەکەیەوە بێت، ئەو پێویستیە بڕیاردان ئاسان دەکات. ڕێبەر کاتێک ڕێبەرایەتی دەکات کە ئاوڕی دایەوە لەدوایەوە خەڵک هەبێت. لە ڕێبەرایەتی کردنیا ئاوات و ئامانجی ڕوون و



ئاشکرای هەبێت. لێڵی و نادیاری ئامانجەکان دوودڵی و بێباوەری دروستدەکات بە تایبەتی ئەگەر ڕێبەرایەتی ڕێکخراوێکی سیاسی بێت.

لەسەرخۆیی و هێمنی ڕێبەر لەکاتی ڕوودانی کارەساتی گەورەدا مەرجە بۆ بڕیاردانی بڕیاری ڕاست و چارەنوسساز. سەرلێشواوی ڕێبەر لەکاتی هەڵکردنی گێژەڵوکەیماڵوێرانکەردا کارەساتی لێدەکەوێتەوە کە لەوانەیە چارەسەرکردنی لەپاشەرۆژدا ئاستەنگ بێت.

هەموو بڕیارێکی گرنگ دەبێت ڕێبەر پێشکات بیر لە لایەنی لاوازو لایەنی بەهێزی بکاتەوە. هیچ بڕیارێکی گرنگ نیە کە تەنیا لایەنی باشەی هەبێت بەڵکو هەموو بڕیارێکی گەورە ئازاری لاوەکی لەگەڵ خۆی دەهێنێت، زۆرجار بڕیاری ڕاست لە ئایندەیەکی نزیکدا لایەنە گەشەکانی دەرناکەوێت بەڵکو زیاتر گرفتە تەمەن کورتەکان دەبینرێت. خۆڕاگری بەڕێوەبەر، ڕێبەر یا سەرۆک لەوکاتانەدا مەرجی سەرکەوتنی بڕیارەکەیە. هەموو بڕیارێک بەدواچوونی گەرەکە. هەڵنەسەنگاندنی بڕیار لەکاتی خۆیدا یا بڕیاری خراپی بەدوادا دێت یا گشتبینی وندەکات. بڕیاری ستراتیجی تەنیا لە لایەن سەرۆک، ڕێبەر و پێشەوای بیرفراوان و ئازاوە دەدرێت. مرۆڤی گەورە کار لەگەڵ پرسی گەورەدا دەکات، مرۆڤی بچوک بڕیاری ستراتیجی پێنادرێت.

ڕواننیەگەلی و گشتبینی مەرجی سەرەکین بۆ بڕیاردانی ستراتیجی. ڕێبەری بەتوانا هەمە لایەنبینە. بەبێ ئەو دیدە بڕیارەکان کاڵ و کرچ و ناتەواو دەبن. ئامانجەکان دوور دەخەنەوە و ئاواتەکان کاڵدەکەنەوە.

وردبینی و بیرکردنەوە خەسڵەتی گرنگی ڕێبەری باشن.
بەڕێوەبەری کارگەیەک یا کۆمپانیایەک، بۆ ئەوەی بڕیارەکانی سوودبەخش بن، دەبێت وردبین بێت، لەماوەیەکی کەمدا سوود و زیانی پڕۆژەیەک ببینێت. ئەگەر نا، ئاساییە کە ڕاوەستان لە بیرکردنەوە و دڵەڕاوکێ لە بڕیارداندا لە شەمەندەفەری سوودبەخشی پڕۆژەیەکی گەورەی بەجێبهێڵێ .

ڕاوێژکردن بە دەستەی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک، ڕێکخراوێک یا کۆمەڵەیەک زامنی بڕیاردانێکی باش و جێبەجێکردنێکی سەرکەوتووە. هەموو بڕیارێکی تاکەکەس و دیکتاتۆریانە لە ئاییندە دا ئەنجامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە. ڕێبەری ئازاو وردبین خاوەنی توانایەکی گەورەی ڕاوێژکردن و گوێگرتنە. ڕاوێژکردن تاکاتی بڕیاردان مەرجن بۆ پەیداکردنی پشتیوان بۆ بڕیارەکان و ئاسانی جێبەجێکردنیان. لە هەمانکاتدا، چەند ڕاوێژکردن و گوێگرتن گرنگە ئەوەندەش گرنگە کە کاتی بڕیاردان هات، سەرۆک بەرپرسیارێتی وەربگرێت و ببێتە خاوەنی دەنگ و بڕیار. وەستان و دڵەڕاوکێ کاتێکی بەنرخ لە دەستدەدات. ڕێبەری وردبین دەزانێت کەی کاتی ڕاوێژکردنە و کەی کاتی بڕیاردان. دۆزینەوە و بینینی کاتی گونجاو لە خەسڵەتە پێویستیەکانی ڕێبەری گەورەن.

ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی بناغەی بڕیار لە ئەرکەکانی ڕێبەری دیموکراتە. ڕێبەری گەورە پیداگۆکێکی بەتوانایە. خاوەنی بەهرەیەکی تایبەتە لە شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی بارودۆخی سوبێکتیڤی و ئۆبێکتیڤیە. شیتەڵکردنەوەی هێمنانەی



هۆکارەخۆییەکان و دەرەکییەکان لە پێش بڕیارداندا، لە ڕێزی بڕیارەکە لە ناو دەستەی بەڕێوەبەرایەتیدا زیاد دەکات.

## ڕێبەری بە توانا

بە شێوەیەکی گشتی ڕێبەر خاوەنی زانیاری زیاترە لە دەستەی بەڕێوەبەرایەتیەکەی. بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک زانیارییەکی زۆری بۆ دێت لە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەوە. شێوەی بەکارهێنانی ئەو زانیاریانە دڵفراوانی یا بەرچاوتەسکی ئەو بەرێوەبەرە دەردەخات. بەکارهێنان و شاردنەوەی زانیاریەکان وەک چەک بۆ ڕێبەرایەتی لە خەسڵەتی ڕێبەری گەورەدا نیە. دڵفراوانی و دابەشکردنی زانیاری لە ناو دەستەی بەڕێوەبەرایەتی و مامۆستایاندا بەرچاوڕوونی مامۆستایان و گەورەیی بەرێوەبەرەکە بەرهەمەکەیەتی.

خۆبەزلزانینی ڕێبەر، لە گەورەیی ڕێبەرکەمدەکاتەوە. ڕێبەری دیموکرات لە سیستەمی دیموکراتیدا پێویستی بەخۆ گەورەکردن و لوتبەرزی نیە، بەڵکو مرۆڤی بەرچاو ڕۆشن و ئاساڕەفتارن لە ناو کۆمەڵدا. ئولوف پاڵمێ ی سەرۆکوەزیرانی کۆنی سوید لە ناوخەڵکدا خۆشقسە و ئاساڕەوشتبوو. لە یەکێک لە وتارخوێندنەوەکانیدا مناڵێک چووە بەردەمی، تا لە وتارەکەی بۆوە دەستی لە ناو دەستی مناڵەکەدا بوو. چەند بە لایەوە وتارەکەی گرنگ بوو، ئەوەندەش دەستگرتن و گرنگیپێدانی منداڵەکەی بەلاوە گرنگ بوو. ڕێزگرتنی ئولوف پاڵمێ لەو منداڵە، ڕێزگرتن بوو لە خۆی. لەناو میللەتی سویدیشدا ئێستاش بەڕێزەوە باس لەو ڕووداوە دەکرێت و وەک نموونەی گەورەیی پاڵمێ سەیردەکرێت.

سەرۆک دەبێت خاوەنی هەست و هوشیاریەکی گەورە بێت، بەئاسانی بتوانێت خۆی بخاتە جێگای خەڵکەکەیەوە و هەست بە ئازارو پێویستیان بکات. ئەگەر سەرۆک منداڵێکی کۆمەڵەکەی نەبینێت و ئێمپاتی بۆ ئەشکەنجەکانی نەبێت، ناتوانێت ببێتە سەرۆکێکی خاوەن بەهابەرز. ئەو کۆمەڵەی کە منداڵەکانی خاوەن تەندروستن، خاوەنی سەرۆکێکی رەفتاربەرز و بەهەستن.

ریبەری دیموکرات خاوەنی توانای لێبوردنە، دوورە لە دڵڕەقی و پەنگخواردنەوە. بە مێشکێکی کراوەوە ڕەفتار لەگەڵ ڕابوردوو و داهاتوو دا دەکات. توانای هەیە لاپەڕەی تازە هەڵبداتەوە و لێبوردنی هەبێت. لێبوردن و لەبیرچوون دوو شتی جیاوازن لەیەکتر. سەرۆکی بەتوانا لێبوردنی هەیە بەڵام لەبیرچوونی نییە. بەلەبیرچونەوە وانە و پەندە مێژووییەکان وندەبن.

## شێوازە جیاوازەکانی ڕێبەرایەتی

ڕێبەر جۆری زۆرە، لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەم پەنا دەبەمە بەر نموونەیەکی دیار: ئەگەر ڕێبەرێک لەگەڵ کۆمەڵێک لەخەڵکەکەیدا بەناو دارستانێکدا بڕوات، شێوەی هەڵسوکەوتی ڕێبەرەکە بۆ دۆزینەوەی باشترین ڕێگا، تواناو وردبینی ڕێبەرەکە دەردەخات.

ڕێبەر هەیە لە دارستانەکەدا پێش هەموان دەکەوێت ، ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوانەی دواوەی. ئەم جۆرە ڕێبەرانە لەخۆبوردوو خۆشەویستن بەڵام سەختە بتوانن هەموو ڕێگاچارەکان بدۆزنەوە. ئاساییە لە وەردەکارییەکاندا ونبن و ڕێگاکان ونبکەن. ئەم ڕێبەرانە ریسک وەردەگرن و ژیانیان بۆ کۆمەڵەکەیان، بۆ گەلەکەیان دەخەنە سەردەستیان، بەڵام گشتبینی وندەکەن و



کاریان دەبێت بە فیداکاری و خۆبەخشی لەبری دۆزینەوەی چارەسەری ستراتیجی و دووربینی.

ڕێبەر هەیە لە دارستانەکەدا لەدوای هەموانەوە دەڕوات و سەیری ڕاستو چەپی خۆی دەکات، هاوار دەکات بۆ لای ڕاست بڕۆن، بوەستن، بۆ لای چەپ. ئەم ڕێبەرانە وردبینن بەڵام ئامانجی ستراتیجیان نیە، بەڵکو تەنیا ئامانجی تاکتیکی و کورتیان هەیە.

ڕێبەر هەیە لە دارستانەکەدا، هەمویان ڕادەگرێت و خۆی دەچێتە سەرداریکی بەرز، بەچواردەوری خۆیدا سەیر دەکات، ئاسۆ دەدۆزێتەوە، ڕێگاکان دیاری دەکات، گشتبینە. پلان دادەنێت و پاشان خەڵکەکەی بەرەو ئاسۆ و ئاوات و ئامانجەکان، دەخاتە جوڵە.

دەکرێت زۆر زیاتر لە سەر ئەو نموونەیەی سەرەوە قسەبکرێت و زیاتر لە باسەکەدا قوڵبینەوە چونکە دەبینرێت شێوەی ڕەفتاری ڕێبەر، لە بارودۆخێکی نائاساییدا کاریگەری گەورەی دەبێت لە سەر ژیان و مان و نەمانی میللەتێک. سەرۆک، ڕێبەر، وەزیر، بەڕێوەبەری قوتابخانە یا بەڕێوبەری کارگەیەک هەموو کات لەچەقی کارەساتەکاندا دەبینرێت. هەموو جوڵاندنەوەیەکی جێگەی سەرنجە. مرۆڤێکی ئاسایی نیە کە بە ئاسانی لەناو ماسەدا (کۆمەڵانی خەڵکدا) ونبێت.

ڕێبەری دیموکرات هەموو وردەکارییەکان لە ژێردەستی خۆیدا ناهێڵێتەوە. توانای هەیە زۆر لە کارەکان دابەشبکات و خۆی سەرپەرشتی بکات. ئەو ڕێبەرەی باوەڕی بە دەوروبەرەکەی

نەبێت و هەموو کارەکان لای خۆی بهێڵێتەوە چۆنێتی کارەکانی باش نابێت. لە هەمانکاتدا ڕێبەری گەورە لە کاتی گەردەلولدا تەنیایە. دەبێت بێترس بەرپرسیاریەتی بخاتە سەرشانی خۆیی و بڕیاردات.

ڕێبەری دیموکرات کەللەڕەق نیە، دەنگ بەرزناکاتەوە، تورەنیە، قین لەدڵ نیە. هێمن و ڕووخۆش و خاوەن توانایەکی کۆمەڵایەتی بەرزە. ڕێبەر گاندی لە ژیانیدا لە کەس تورە نەبووە، ماندێلا قین لە دڵ نیە. لە هەمانکاتدا لە زۆر ڕێبەری جیهان زیاتر گوێیان لێگیراوە.

ڕێبەری دیموکرات خاوەنی هەست و توانایەکی تایبەتە بۆ ئەوەی مرۆڤی بەتواناو ڕەوشت بەرز لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە.

هەر ڕێبەرێکی نادیموکرات توندوتیژی بەرامبەر گەنجی وڵاتەکەی بەکاربهێنێت، ڕیسکی (مەترسی) ئەوە هەیە کە لە دواڕۆژدا دە ئەوەندە لە ڕێگەی توندوتیژییەوە کۆتایی بە ژیانی بێت. کۆتایی هێنان بەژیانی سەدام حسەین و کوڕەکانی بەو توندوتیژییە، ئەنجامی بەکارهێنانی توندوتیژی بوو لە لایەن ڕژێمە خوێناویەکەیانەوە. کۆتایی هێنان بە ژیانی هیتلەرو مۆسۆلینی لەسەر هەمان یاساوڕێسا بەڕێوە چوون.

کلتوری وڵاتێکی دیموکراتی بەهای بەرزی مرۆڤایەتی بە دانیشتوانەکەی دەدات. بەهابنەماییە بەرزەکانی وەک یەکسانی، بەرابەری ژن و پیاو، بەرزڕاگرتنی ژیان و یارمەتی ، دڵفراوانی و لێبوردن لە وڵاتێکی دیموکراتی وەک سوید دا ڕەنگدانەوەی لە شێوەی ژیانی خەڵکەکەدا هەیە. خوێندنەوەی کتێب موراڵی بەرز



بە خوێنەر دەدات. ئەو کەسانەی کە زۆر کتێب دەخوێننەوە خاوەن موراڵ و ویژدانێکی باڵان. بۆ نموونە زۆربەی ئەو تورکانەی کە زۆر دەخوێننەوە باوەڕیان وایە کە نەتەوەی کورد مافی بڕیاری چارەنوسی خۆی هەیە. ئەو تورکانەی کە نەخوێندەوارن یا ناخوێننەوە دوژمنی سەرسەختی نەتەوەی کوردن. ڕێبەری دیموکرات هاندەری خەڵکەکەیەتی کە بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی ببنە خاوەن موراڵێکی بەرزو بڵند.

لە کوردستاندا، بەهۆی ئەو ستەمە مێژووییە گەورەیەی بەرامبەر گەلی کوردستان، بە هەموو نەتەوە و ئایین و مەزهەب و توێژە کۆمەڵایەتیەکانیەوە کراوە، بارودۆخێکی هیوا ئامێز و لە هەمانکاتدا ترسناک دروستبووە، ئەم کاتە مێژووییە چارەنوسسازە کارێکی وایکردووە کە بە جیاوازی ڕێکخراو و ئایدۆلۆژی و مەزهەبەوە یەک ئاسۆ و ئاوات کوردستانیانی کۆکردۆتەوە، ئەویش دابینکردنی دواڕۆژێکی ڕووناک و گەشەدارە بۆ نەوەی نوێی خاکەکەمان. لە پرسی ئەم پرۆسەیەدا، وردبینی ڕێبەرایەتی کردنی گۆڕانکاریەکان و هەڵبژاردنی ڕێگا و ستراتیج لە لایەک و بەشداری دڵسۆزانە و دروستکەرانەی هەموان لە لایەکی تر تەنیا چارەسەرە بۆ بە هەمیشە شەکاوەیی ئاڵای پیرۆزی کوردستانی دیموکرات.

2007-04-30

# ڕێبەر لە سیستەمی دیموکراتیدا

## بەشی دوو

سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕێگە خۆشدەکات بۆ ئەوەی جۆرێکی تایبەتی لە ڕێبەر، ڕێبەرایەتی وڵاتێک بکات. شێوەی ڕێبەرایەتیەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئاستی ڕێگەپێدانی کۆمەڵگاوە بە دانی دەسەڵات بە ڕێبەرەکە، هەیە . لە سیستەمێکی دیموکراتیدا، دیمۆکراتی تەنیا لە دەسەڵاتی سیاسیدا نیە بەڵکو دیاردەکە بە پانتایی دەماروخوێنی هەموو کۆمەڵگادا بڵاوبۆتەوە. وڵاتێک هەرگیز سەرکردەی دیکتاتۆری نابێت ئەگەر لە خێزاندا دیکتاتۆرێک نەبێت. ستروکتوری خێزانەکان، ستروکتوری دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵگا دروستدەکات. ئەگەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ڕێگای بە دیکتاتۆریەتی پیاو لە خێزاندا، بەڕێوەبەر لە قوتابخانەدا، مامۆستا لە پۆلدا دابێت ئەوە پەیوەندیە سیاسیەکانیش ڕێگا بە دیکتاتۆریەتی ڕێبەری وڵات لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەدات. وەک دەوترێت کۆمەڵگا شایانی ئەو سەرۆکانەیە کە هەیەتی. دەسەڵاتی پیاوسالاری و ستروکتوری سیستەمی نەخوێندەواری لە عێراقدا، سەدام حسێنی بەرهەم هێنابوو.

کاتێک هەڵەبجە کیمیابارانکرا مامۆستایەکی سویدی هاوڕێم لە ستۆکهۆڵم هات بۆ لام و وتی باشە ئێوە بۆ ڕێگەتان داوە بە سەدام کیمیابارانتان بکات؟ لە فەرهەنگی دیموکراتی ئەو هاوڕێیەمدا کیماویبارانی وڵات لە لایەن ڕێبەرەکەیەوە نەبوو. ئاستەم بوو



بۆی بیر لەوە بکاتەوە کە سەرۆکانی وڵات وەک ئولوف پاڵمێ و ئینگڤار کارڵسۆن کیمیاویبارانی شارێکی سوید بکەن. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لای ئەو مامۆستایە بوونی نەبوو. لە عێراق نەک هەر بیرکردنەوەکە بەڵکو کردارەکەش ڕوویدا لە بەرئەوەی لە فەرهەنگی دیکتاتۆری وڵاتدا کۆمەڵگا دەستی سەدام حسێنی واڵا کردبوو بۆ ئەو کارەی کە خۆی بڕیاریبدایە. هیچ تۆڕێکی کۆمەڵایەتی یا سیاسی نەبوو کە سەدام لە جوڵە بخات.

زەبروزەنگ لە عێراقدا لە گەڵ سەدام دا نەهات و بە نەمانی سەدامیش کۆتایی نەهات. بەڵام سەرکردە دەتوانێت کاریگەری هەبێت، هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهێز یا لاواز بکات. سەدام دیاردەی زەبروزەنگی لە عێراقدا بەهێزکرد. نیڵسۆن ماندێلا دیاردەی زەبروزەنگی لە ئەفەریقای باشوور دا لاوازکرد.

لە ئەفسانەیەکدا دەگێڕدرێتەوە کە ڕۆژێک دەرمانی شێتی دەکرێتە تانکی ئاوی شارێکەوە، خەڵکی شارەکە هەموویان شێت دەبن، تەنیا ماڵی پاشا نەبێت چونکە ئەوان لە ماڵەکەی خۆیاندا بیرێکی ئاوی خۆیان دەبێت. پاشا کە سەیردەکات شار هەمووی شێت بووە، خەڵکەکەی کۆدەکاتەوە و قسەیان بۆ دەکات و بۆیان ڕووندەکاتەوە کە هوشیار ببنەوە و هۆش بە خۆیاندا بێننەوە و ماوەیەک لە ماڵەوە بن تا کاریگەری دەرمانی شێتییەکە نامێنێت. خەڵکەکە کە هەموو وەک یەک شێت ببوون لە قسەکانی پاشا تێناگەن و دەڵێن پاشا شێت بووە. پاشا زۆر بێتاقەت دەبێت و بە ژنەکەی دەڵێت من واز لە پاشایەتی دەهێنم، ئەم خەڵکە بە من چاک نابن. ژنەکەی پێیدەڵێت واز لە پاشایەتی مەهێنە، بڕۆ تۆش هەمان ئاوی شێتی، کە خەڵکەکە خواردویەتیەوە، بیخۆرەوە ئەو

کات وەک ئەوانت لێدێت و ڕێبەرایەتی کردنیان زۆر ئاسان دەبێت.

کورد دەڵێت کە چوویتە شاری کوێران دەست بە چاوتەوە بگرە، هیچ بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی وڵاتێکی دیکتاتۆری ناتوانێت ببێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی سوید. تۆڕی سیستەمی دیموکراتی سوید ڕێگەی پێنادات دیکتاتۆر بێت، ڕێگەی پێنادات لە قوتابیەکان تووڕە بێت، ڕێگەی پێنادات قوتابخانەکەی ئاوی خواردنەوەی بۆ قوتابیەکانی نەبێت. قوتابخانەکانی سوید شیاوی بەڕێوەبەرێکی دیکتاتۆری نین چونکە سیستەمی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی سیستەمێکی دیموکراتیە، مرۆڤەکانی بەبێ جیاوازی یەکبەهان.

جێگۆڕکێی ڕێبەر لە سیستەمی دیموکراتیدا کارێکی ئاسانە و دوای هەڵبژاردن، دوور لە هەموو ڕووداوێکی دراماتیکی ڕوودەدات. لە بەرئەوەی ڕێبەرەکان لە سیستەمەکەی خۆیان بە باشی گەیشتوون. دەسەڵات نزیکیان دەخاتەوە لە کۆمەڵگاکەیان. لە سیستەمی دیکتاتۆریدا ڕێبەرەکانی وردە وردە دووردەکەونەوە لە کۆمەڵگا، تا وایان لێدێت نازانن شێوەی گوزەران و ژیانی خەڵک لە وڵاتدا چۆنە، کۆمەڵێک دەستوپێوەندی بەڵێ– وتەنی لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە و ئەو وێنەیە دەدەنە دەست سەرۆک کە سەرۆک دەیەوێت بیبینێت.

لە سەرەتای ساڵانی 1800 کاندا، لە فەرەنسا، کاتێک فەرەنسییەکان دژی برسێتی و نەبوونی خۆپیشاندنیان دەکرد و دەیانوت نانمان نییە بیخۆین، ژنی سەرۆک پێیدەوتن ئەی بۆچی لە بری نان، کێک ناخۆن.



لە وڵاتێکی دیموکراتیدا ڕاستیەکان لێوانلێون بە ژیانی کۆمەڵگا، لە وڵاتێکی دیکتاتۆریدا ڕاستیەکانی سەرۆک، تەنیا ڕاستین. هەموو پرسیار دانانێک لە سەر ڕاستیەکانی سەرۆک کۆمەڵێک گرفت بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەر لەدەستدانی کارەوە تا لەدەستدانی ژیان.

لە پشت هەر بۆچوونێکەوە ڕاستیەک هەیە. بە بەپراکتیزەکردنی بۆچوونەکە ڕاست و چەوتی گونجاندنەکە دەردەکەوێت. ڕێگەگرتن لە وتنی ڕاستیەکان یان چەواشەکردنیان کۆمەڵگا تووشی شیزۆفرۆنیا دەبێت.

لە شەڕەکانی کەنداودا شاردنەوەی ڕاستیەکان و شێواندنیان هەموو گەلانی عێراقی تووشی نەخۆشی دووکەسایەتی کردبوو. ڕێبەرەکانی عێراق ببوونە نموونەی ئاشکرای شاردنەوەی ڕاستیەکان. باشترین ڕێبەری عێراقی سەرلێشواوترین و دوورترین کەس بوو لە ڕاستیەکانەوە. وەزیری ڕاگەیاندن وەزیری چەواشەکردن بوو.

لە وڵاتێکی دیموکراتیدا بچوکترین چەواشەکردن و شێواندنی ڕاستیەکان، لەلایەن ڕێبەرانەوە، لە هەموو ئاستەکاندا، لێکۆڵینەوە و چاودێریکردنەوەی لێدەکەوێتەوە. تۆڕی کۆمەڵایەتی و سیاسی گوڵبژێری ڕاستیەکان دەکات. ڕێبەرەکان یا دەبێت ڕاستگۆ بن یا نابێت ڕێبەر بن. هەندێکجار بارودۆخی سیاسی یا کۆمەڵایەتی، ڕێبەرێک ناچار دەکات کە هەموو ڕاستیەکان نەڵێت، واتە مەرج نیە هەموو ڕێبەرێکی دیموکراتی هەموو ڕاستیەکان بڵێت، بەڵام هەرچییەکی وت دەبێت ڕاست بێت.

ڕێبەر لە سیستەمی دیموکراتیدا هەمووکات یاسا بە سەروەر دەزانێت، یاسای هەڵبژاردن و ئەنجامەکەی دەستنیشانی کاتی بەجێهێشتنی کورسی دەسەڵات دەکات. زۆرجار پێش بڕیاری یەکلاکەرەوەی هەڵبژاردن، سەرۆکی پارتێک، لە ئەنجامی گوێگرتن لە دەوروبەرەکەی واز لە سەرۆکایەتی پارتەکەی دەهێنێت. هەندێکجار لە ئەنجامی خۆشەویستی و ڕێزدانان بۆ ژیان و گەورەیی ڕێبەرێک بەبێ هیچ شێوەیەکی دراماتیکی ڕێبەر کورسی دەسەڵات بەجێدێڵێت. ماندێلا بەو گەورەییەی خۆی ، لە بەهێزترین کاتی دەسەڵاتیدا، پشتی لە دەسەڵاتکرد، هەرچەندە هێشتا مانەوەی پێویست بوو بەڵام تێگەیشتنی بۆ بەرزی ژیان و دانی دەرفەت بە نەوەی نوێ وایلێکرد بکشێتە دواوە.

### ڕەخنە لە ڕێبەر

ڕێزگرتن لە ڕێبەر نابێت بواری ڕەخنەگرتن تەسک بکاتەوە. خۆشەیستی بۆ پارت و ڕێکخراوێک لە سیستەمی دیموکراتیدا نابێتە ڕێگەخۆشکردن بۆ گەندەڵی لە ناو پارت و ڕێکخراوەکەدا.

لە هەمانکاتدا ڕێبەری ڕێکخراوێک، سەرۆکی کۆمپانیایەک یا بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک ئەگەر زۆر گوێی لە ڕەخنە گرت و بە پێی هەموو ڕەخنەکان بڕیارەکانی گۆڕی، ئەو کات ڕێبەر دەبێت بە کەسێکی پۆپۆلیست و تەنیا بۆ ڕازیبوونی دەوروبەرەکەی ئاسۆ و ئامانجەکان لەدەستدەدات. ئەم بۆچوونە بۆچوونی زۆر لە ڕاهێنەری تیپی میللی وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەرزشییە.

لەکاتی ڕەخنەگرتن لە ڕێبەرێک گرنگە بیرلەوە بکرێتەوە کە کێ ڕەخنەکە دەگرێت؟ بۆ دەیگرێت؟ مەبەستی چییە؟ زۆر کەس هەیە



کە ئاواتێتی سەرنەکەویت. ناکرێت مرۆڤ هەر بیر لەوە بکاتەوە، ئەگەر وا بێت، دەبێت مرۆڤ بەرپرسیارێتی ڕێبەری وەرنەگرێت. ڕەخنە هەندێجار وادەکات کە ڕێبەر نەوێریت لە کاتی کارکردندا بڕیار بدات. هەندێجار بڕیاری هەڵە باشترە لە بڕیار نەدان و دروستکردنی سستی و بێ هیوایی لە کۆمەڵگادا. بەکارهێنانی دەسەڵات لە کاتی پێویستدا گرنگە، بەڵام خراپ بەکارهێنانی جاری وایە کارەساتی لێدەکەوێتەوە. گەورەو بچوکی دەرئەنجامی خراپبەکارهێنانی دەسەڵات پەیوەندی بە جۆری کاری ڕێبەرەوە هەیە. بۆ نموونە دەرهێنەرێکی سینەمایی یا شانۆگەریەک پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی ئەکتەرەکانەوە، کە بەڕێوەیان دەبات، هەیە. بڕیاری دەرهێنەر دەبێتە یاسای ئەکتەر. بەڵام بەڕێوەبەرێکی گشتی لە فەرمانگەیەکدا کاریگەری گەورەی نیە لە سەر ژیانی فەرمانبەرەکان، تەنیا کاریگەریەکەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە شێوەی کارەکەوە هەیە و پێویست ناکات هەموو ڕۆژێک هەموو فەرمانبەرەکان ببینێت.

هەموو ڕێبەرێک مرۆڤێکی ئاساییە و جێگای ڕەخنەیە، بەڵام ڕەخنەش دەبێت بیناکرابێت لەسەر فاکتا (زانیاری ڕاست). ئەگەر نا، دەکرێت ڕەخنەکە بەلاوە بنرێت و گوێی پێنەدرێت، ئەگەر بکرێت و کارنەکاتە سەر چۆنیەتی پەیوەندیەکان لە کارکردندا.

هەموو ڕێبەرێک دەبێت ئەنجامی کارەکەی دیار بێت. ڕێبەرێکی ڕێکخرایێکی سیاسی دەبێت ساڵ لە دوای ساڵ ڕێکخراوەکەی تۆکمە تر و بەهێزتر کردبێت، ئەگەر نا، دەبێت ڕێبەرێکی بە توانای تر جێگەی بگرێتەوە. بەڕێوەبەرێکی قوتابخانە دەبێت ئەنجامی کارەکەی بە پێشکەوتنی قوتابخانەکەیەوە دیار بێت. ئەگەر پێشکەوتنی قوتابخانەکە لە ماوەی چەند ساڵێکدا بەدی نەکرا،

ئەوە ئەو بەڕێوەبەرە سەرکەوتوو نییە. ئەگەر ئەنجامی قوتابیانی قوتابخانەکەی ساڵانە باشتر نەبوو ئەوە بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو نییە. دەبێت چیبکات بۆ ئەوەی باشی بکات؟ ئەگەر وەزیرێک لە وەزارەتەکەیدا پاش دوو سێ ساڵ جێگە پەنجەی پێشکەوتن و چاکسازی لە وەزارەتەکیدا بەدی نەکرا، دەبێت لە پێش هەموو کەسێکدا خۆی لە خۆی بپرسێت کە بۆ لە کارەکەیدا سەرنەکەوتووە.

هەموو ڕێبەرێک دەبێت چاوەڕوانی ڕەخنە بکات، بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە ڕەخنەکە لە کوێوە دێت و لە کێوە دێت! بۆ لەو کاتەدا ڕەخنەکە دەگیرێت! ئەگەر هەمان ڕەخنە جار لە دوای جار گیرا دەبێت ڕێبەر بە وردتر بیری لێبکاتەوەکە لە کام بڕیاری گیراوە، دەبێت هۆیەک هەبێت، دەشێ بڕیارێکی هەڵەی تێدابێت.

**ڕێبەر و بەرپرس**

ڕێبەر و بەرپرس دوو شێوەی جیاوازی بەڕێوەبەرن، ڕێبەر کەسێکە کە لە ڕێگەی پەیوەندییەوە بە کۆمەڵگاوە بەڕێوەبەرایەتی دەکات. توانای قسەکردن و گوێگرتنی هەیە. پێش بڕیاردان بڕیارەکانی لە گەڵ دەوروبەرەکەیدا باسکردووە و ئەرگومێنتی بەهێزی هەیە بۆ وەڵامی پرسیاری: بۆ ئەو بڕیارەی داوە؟ بەڵام بەرپرس نە قسەکەرێکی باشە و نەگوێگرێکی باشیشە. هەرکاتێک بەرپرس بوو بە قسەکەر و گوێگرێکی باش ئەو کاتە لە بەرپرسەوە دەبێتە ڕێبەر. بەرپرسی کارێکی ڕێکخراوەییە و وەریگراوە بە پێی سترەکچەرێکی دیاریکراو. پێویستی بە ڕوونکردنەوە و وەڵامدانەوەی پرسیار نییە. لە وڵاتە



دیموکراتیەکاندا ڕێبەر هەیە، لە وڵاتە دیکتاتۆریەکاندا بەرپرس هەیە.

ڕێبەر خاوەنی ویژدانێکی بەهێزە. ویژدانی خۆی لە پێش کۆمەڵگاوە لێپرسینەوەی لێدەکات. . ڕێبەر لە ناو کۆمەڵگادایە و هێزی خۆی لە وزەو توانای کۆمەڵەوە سەرچاوەی هاتوە.
بەرپرس کارێکی کارگوزاری دەکات و کارمەندە، دوورە لە کۆمەڵگاوە. زۆرجار کۆمەڵگا دەبێتە سەرچاوەی لێپرسینەوە و مەترسی بۆی هەر بۆیە بە چاوی ترس و گومانەوە لە کۆمەڵگا دەڕوانێت.

هەموو دامودەزگایەکی دیموکراتی **فەلسەفەی ڕێبەرایەتی** خۆی هەیە. بۆ نموونە دەستەی بەڕێوبەرایەتی کۆمیونێک (شارەوانیەک) خاوەنی فەلسەفەی ڕێبەرایەتی خۆیەتی. هەموو هاووڵاتیەک دەتوانێت بەنوسراویی دۆکیومێنتی فەلسەفەی ڕێبەرایەتی کۆمیونەکەی دەستبکەوێت. بۆ نموونە بەشێک لە فەلسەفەی ڕێبەرایەتی شارەوانی تێبی لە ستۆکهۆڵم بریتیە لە گۆڕانکاری و پێشکەوتن ، فێربوون و بەرەو پێشەوەچوون،... هتد.

فەلسەفەی بەڕێوەبەرایەتی باسێکی قووڵ و دوور و درێژە، بەو هیوایەی لە دەرفەتێکی تردا زیاتر تیشک بخەمە سەر ئەم باسە.

**2007-09-16**

# شورای پۆل و بەرنامەی کار

ئەو وڵاتانەی کە تازە ڕزگاریان بووە وەک سلۆڤێنیا، سلۆڤاکیا، لێتلاند، لیتاون، ئێستلاند و کرۆواتیا، زۆر هەوڵیانە بە زووترین کات ڕیفۆرم لە سیستەمی پەروەردە و فێرکاریاندا بکەن و نایانەوێت کات لە دەست بدەن. لەبەر ئەوەی ساڵانێکی زۆر لە ژێردەستی شێوەی بەڕێوەبردنی سۆڤێتی و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت و تاکە حیزبدا بون، دەیان کەلێن و هەڵە سەرتاپای سیستەمی پەروەردەی وڵاتەکانیانی گرتۆتەوە.

**"فێربوون بە درێژایی تەمەن"** ئەو دیدی پەروەردەییە کە وڵاتانی سویدو سلۆڤێنیا بە یەکەوە دەبەستێتەوە. لە مانگی نۆی ئەمساڵدا (2007) لە گەڵ دوو بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی، سێ مامۆستا و هەژدە قوتابی ستۆکهۆڵم سەردانێکی لوبلییانا، پایتەختی سلۆڤێنیامان کرد بۆ ئەوەی سلۆڤێنیا سوود لە سیستەمی سوید وەربگرێت.

سوید 200 ساڵە ئەزموونی دیموکراتی هەیە، سلۆڤێنیا لە گەڵ هەڵوەشانەوەی یۆگۆسلاڤیادا بوو بە وڵاتێکی سەربەخۆ. ماوەی حەوت ساڵە سلۆڤێنیا هەوڵ دەدات سوود لە ئەزموونی دیموکراتی سوید وەربگرێت و زۆر بە پەلەن لە گۆڕین و بەڕیفۆرمکردنی سیستەمی پەروەردە و فێرکردنیان. خوێندنی سەرەتاییان کردوە بە نۆ ساڵ هەروەک کوردستان. بەها بنەما دیموکراتیەکانیان کردۆتە ناوەرۆکی سیستەمەکەیان. لەم بوارەدا دەبێت کوردستانیش بەردەوام بێت لە گۆڕانکاریەکانی سیستەمی پەروەردە، واتە بەهابنەماییەکانی قوتابخانە دەبێت ببێتە



ناوەرۆکی دیدمان بۆ قوتانی و فێرکار. لە ئیمڕۆی سلۆڤێنیادا، هەر وەک سوید، بۆ هەموو ئاستەکانی خوێندن **ئاسۆ و ئامانجی** ڕوون و ئاشکرایان هەیە. لەم بوارەدا کوردستان ماوەی شانزە ساڵی بە دەستەوە بووە بەڵام تا ئێستاش هیچ قوتابخانەیەکی کوردستان ئاسۆ و ئامانجی دیاری کراوی بۆ ساڵەکانی خوێندن نیە. هیچ بەڕێوەبەرێکی قوتابخانەیەک لە کوردستان بەرنامەی کاری ساڵانەی قوتابخانەی نیە و دەرئەنجامەکەشی نەبونی ئاسۆ و ئامانجە، کەبە لای منەوە گەورەترین هەنگاوە کە دەبێت بنرێت پاش گۆڕانکاریە گرنگ و پیویستیەکانی کۆنگرەی پەروەردە. هەموو پشتگوێ خستنێکی بوونی **بەرنامەی کار و شورای پۆل** ڕیفۆرمەکانی سیستەمی پەروەردە کەلێندار دەکات.

ئەگەر سلۆڤێنیا بیەوێت سوود لە سیستەمی پەروەردەی سوید وەربگریت، دەبوایە کوردستان لە ماوەی ئەم شانزە ساڵە دا سەدان مامۆستا وبەڕێوەبەری قوتابخانەی بناردایە بۆ سەردانی قوتابخانەکانی سوید و دەیان خولی فێرکاری لە لایەن پسپۆڕانی سویدییەوە بۆ مامۆستایان و بەڕێوەبەران لە شارەکانی کوردستاندا بکرایەتەوە.

**بۆ بەکەنار گەیاندنی بڕیارەکانی کۆنگرەی پەروەردە، چڕکردنەوەی سەردانەکان، بەردەوامی پرۆژەکان، "فێربوون بە درێژایی تەمەن"، شورای پۆلەکان، بەرنامەی کار و دەستنیشانکردنی ئاسۆ و ئامانجەکان، مەرجی پێویستن.**

2007-09-18

# چاوپێکەوتنی هەفتەنامەی " هاوڵاتی " دەربارەی " توێژەری کۆمەڵایەتی"

سازدانی: هادی ئەمین

پێشەکی:
توێژەری کۆمەڵایەتی لەقوتابخانەکانی کوردستاندا مێژوویەکی زۆر نزیکی هەیە، بۆیە پەیوەندی توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکاندا و بەرنامەی کار و چۆنێتی مامەڵەکردنی وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ توێژەران، توێژەران لەگەڵ بەڕێوبەر و مامۆستایان و قوتابیاندا بەوردی دیارینەکراوە، لەبەرئەوەی توێژەری کۆمەڵایەتی زاراوەیەکی ڕۆژئاواییە و بۆ بۆ تیشکخستنەسەر ئەو لایەنانە و گواستنەوەی زانیاری لەوبارەیەوە هاوڵاتی بە پێویستی دەزانێت چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مامۆستا هۆمەر قەرداغی سازبکات کە ماوەیەکی زۆرە لەبواری پەروەردەدا لەوڵاتی سوید کاردەکات و ئێستاش بەڕێوبەری پەروەدەیە لە ستۆکهۆڵم.

پرسیارەکان:
تەوەری کاری توێژەر:

1. بەوسیفەتەی بەڕێزتان ماوەیەکی زۆرە بەڕێوبەری پەروەردەن لە وڵاتی سوید و ئاگاداری شێوازە پەروەردەییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوان، ئایا توێژەری کۆمەلایەتی لە قوتابخانەکاندا لەسەر چ بنەمایەك دانراوە و کاری چییە؟



وەڵام
هەموو کارمەندێک کە لە قوتابخانەکانی سوید دا دادەنرێت، هەر لە بەڕێوەبەری قوتابخانەوە تا دواکارمەند و کارگوزار لەسەر ئەو بنەمایە دادەنرێت کە کاربکەن بۆ ئەوەی قوتابیان و خوێندکاران لە خوێندنەکەیاندا سەرکەوتوبن. توێژەری کۆمەڵایەتیش لەو یاسایە بەدەر نیە.
بەڵام ئەگەر لە کاری هەر کارمەندێک وردبینەوە ئەوە دەردەکەوێت کە هەر کارمەندێک، هەرگروپە و کارەکەیان تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. ئەرکی توێژەری کۆمەڵایەتی پاڵپشتی و ڕێگانیشاندانی قوتابیە، بە تایبەتی ئەو قوتابیانەی کە پێویستیان بە یارمەتی زیاتر هەیە. بۆ نموونە ئەگەر قوتابیەکە لە وانەکانیدا باش نەبێت، ئەوە توێژەری کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە قوتابیەکەوە دەکات و قسەی لە گەڵدا دەکات، لە گیروگرفتەکانی ورد دەبێتەوە و دەبێتە پاڵپشتێک بۆ قوتابیەکە، پەیوەندی بەمامۆستاکانەوە دەکات و بەیەکەوە ڕێگەچارەیەکی گونجاو دەدۆزنەوە بۆ یارمەتی قوتابیەکە. زۆر جار کارەکە بەوە کۆتایی دێت کە مامۆستای بەرپرسی پۆلی قوتابیەکە (مێنتور) لەگەڵ توێژەری کۆمەڵایەتیەکە و قوتابیەکە و دایکوباوکی قوتابیەکە دا کۆبونەوەیەک دەکەن و پلانێکی بچوک دادەنێن کە تیایدا دەنوسن چۆن ئەنجامی وانەکانی قوتابیەکە باشببێت.

2. هەندێك مامۆستا دەڵێن توێژەر لە . قوتابخانەکاندا هیچ کار و ئەرکێکی دیاریکراویان نییە تا ئەنجامییدەن و تەنها لەژوری مامۆستایان دادەنیشتن و چا دەخۆنەوە و لەگەڵ مامۆستاکان خەریکی قسەکردنن، ئایا

بەدیاریکراوی کاری توێژەری کۆمەڵایەتی چییە لە قوتابخانەکاندا؟

وەڵام

بە دیاریکردنی کاری توێژەری کۆمەڵایەتی وەک وتم، پشتگیریکردنی قوتابیە و دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ گیروگرفتەکانی.

- بەرگریکردنە لە قوتابی لە کاتێکدا کە توشی سەرکوتکردنی فیزیاوی یا دەروونی دەبێتەوە.
- بەشداریکردنە لە دانانی پلانی کاری قوتابخانە، دژی هەموو جۆرێک سەرکوتکردن و چەوسانەوەی قوتابیان.
- ئەندامێکی چالاکی تیمی دژی سەرکوتکردنە لە قوتابخانەدا.
- پەیوەندیکردن و هاوکاریکردنی دایکوباوکی قوتابیانە لە کاتێکدا کە قوتابیەکە ئەنجامی باشی لە خوێندنەکەیدا بە دەستنەهێنابێت یا کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەبێت.
- توێژەری کۆمەڵایەتی پردی نێوان مامۆستا و ئەو قوتابیانەیە کە پێویستیان بە یارمەتی زیاتر هەیە.

لە قوتابخانەکانی کوردستاندا کێشەی دەرنەچوون، وازهێنان لە قوتابخانە و سەرکوتکردن زۆرە، هەر بۆیە ئەرکەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی زۆر فرە لایەنە وقووڵ و گەورەیە.

3. وەك ئاشکرایە لایەنەکانی مرۆڤ بریتیە لە .
لایەنی: عەقلی، جەستەیی، دەرونی، کۆمەڵایەتی، ئایا توێژەر دەبێت کاربکات لە دیاریکردنی کەموکورتی هەموو لایەنەکانی



قوتابی یان تەنها بایەخ دەدات بە لێکۆڵینەوەی باری کۆمەڵایەتی و کێشە کۆمەڵایەتیەکان؟

وەڵام

توێژەری کۆمەڵایەتی کاردەکات لەگەڵ ئەو کێشە و گیروگرفتانەی کە قوتابی هەیەتی و وایکردووە کە ئەنجامەکانی خوێندنەکەی باش نەبێت. زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی هەیە تەنیا بەگوێلێگرتن و پیشاندانی پشتیوانی، چارەسەر دەبێت. هەندێک کێشەی تر هەیە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە قوتابیەکە دەرەنگ وانەکان تێدەگات. لەو کاتەدا ئەرکی توێژەرەکە ئەوەیە کە یارمەتی زیاتر لە مامۆستاکان و بەڕێوەبەری قوتابخانە دابینبکات، بۆ ئەوەی قوتابیەکە سەرکەوتو بێت. توێژەری کۆمەڵایەتی ئەتمۆسفێرێکی پۆزەتیڤ دروستدەکات بۆ ئەوەی ببێتەهۆی کارئاسانی بۆ گەیشتنی قوتابی بەئامانجەکانی کە بریتیە لە بەدەستتهێنانی ئەنجامی سەرکەوتو لە وانەکانیدا. هەموو کات قوتابی دەبێت ناوەند بێت و توێژەر ڕێگەنیشاندەر و پشتیوان.

4. چاودێری و بە دواداچون بۆ کێشەکان، کاری .
توێژەری کۆمەڵایەتیە، ئایا بۆ ئەو چاودێری و بەدواداچوونە دەبێت توێژەر لە قوتابخانەدا لە خشتەی وانەکاندا سەردانی هەبێت بۆ پۆلەکان یان بە چ شێوازێك دەتوانێت بگاتە ئەو مەبەستە؟

وەڵام

بە شێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوە و بەدواچوون لە خشتەی وانەکاندا نییە و توێژەری کۆمەڵایەتی سەردانی پۆلەکان ناکات. بەڵام کاتی وا هەیە بۆ زانیاریدان دەربارەی بابەتێک سەردانی

پۆلەکان دەکات. ئەگەر نا، زۆربەی کاتی توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ چاوپێکەوتنی قوتابیان بە تەنیا و ڕاوێژکردن لە گەڵ مامۆستاکان تەرخاندەبێت.

زۆرجار کاتێک مامۆستایەک هەست دەکات قوتابیەک کێشەی هەیە، پەیوەندی دەکات بە توێژەری کۆمەڵایەتیەوە و داوای یارمەتی و ئامۆژگاری لێدەکات یا پێشنیازی ئەوە دەکات کە توێژەرەکە پەیوەندی بە قوتابیەکەوە بکات بۆ گفتوگۆکردن و دەستنیشانکردنی گیروگرفتەکە و دواتردۆزینەوەی چارەسەر. کاری توێژەری کۆمەڵایەتی لە پۆلدا نیە بەڵکو ژووری تایبەتی خۆی هەیە و قوتابیەکان بانگ دەکات بۆ لای خۆی یان قوتابیەکان خۆیان دەچن بۆلای.

5. ئایا پڕکردنەوەی ئیستمارەی قوتابی کاری . توێژەری کۆمەڵایەتییە، بۆ دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی قوتابی؟

وەڵام
دیاریکردنی خاڵی لاوازی قوتابی لە فۆرمێکدا (ئیستمارەیەکدا) لەوانەیە کارێکی باش نەبێت. لە سوید پلانی خوێندنی کەسی بۆ هەموو قوتابیەک هەیە. لەم پلانەدا دەستنیشانی هەموو ئەو وانانە دەکرێت کە قوتابیەکە دەیخوێنێت و ئەنجامەکانی چۆنبووە و لە چ وانەیەکدا پێویستی بە هەوڵدانی زیاترە. ئەو کارەش کاری توێژەری کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکو کاری مامۆستای بەرپرسی پۆلە (مێنتور). ئەگەر لە کوردستان فۆرمی قوتابی هەیە، ئەوە دەکرێت مامۆستای بەرپرسی پۆل ئەو فۆرمە پڕبکاتەوە نەک توێژەری کۆمەڵایەتی، چونکە توێژەرێک لە



قوتابخانەیەکدا هەموو کاتی ئیشکردنی دەبێتە پڕکردنەوەی زیاتر لە سەدان فۆرمی قوتابی بەڵام ئەگەر هەر مامۆستایەک کاری پۆلەکەی خۆی بکات ئەوە دەستی توێژەر بەتاڵ دەبێت بۆ یارمەتی ئەو قوتابیانەی پێویستیان بە یارمەتییە.

6. توێژەری کۆمەڵایەتی چۆن دەتوانێت کاربکات لەگەڵ قوتابی کەمئەندام و جوڵە زۆر و ماخۆلان، چۆن دەتوانێت وابکات کە ئەو خوێندکارانە ڕابێن لەخوێندندا؟

وەڵام
ئەرکی توێژەری کۆمەڵایەتی نیە کە بە تەنیا کاربکات لەگەڵ قوتابی کەمئەنداماندا، ئەوە ئەرکی مامۆستای تایبەتە. بەڵام ئەگەر قوتابیەکی کەمئەندام کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یاخوێندنی هەبێت ئەوە وەک هەموو قوتابیەکی تر دەچێتە لای توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ وەرگرتنی زانیاری و پشتیوانی و دۆزینەوەی چارەسەر.

7. سەبارەت بەو قوتابیانەی کە چارەسەر ناکرێت لەلایەن توێژەرە، دەبێت توێژەر چی بکات؟

وەڵام
بەڕێوەبەری قوتابخانە بەرپرسیاری یەکەمی دۆزینەوەی ئەو چارەسەرانەیە کە کارمەندەکانی قوتابخانە لە دۆزینەوەیاندا سەرکەوتوو نەبوون. توێژەری کۆمەڵایەتی دەبێت لەو کاتەدا کە خۆی چارەسەر نادۆزێتەوە یا بۆ ئەوەی بتوانێت یارمەتی قوتابیەکە بدات خۆی پێویستی بە پشتگیری هەیە، لەو کاتەدا دەبێت پەیوەندی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەوە بکات.

**8.** ئایا چاودێری و ئاگادارکردنەوەی ئەو مامۆستایانەی کە هونەری مامەڵە نازانن و توندوتیژن کاری توێژەری کۆمەڵایەتییە، یان دەبێت تەنها کار لەگەڵ قوتابیدا بکات؟

وەڵام
چاودێری و ئاگادار کردنەوەی مامۆستاکان ئەرکی بەڕێوەبەری قوتابخانەکانە، بەڵام ئەگەر توێژەری کۆمەڵایەتی کەموکوڕی لە کاری مامۆستاکەدا ببینێت کە کاریگەری خراپی بۆ قوتابیەکە هەبێت، دەتوانێت قسە لە گەڵ مامۆستاکە بکات، ئەگەر ئەنجامی دەستنەکەوت، دەتوانێت کێشەکە بخاتە بەردەم بەرپرسیاری یەکەم کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیە.

**9.** لە قوتابخانەکاندا بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی . هۆڵی پێویست نییە بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ قوتابییە خاوەن کێشەکاندا، ناچار توێژەر لە ژووری مامۆستایان یان ژوری بەڕێوبەر چاوپێکەوتنەکە ئەنجامدەدات، ئەم پرسە چۆن چارەدەکرێت؟

وەڵام
ئەم پرسە تەنیا بەوە چارەسەر دەکرێت کە توێژەری کۆمەڵایەتی یا ژووری خۆی هەبێت وەک لە قوتابخانەکانی سوید دا، یا دەبێت جێگایەک هەبێت کە تێیدا قوتابیەکە بە سەربەستی بە تەنیا قسە لە گەڵ توێژەری کۆمەڵایەتیدا بکات، زۆر گرنگە کە بڕوا و متمانە لە نێوان قوتابیەکە و توێژەری کۆمەڵایەتیدا هەبێت، قوتابیەکە بە سەربەستیەکی تەواوەوە بتوانێت قسە بکات، توێژەری کۆمەڵایەتی (ئەرکی بێدەنگی) هەیە، واتە بۆی نیە هیچ



زانیاریەک لەسەر قوتابیەکە بدات بە کەسی تر لە دەرەوەی قوتابخانەکە کە زیانی بۆ قوتانیەکە هەنێت. ژووری مامۆستایان بە کەڵکی قسەکردن لەگەڵ قوتابیدا نایەت، چونکە زۆرجار باس لە کێشەیەک دەکرێت کە نابێت کەسی تر گوێی لێبێت یا بەشداری تێدا بکەن. کاری توێژەر زۆر پەیوەندی بە متمانەی نێوان خۆی و قوتابیەکەوە هەیە و ئەو کێشانەی کە قوتابی نەیەوێت بێتە دەرەوە، دەبێت هەر لە نێوان توێژەرەکە و قوتابیەکەدا بمێنێتەوە.

**10.** ئایا پێتانوایە دەبوایە لە پڕۆژە نوێیەکەی وەزارەتی پەروەردەدا بەوردی باسی توێژەر بکرایە و کارەکانی دەستنیشابکرایە؟ لەوبارەیەوە پڕۆژەکە چ گرفتێکی هەیە. ئایا پێتانوایە پڕۆژەکەی وەزارەتی پەروەردە لەبارەی توێژەری کۆمەلایەتییەوە کەمتەرخەم بووە؟

وەڵام
پڕۆژە نوێیەکەی وەزارەتی پەروەردە، پڕۆژەیەکی باش و سەنگینە، سەرەتایەکە بۆ کارێکی گەورە. بەڵام جێگای هەموو چاکسازی و ڕیفۆرمەکانی تێدا نەبۆتەوە. لە وتارێکمدا کە لە دوای کۆنگرەی پەروەردە نوسیم، لە ژێر ناونیشانی "لە کۆنگرەدا چیمان بیرچوو" کە لە هاوڵاتیدا بڵاومکردەوە، هەندێ لایەنی بیرچووم باسکرد بوو. من باوەڕم وایە کە پڕۆژەکە تەنیا لە **25%** ی ڕیفۆرمەکانی لەخۆگرتبوو. یەکێک لەو ڕیفۆرمە گرنگانەی کە دەبێت لە قوتابخانەکانی کوردستاندا بکرێت ئەوەیە کە بە وردی ڕۆڵ و ئەرکی توێژەری کۆمەڵایەتی دیاری بکرێت و ژمارەیان لە قوتابخانەکاندا زیادبکرێت. ناکرێت ئەو هەموو قوتابیە خۆیان دەکوژن یا واز لە خوێندن دێنن، بەڵام لە قوتابخانەکاندا یا

توێژەری کۆمەڵایەتی نیە یا بەباشی ئەرک و ڕۆڵیان دیارینەکراوە.

**11.** توێژەر کە زانکۆ تەواو دەکات زیاتر لێکدەرەوە و قسەکەر کۆمەڵایەتی لێ دروستدەبێت، نەك چاکسازی کۆمەڵایەتی، لەوباوەڕدان کە کێشەکانی توێژەر لە زانکۆوە سەرچاوەدەکرێت، ئەویش بەوەی کە خوێندکارانی بەشی کۆمەڵناسی وانەی "کۆمەڵناسی پەروەردە" ناخوێنن و سەردانیان نییە بۆ قوتابخانەکان؟

وەڵام
توێژەری کۆمەڵایەتی کاردەکات لەگەڵ قوتابیاندا. بەشێکی زۆری کارەکەی پابەندە بە پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە. توێژەری کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی یا پێداگۆگ نیە بەڵکو مرۆڤناسە و لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا کاردەکات.

**12.** هەندێك لەتوێژەران دەڵێن بەڕێوبەری قوتابخانەکان نابێت دەستبخنەکارەکانمانەوە، چونکە لەکاری توێژەر تێ ناگەن ئەوان کۆمەڵناسییان نەخوێندووە و دەرچووی پەیمانگان، ئایا پەیوەندی توێژەر و بەڕێویەری قوتابخانە چۆن ڕێك دەخرێت؟

وەڵام
بەڕێوەبەری قوتابخانە بەرپرسیاری یەکەمی هەموو کار ورووداوەکانی ناو قوتابخانەیە. هاوکاری و پشتگیری بەڕێوەبەر زۆر گرنگە بۆ ئەنجامی کاری توێژەری کۆمەڵایەتی. بەڕێوەبەر و توێژەری کۆمەڵایەتی هەردوکیان یەک ئامانجیان هەیە ئەویش



پشتگیری قوتابیانە بەڵام هەریەکە و پەیوەندی بە هاوکاریەوە هەیە نەک دەستخستنە ناو کاری یەکتریەوە.

**13.** کۆمۆنیکەیشنێکی ڕێکوپێك نییە لەنێوان . بەرپرسانی پەروەردە و توێژەراندا، بەرپرسانی پەروەردە دەڵێن توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەستتوێوەردان دەکەن لەکاری بەڕێوبەری قوتابخانەکاندا و کێشە بۆ مامۆستا و بەڕێوبەرەکان دروستدەکەن، نزیکەی چوار ساڵ لەمەوبەر لەپەروەردەی سلێمانیدا بەشی تایبەت هەبوو بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی، بەڵام بەهۆی ئەوەی توێژەرەکان توێژینەوەیەکەیان کرد لەسەر کارو ڕۆڵی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی، ئەوان لەتوێژینەوەیەکدا چەند تێبینی و سەنجێکی مامۆستایانیان بڵاوکردەوە لەسەر سەرپەرشتیاران، بەراپۆرتێك ئەنجامی توێژینەوەکەیان بەرزکردەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە، سەرپەرشتیارەکان زۆر بەو کارە توڕەبوون، لەگەڵ بەڕێوبەری پەروەردەی سلێمانیدا بەشی توێژەرانیان هەڵوەشاندەوە و بەڕێوبەری بەشی توێژەرانیشیان دەرکرد.

**14.** ئایا چ میکانیزمێك باشە بۆ ڕێکخستنی پەیوندنی نێوان توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پەروەردەدا، چۆن ئەو پەیوەندییە ڕێکدەخرێتەوە و چی بکرێت لەوبارەیەوە؟

وەڵام
من تێناگەم توێژەری کۆمەڵایەتی پەیوەندی چییە بە سەرپەرشتیارانی پەروەردەییەوە. لێکۆڵینەوە لە سەر سەرپەرشتیاران بۆ بکەن؟ تێکەڵبوونێکی سەیر هەیە لە کارەکاندا. من باوەڕم وایە کە لەبەر دەستنیشان نەکردنی ئەرک

ورۆڵی هەر دەستە و گروپێکی کارمەند بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا کۆمەڵێک کێشەی مرۆڤ بە مرۆڤەوە دروستبووە. ئەگەر نا، کاری توێژەر پشتیوانی قوتابیە، کاری سەرپەرشتیاری هەڵسەنگاندنی چۆنایەتی ئەنجام و کاری قوتابخانەیە.

باشترین میکانیزم بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان توێژەرانی کۆمەڵایەتی و پەروەردە ئەوەیە کە لە هەموو قوتابخانەیەکدا هەروەک چۆن بەڕێوەبەری قوتابخانە ڕێبەری مامۆستاکانە هەرواش ڕێبەری توێژەرێکی کۆمەڵایەتی یا چەند توێژەرێکی کۆمەڵایەتیە. لەو کاتەدا توێژەری کۆمەڵایەتی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پەروەردە وە نیە و پێویستی بەبەشی تایبەتی ناو پەروەردە نیە بەڵکو هەر توێژەرە و بەشێکە لە قوتابخانەکەی خۆی. توێژەران سەندیکای تایبەتی خۆیان هەیە و لەو ڕێگەیەوە داخوازی و چاکسازی لە کارەکانیاندا دەکەن.

**15.** ئایا توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەبێت بەڕێوبەرایەتی سەربەخۆیان هەبێت، یان بەشێکیان هەبێت لە پەروەردەی ناو پارێزگاکاندا بۆ بەرِێوەبردنی کارەکانیان؟

وەڵام
لە کوردستاندا هەموو کارەکانی نێو پەروەردە بە ناوەندێتی دەکرێت. واتە هەموو شتێک لە سەرەوە دێتە خوارەوە. لە سوید قوتابخانەکان ئۆتۆنۆمی خۆیان هەیە، واتە بە شێوەیەکی ناناوەندی خۆیان دەبەن بەڕێوە. بەڕێوەبەری قوتابخانە بودجە و دەسەڵات و بەرپرسیارێتی خۆی هەیە.



بە بۆچوونی من توێژەرانی کۆمەڵایەتی پێویستییان بە بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆ نیە، دەکرێت خۆیان لە سەندیکای توێژەراندا یا دەروونناساندا ڕێکبخەن. هەڵە نیە ئەگەر بەشێکی تایبەتی خۆیان هەبێت یا لە پەروەردەی نێو پارێزگاکاندا یا لە شوێنێکی سەربەخۆی خۆیاندا بن بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان.

**16.** توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەبێت لەلایەن سەرپەرشتیاری مامۆستاکانەوە ئاڕاستەبکرێن یان دەبێت لەنێو توێژەراندا سەرپەرشتیار دابنرێت؟

وەڵام
سەرپەرشتیاری مامۆستایان پەیوەندی نیە بە کاری توێژەری کۆمەڵایەتیەوە، ئەگەر کارێکی واڕوودات ئەوە بە بۆچوونی من هەڵەیە. باشترە لە نێو توێژەرەوانی کۆمەڵایەتیدا سەرپەرشتیار دابنرێت، چونکە سەرپەرشتیاری توێژەرەوان خۆی توێژەری کۆمەڵایەتی بووە و شارەزای کارەکەیە، توانای ئاڕاستە کردن و ڕێکخستن و بەرنامە دانانی هەیە.

**17.** وەك نمونەیەك: ئایا بەڕای ئێوە بوونی 104 توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکانی شاری سلێمانیدا کەمە یان زۆرە بەوسیفەتەی کە لە شاری سلێمانیدا 5069 ناوەندی خوێندن هەیە کە 146 یان باخچەی ساوایانە و 3674 یان قوتابخانەی سەتارەییە و 564 یان ناوەندییە و 457 یان دواناوەندییە و 126 یان ئامادەییە و 20 یان پیشەییە و 45 خوێندنگەی نەوجەوانانیش هەیە، کۆی قوتابیان هەموو ناوەندەکەش 1193968 قوتابییە. ئایا 104 توێژەر بۆ ئەوەندە ناوەند و قوتابی ئاساییە؟ ئەوە لەکاتێکدا کە بەرپرسانی وەزارەتی پەروەدە

سەبارەت بە دەرچووانی بەشی کۆمەڵناسی دەڵێن ئێمە دامەزراندنمان نییە بۆ توێژەوری کۆمەڵایەتی و تەنها بۆ مامۆستا هەمانە، ئایا ئەوە تێنەگەیشتنە لە کار و ڕۆڵی توێژەر؟

وەڵام
زۆر ناخۆشە بەلامەوە کە دەبینم بۆ زیاتر لە یەک ملیۆن قوتابی تەنیا نزیکەی 104 توێژەری کۆمەڵایەتیمان هەیە. کەمی توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئاسایی نیە، بەڵکو ئەو کەمیە یەکێکە لە تەنگژە گەورەکانی سیستەمی پەروەردە و فێربوون لە کوردستاندا. بەداخەوە دەبێت بڵێم ئیتر پێویست ناکات سەرسام بین کاتێک منداڵە نازدارەکانمان خۆیان دەکوژن یا واز لە خوێندن دێنن لە کاتێکدا کە بۆ هەر دەهەزار قوتابی یەک توێژەری کۆمەڵایەتیمان هەیە. لە یەکێک لە قوتابخانە ئامادەییەکانی مندا لە سویدبۆ هەر 500 قوتابی یەک توێژەرم هەیە. کەمی ژمارەی توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا کارەساتێکی گەورەیە کە ڕۆژانە هەواڵی تراژیدی ژینگەی سیستەمی فێرکاریمان پێدەگەیەنێت. بۆ کەمکردنەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی و وازهێنان و سەرنەکەوتن لەخوێندن زۆر گرنگە کە ژمارەیەکی زۆر توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا دابمەزرێنرێت.

18. ئایا توێژەر تەنها دەبێت بۆ قۆناغی سەرەتایی دابنرێت؟

وەڵام
نەخێر، ژمارەی توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکاندا دەبێت لە قوتابخانە سەرەتاییەکان زیاتر بێت، چونکە تەمەنی قتابیەکان لە قۆناغێکی ناسکدایە.



19. ئایا توێژەرانی کۆمەڵایەتیش وەك فەرمانبەرانی دی دەبێت دابمەزرێن، واتە دەبێت سەرەتای دامەزراندیان لە دەرەوەی شار و لەگوندەگانەوە دەست پێبکات و پاشان بە چەند ساڵێك بێنەوە بۆ ناو شار؟ پێشنیار کراوە هەندێك توێژ بگەڕێن بەسەر چەند قوتابخانەیەکدا و کاری توێژەری بۆ چەند قوتابخانەیەك ئەنجامبدەن. ئەمەش لەلایەن هەندێك توێژەرەوە رەتدەکرێتەوە، دەڵێن ژمارەی قوتابیان لەیەك قوتابخانەدا ئەوەندە زۆرە کە توێژەرێك ناتوانێت سەرپەرشتی قوتابخانەیەك بکات ئیتر چۆن دەتوانێت سەرپەرشتی چەند قوتابخانەیەك بکات. چ شێوازێك بگیرێتەبەر باشە بۆ دامەزراندنی توێژەران؟

وەڵام
لە کوێ قوتابخانە هەبێت، دەبێت توێژەری کۆمەڵایەتیش هەبێت. توێژەرانی کۆمەڵایەتیش هەروەک مامۆستا وبەڕێوەبەر و کارمەندەکانی تر، فەرمانبەر و کارمەندن.

ئەگەر ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەیەک کەم بێت، دەکرێت توێژەرێکی کۆمەڵایەتی چەند قوتابخانەیەکی هەبێت. بەڵام ئەگەر ژمارەی قوتابیەکان لە قوتابخانەیەکدا زۆر بێت ئەوە دەکرێت قوتابخانەیەک لە بری توێژەرێکی کۆمەڵایەتی دوانی هەبێت. ژمارەی توێژەری کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە ژمارەی قوتابیەوە هەیە.

20. ئایا دەشێت دوو توێژەر لەقوتابخانەیەدا دەوامبکەن، ئایا بۆ هەر قوتابخانەیەك توێژەرێك دانراوە یان بۆ هەرپۆلێك توێژەرێك دادەنرێت؟

وەڵام

بەڵێ وەک وتم دەکرێت دوو توێژەر لە قوتابخانەیەکدا هەبێت ئەگەر ژمارەی قوتابیەکان زۆر بێت. من ناڵێم لە کوردستانیش هەروەک سوید بۆ هەر 500 قوتابی ئامادەیی توێژەرێکی کۆمەڵایەتیمان هەبێت، کوردستان سوید نیە، بەڵام ناکرێت بۆ 10000 قوتابی یەک توێژەر هەبێت.

21. موچەی توێژەر لە سوید چۆن ڕێکخراوە و جیاوازی چییە لە موچەی مامۆستا؟

وەڵام

موچەی توێژەرێکی کۆمەڵایەتی لە سوید وەک موچەی مامۆستایە. بەڵام سیستەمی موچە بە گشتی جیاوازە لەو سیستەمەی لە کوردستان هەیە. مامۆستایەکی باش موچەیەکی باشی هەیە، مامۆستایەکی کەمتر باش موچەیەکی کەمتری هەیە. بە هەمان شێوە توێژەرێکی کۆمەڵایەتی باش و بەتەنگەوە هاتووی قوتابیان موچەی بەرزە، بەڵام توێژەرێک کە نزیک نەبێت لە قوتابیانەوە موچەکەی نزمە، تەمەنی مامۆستا و توێژەرێکی کۆمەڵایەتی زۆر بڕیاری بەرزی و نزمی موچە نادات. موچە لە سویدا کەسیە واتە پەیوەندی بەباشی و خراپی ڕاپەڕاندنی کاری توێژەری کۆمەڵایەتی و مامۆستاوە هەیە.

ناکرێت توێژەرێکی کۆمەڵایەتی زیرەک و بەتوانای گەنج موچەکەی کەمتر بێت لە توێژەرێکی بێتوانای بەتەمەن. بازاڕی کار بڕیاردەرە. کێ توانای هەبێت لە پێشەوەیە.
2007-10-21



# دیداری گەشە

گەشەکردنی منداڵ (قوتابی و خوێندکار) لەو ساڵانەی کە لە قوتابخانەی سەرەتایی (بنەڕەتی) و ئامادەییدایە مەرجی سەرەکی هەڵبژاردنی ڕێڕەوی ژیانی گەورە ساڵییە.

پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ناو خێزان و ئاستی بەرپرسیاریەتی قوتابخانە دەستنیشانی ڕێژەی سەرکەوتویی دەکات، هەربۆیە پەیوەندی قوتابخانە بە دایکوباوکان و قوتابیانەوە شێوەی گەشەکردنی قوتابیەکان دیاریدەکات.

دیداری گەشە شێوەیەکی گرنگی بەردەوامی پەیوەندییە لە نێوان قوتابخانە و قوتابی و خێزانەکەیدا. ساڵی دووجار ئەو دیدارە ڕوودەدات و هەر جارەی ماوەی 30 تا 45 خولەک دەخایەنێت. بەشداربوانی دیدارەکە بریتین لە قوتابی، مامۆستای بەرپرسیاری پۆل (مێنتور) و دایکوباوک (دەکرێت هەر باوک یا هەر دایک ئامادەبن).

بە شێوەیەکی گشتی دیداری یەکەمی ساڵی خوێندن لە ناوەڕاستی وەرزی پایزدایە و دیداری دووەم لە ناوەڕاستی وەرزی بەهاردایە.

پێش ڕوودانی دیدارەکە پێویستە بە شێوەیەکی وردوباش دیدارەکە ئامادەبکرێت. مامۆستای پۆل پەیوەندی دەکات بە هەموو ئەو مامۆستایانەی کە قوتابیەکەیان هەیە. هەموو مامۆستایەک دەبێت ڕاپۆرتێک دەربارەی ئاستی خوێندنی

قوتابیەکە و ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوانەی کە تا ئەو کاتە قوتابیەکە نوسیویەتی، بنوسێت. هاتنەوە و نەهاتنەوەی قوتابی بۆ قوتابخانە و قوتابی لە چ ئاستێکدایە و ئەگەر پێویستی بە هەوڵی زیاتری قوتابیەکە هەیە لەو باسانەن کە لە ڕپۆرتەکەدا دەنوسرێت. ئەو کات قوتابیەکە چیبکات باشە، خێزان چۆن پشتگیری بکەن و قوتابخانە چیبکات. پاش ئەوەی هەموو مامۆستایەک ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بە مێنتور دەکات (**بڕوانە هاوپێچەی یەک: ڕاپۆرتی مامۆستای وانە**) ئەوکاتە مێنتور کاتی دیداری گەشە دیاریدەکات و بە نامەیەک (**بڕوانە هاوپێچەی دوو: نامەی مامۆستای بەرپرسیاری پۆل (مێنتور) بۆ دایکوباوکی قوتابی**) بانگهێشتنی قوتابی و دایکوباوک بۆ قوتابخانە دەکات. ڕووی قسەکانی مامۆستا لەو دیدارەدا لە قوتابیە و دایکوباوک زیاتر دادەنیشن و گوێدەگرن. وانە بە وانە مێنتور بە ڕاپۆرتی مامۆستاکاندا دەچێت و گفتوگۆ لە گەڵ قوتابیەکەدا دەکات. باس لەوە دەکرێت ئەنجامەکانی قوتابی چۆنبووە لەوانە جیاوازەکاندا. پاشان باس لەوە دەکرێت چۆن ئەنجامەکان باشتربکرێن و بەنوسین ئامانج و ئاواتی تازە دەنوسرێت کە قوتابیەکە تا دیداری گەشەی داهاتوو پێیبگات (**بڕوانە هاوپێچەی سێ: پلانی گەشەی کەسی**).

بونی دیداری گەشە، بەهۆی ئەنجامی نزمی قوتابیانی کوردستانەوە، پێویستیەکی هەنوکەییە. نەخێزانەکان ئاگایان لە قوتابخانە هەیە و نەقوتابخانەش دەزانێت خیزانەکان چەند پشتگیری قوتابیەکان دەکەن. بەرپرسیارێتی نەتەوەیی ڕێگە نادات خەمسارد بین لەم بوارەدا. هیچ سیستەمێکی فێرکاری و پەروەردەیی، پێشکەوتو نیە ئەگەر قوتابی هەستنەکات کە سیستەمەکە تەنیاو تەنیا لە پێناو خزمەتکردنی ئەودایە.



سیستەمیش کاتێک لە خزمەتی مرۆڤدایە کە ڕێگە خۆشکەر بێت بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی مرۆڤەکە، ئەگەر نا، ئەوە سیستەمەکە سیستەمێکی سەرکوتکەر و وڵاتەکەشی وڵاتێکی دیکتاتۆر و دوورە لە هەموو یاسایەکی دیموکراتیانەی مۆدێرن.

دیداری گەشە پارە و بودجەی تایبەتی ناوێت، تەنیا پێویستی بەکات و بە بەتەنگەوەهاتنی قوتابخانەوە هەیە بۆ قوتابی و پرۆسەی فێرکاری. بە بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە دەکرێت سیستەمەکە بخرێتە ئاستی جێبەجێکردنەوە.

**بڕوانە ئەو هاوپێچانەی خوارەوە:**

## هاوپێچەی یەک

**ڕاپۆرتی مامۆستای وانە**

نموونەی ئەو پرسیارانەی کە لە ڕاپۆرتی مامۆستای وانەکاندا بۆ مامۆستای پۆل دەنێردریت تا مامۆستای پۆل ئامادەکاری بکات بۆ دیداری گەشە، واتە ئەو نامەیەی مامۆستاکانی بیرکاری، کوردی، ئینگلیزی و وانەکانی تر دەینوسن و دەیدەن بە مامۆستای پۆل.

**وانەی .......( بۆ نموونە بیرکاری)**
**لە پۆلی ..........(بۆ نموونە 9 ی بێ)**
**پایزی 2007**
**ناوی قوتابی: ........ (بۆ نموونە کوردستان نەبەز)**

**بۆ نموونە ئەگەر وانەی ماتماتیک بێت:**

**ئەو بەشانەی کارمان لە سەر کردوە:**

- قوتابی بتوانێت نموونە بهێنێتەوە کە بیرکاری چۆن بەکارهێناوە بە درێژایی مێژوو گرنگی وانەکە چییە ئێستا، چۆن بەکاردەهێنرێت و بۆچی باشە.
- قوتابی بتوانێت ڕێژەی ناوەندی چەند ژمارەیەک دەربهێنێت
- قوتابی بتوانێت بەهۆی بیرکاریەوە باسی کێشە بیرکارییەکان بکات کە لە ماڵەوە و کۆمەڵگادا بەرچاودەکەون و هەوڵبدات چارەسەر بدۆزێتەوە.

**ئەو بەشانەی کاری لە سەردەکەین**

- قوتابی بتوانێت ستاتستیک (ئامار) تێبگات



- قوتابی لە ڕێژەی سەدی تێبگات و بتوانێت لەژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریان بهێنێت.

**پرسیار**
ئایا قوتابیەکە ئەنجامی چۆنە لەو بەشانەی سەرەوەدا کەکارمان لەسەر کردوە:
**وەڵام**
...... لێرەدا مامۆستای وانەی بیرکاری بە وردی دەنوسێت کە قوتابی (کوردستان نەبەز) ئەنجامەکانی چۆنە و ئایا گەیشتوە بەو ئامانجانەی سەرەوە یان نا ......

**پرسیار**
چۆن قوتابی زانیاری زیاتر دەستبکەوێت و بگات بە ئامانجەکانی
**وەڵام**
..... لێرەدا مامۆستای وانەی بیرکاری دەنوسێت قوتابی چیبکات بۆ ئەوەی ئەنجامی باشتری دەستبکەوێت بۆ نموونە مامۆستا بنوسێت .. باشتر گوێبگرە، چالاکتر بەشداری بکە لە وانەی بیرکاریدا و دەست زیاتر هەڵبڕە و وەڵامی پرسیار بدەرەوە، لە کاتێکدا کاری گروپ دەکەن چالاکتر بە.

**چالاکی زیاتر، هاوکاری، ڕێزگرتن، هاتنەوە بۆ قوتابخانە، نەهاتنەوە بۆ قوتابخانە، دواکەوتن لە قوتابخانە:**
لەم بەشەدا مامۆستای بیرکاری دەربارەی قوتابیەکە دەنوسێت لەسەر ئەو خاڵانەی سەرەوە بۆ نموونە ئایا قوتابیەکە باشە لە هاریکاریکردندا، ڕێزی هاوڕێکانی و مامۆستاکانی دەگرێت، نەهاتنەوەی هەیە بۆ قوتابخانە.....

**ئەرکی ماڵەوە**

لێرەدا مامۆستا دەنوسێت ئایا قوتابی بەباشی ئەرکی ماڵەوە دەکات و ئەو پرۆژانەی کە دەینوسێت، لە کاتی خۆیدا بەجێیدەهێڵێت ئایا دەرسەکانی خوێندوە یا نا، گرنگی دەدات بە ئەرکی ماڵەوە یان نا.

ئیمزای مامۆستای وانە و بەروار



## هاوپێچەی دوو

**نامەی مامۆستای بەرپرسیاری پۆل (مێنتور) بۆ دایکوباوکی قوتابی**

نمونە: نامەی بانگهێشتنیکردنی دایکوباوک بۆ دیداری گەشە
بەخێربێن بۆ دیداری گەشە

**ناوی قوتابی ..............**
**ڕۆژی دیدار ...................... لە قوتابخانەی ................**

دیداری گەشە شێوەیەکی پەیوەندییە لە نێوان قوتابی و دایکوباوک و قوتابخانەدا. لە کاتی دیدارەکەدا کە بەبەشداری قوتابی و دایکوباوکە باسی گەشەکردن و پێشکەوتنی قوتابییەکە دەکرێت.

دیدارەکە هەم دیداری زانیاریدانە هەم پلاندانانە. لە دیدارەکەدا سەیری ڕابوردوودەکرێت چی ڕوویداوە، باسی ئێشتا دەکرێت کە قوتابی خەریکی چیە هەروەها پلاندادەنرێت بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا چیبکرێت. پێشکات دەبێت دایکوباوک وەک خۆئامادەکردنێک قسەیان لەگەڵ منداڵەکەیاندا کردبێت. لەکاتی دیدارەکەدا ئامانجی نوێ دەنوسرێت و دادەنرێت بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی منالەکە. کاتی دیدارەکە نزیکەی نیو کاتژمێرێک دەخایەنێت.

بەخێربێن

ئیمزای مامۆستای بەرپرسی پۆل



## هاوپێچەی سێ
## پلانی گەشەی کەسی

**ناوی قوتابی: ....**
**ناوی مامۆستای بەرپرسی پۆل (مێنتور): ....**
**ڕۆژ:**

**بەدواچوون و هەڵسەنگاندنی دیداری گەشەی پێشوو.**
لێرەدا مێنتور دەنوسێت کە ئایا تا چ ڕادەیەک قوتابیەکە هەوڵیداوە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە لە دیداری پێشوو دا نوسرا بوو و تا چ ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە تیایدا.

**ئێستا**
لایەنە بەهێزەکانی قوتابی
- لێرەدامامۆستا بۆ نموونە دەنوسێت کە قوتابیەکە گوێگرێکی باشە، هاوڕێیەکی دڵسۆزە، هاوکاری باشی هاوڕێکانی دەکات.....
- ئەو لایەنانەی کە قوتابی دەبێت هەوڵبدات باشتریان بکات، لێرەدا مامۆستا بۆ نموونە دەنوسێت کە لە وانەی بیرکاریدا بەشی هاوکێشە گرنگە کە کاری زیاتری لە سەر بکەیت و ئەرکیماڵەوەت لەم بوارەدا چڕبکەیتەوە.

**ئامانجی نوێ**
- بۆ نموونە زیاتر کار بکرێت لەسەر هاوکێشە
- بۆ نمونە لەوانەی زمانی کوردیدا، قوتابییەکە گرنگی بدات بە ڕێزمان

**پلانی جێبەجێکردنی ئامانجە نوێیەکان**

- هەوڵدان زیاتر لە ماڵەوە
- پرسیارکردنی زیاتر لە مامۆستا

**کێ پلانەکە جێبەجێدەکات؟**
قوتابیەکە پلانەکە جێبەجێدەکات.

کاتی دیداری تازە

ئیمزای قوتابی ئیمزای دایکوباوک
ئیمزای مێنتور

2007-10-28



# ئەرکەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی

ئەرکی توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکاندا بریتیە لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو گیروگرفتانەی کە قوتابی و خوێندکار هەیانە. توێژەر ڕێگەپیشاندەر و پاڵپشتی قوتابیە و کاتێکی زۆری ڕۆژی کاری بەکاردەهێنێت بۆچاوپێکەوتن و گوێگرتن لە قوتابی. چاوپێکەوتنەکان بە تەنیا لەگەڵ یەک قوتابی یا بە گروپ دەبێت.

بەشێکی تری گرنگی کاری توێژەری کۆمەڵایەتی بریتیە لە زانیاریدان لە سەر کۆمەڵ، یەکسانی و بەرابەری نرخی مرۆڤەکان، دیموکراتی، بەرابەری کچ و کوڕ و مافەکانی مرۆڤ.

لە قوتابخانەکاندا توێژەری کۆمەڵایەتی پشتگیر و پشتیوانی ئەو قوتابیانەیە کە پێویستیان بە یارمەتی زیاترە، گیروگرفتیان لە خوێندندا هەیە یا ژینگەی سۆسیۆسایکۆلۆجیان (باری کۆمەڵایەتی و دەروونی) یان باش نیە.

یەکێکی تر لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی بریتیە لە پێشگرتن لە سەرکوتکردنی فیزیاوی و دەروونی و کارکردن بۆ ئەوەی سەرکوتکردن ڕوونەدات، ئەگەر ڕوویدا کۆتایی پێبهێنێت و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە.

ئەرکێکی تر باشترکردنی ژینگەی قوتابخانەیە بۆ ئەوەی قوتابخانە لای قوتابی خۆشەویست بێت.
پەیوەندیکردن و هاوکاری لەگەڵ دایکوباوک و مامۆستا کاتێکی زۆری توێژەری کۆمەڵایەتی دەبات، لە هەمانکاتدا بناغەیەکی باشە  بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گیروگرفتەکانی قوتابیان.

لە قوتابخانەکانی کوردستاندا کێشەی کۆمەڵایەتی زۆرە، بەڵام تا ئێستا سیستەمی پشتیوانی و ڕاوێژکاری قوتابیان و خوێندکاران بەرنامەی کاری تایبەتی خۆی نەدۆزیوەتەوە. خۆشبەختانە ویست و توانایەکی پۆزەتیف لەناو توێژەرە کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە بۆ ئەوەی شێوەی کاری گونجاو بدۆزنەوە بە تایبەتیش کە پێویستیەکان زۆر گەورەن. کەمنین ئەو قوتابیانەی کێشەی کۆمەڵایەتیان هەیە، وازدەهێنن لە قوتابخانە، خۆیان دەسوتێنن، ناگەن بە ئامانجەکانیان، سەرکوت و بێهیوا دەکرێن.

ئەم لایەنە گرنگەی سیستەمی فێرکاری پێویستی بە ئاوڕدانەوە و چاککردن هەیە. ئەرکەکەش لە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردە و توێژەرانی کۆمەڵایەتیدا یە.

لە وڵاتی سوید توێژەری کۆمەڵایەتی هەروەک مامۆستایان سەر بە شارەوانین. دەسەڵاتی ناوەندی بەڕێوەبردنی سیستەمی فێرکاری کارێکی وایکردوە کە بەرێوەبەری قوتابخانەکان ئازادن لە دامەزراندنی توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکاندا، هەر بۆ نزیکەی 500 خوێندکاری ئامادەیی یەک توێژەری کۆمەڵایەتی دادەنرێت. بۆ نموونە لە قوتابخانەی ئامادەیی ئۆڤا، کە یەکێکە لە قوتابخانەکانی من، دوو توێژەری کۆمەڵایەتیم بۆ داناوە، کە ڕۆژانە 8 کاتژمێر کاردەکەن. بەبەردەوامی چاوپێکەوتن لە گەڵ



قوتابیان و دایکوباوکیاندا دەکەن. هەر قوتابیەک هەر کێشەیەکی هەبێت، کۆمەڵایەتی یا لە خوێندنەکەیدا پەیوەندی بە توێژەری کۆمەڵایەتیەوە دەکات، بەیەکەوە هەوڵ دەدەن چارەسەر بدۆزنەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم وەک نموونە بەشێکی بەرنامەی کاری توێژەرە کۆمەڵایەتیەکانی قوتابخانەی ئامادەیی ئۆڤا دەستنیشان بکەم. لە بەرنامەی کاریاندا ئەم ئەرکانە بەدیدەکرێن:

1. زانیاری کۆکردنەوە لە سەر ئاستی توانای ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە پێویستیان بە پشتگیری و یارمەتی هەیە. پێشنیازکردنی جۆری یارمەتی گونجاو و بەدواچوون و هەڵسەنگانی ئەنجامی یارمەتیەکە.
2. لێکۆڵینەوە و بە دواچوونی سەرکوتکردنی فیزیاوی و دەروونی قوتابیان لەلایەن مامۆستا یا قوتابیان لەناو خۆیاندا.
3. لێکۆڵینەوە و بەدواچوونی نەهاتنەوەی قوتابیان بۆ قوتابخانە. ئەنجامی سەرنەکەوتوویی قوتابیان و گرفتەکانی تری قوتابخانە. هەموو ئەو کارانە بە ڕاوێژکردن لەگەڵ قوتابیان و دایکوباوکیان و مامۆستایاندا دەکرێن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ گرفتەکان.
4. پشتیوانکردنی کاری مامۆستایان و بوون بە پردی پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا.

5. پشتیوانکردنی قوتابیان و خێزانەکانیان لە کاتی ڕوودانی تەنگژەیەکی گەورەدا کە بە سەر قوتابی و خێزانەکانیان دا دێت.

6. زانیاریدان بە قوتابی و دایکوباوکیان دەربارەی ئەرک و بەرپرسیارێتیان لە کۆمەڵگادا.

7. پشتگیریکردن و زانیاریدان دەربارەی یەکسانی نێوان کچ و کوڕ.

8. یارمەتیدانی قوتابیان بۆ گۆڕینی پۆل و قوتابخانە لە کاتێکدا کە پێویستی ئەو جۆرە گۆڕانکاریانە هەبێت.

9. کاری بەکۆمەڵی پۆل لە کاتی بوونی گیروگرفت و ناکۆکی لەناو پۆلدا.

10. پشتگیری قوتابی لە کاتی نەخۆشیدا.

ڕۆژانە هەواڵی ناخۆش دەخوێنینەوە دەربارەی گیروگرفتە گەورەکانی قوتابیان و خوێندکاران لە کوردستان. هیوادارم کە ڕاوێژکارانی کۆمەلایەتی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا بەرنامەی کاری پتەو و توند و تۆڵ دابنێن لە پیناوی کەمکردنەوە و دواجار بنبڕکردنی کێشەکانی قوتابیان و خوێندکاراندا.

2007-11-10



# نمونەی بەرنامەی کار

لە ڕۆژانی 22 تا 24 ی مانگی مای کۆنگرەی پەروەردە لە کوردستان بەسترا. پیمخۆش بوو کە بانگهێشت کرابوم بۆ کوردستان بۆ بەشداری و خوێندنەوەی وتارێک دەربارەی بنبڕکردنی وازهێنان لە خوێندن. زۆر کاری باشکرا لە کۆنگرەکەدا بەڵام بەداخەوە باسی بەرنامەی کار بەسەرماندا تێپەڕی کەس باسی نەکرد.

بە بۆچونی من دەبێت هەموو قوتابخانەیەکی کوردستان لە سەرەتای هەموو ساڵێکی خوێندندا بەرنامەیەکی کار بۆ ئەو ساڵی خوێندنە دابنێت. بەڕێوەبەری قوتابخانە بەرپرسیاری سەرەکییە لە دانان و جیبەجێکردنی کارەکەدا. قوتابیان و ماموستایان بەشداری دەکەن لە ئامادەکردنی بەرنامەکەدا.

بەرنامەی کار دەکرێت بە شێوەیەکی ئاسان ئامادەبکرێت و بریتی بێت لە پێنج بەش: ئاسۆ، ئامانجەکان، چۆنێتی گەیشتن بە ئامانجەکان، هەڵسەنگاندن و ڕێکخراوی قوتابخانە.

ئاسۆ

لە قوتابخانەکەماندا قوتابیەکان بە ئامانجی خوێندنەکەیان دەگەن لە ژینگەیەکی دڵخۆشکەر و ئارامدا.

## ئامانجەکان

### 1. زانست

قوتابخانەکەمان باشترین ئەتمۆسفیر ئامادە دەکات بۆ ئەوەی قوتابیەکان زانست وەربگرن و لە خوێندنەکەیاندا، لە پێناوی بە دەستهێنانی کاردا یا گەیشتن بە خوێندنی بەرزتر ، سەرکەوتو بن.

**چۆنێتی گەیشتن بەو ئامانجە!**

- مامۆستاکان بە باشی ئامانجی وانەکان ڕوندەکەنەوە و هانی قوتابیەکان دەدەن بۆ هەوڵدان لە پێناوی تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی وانەکە.
- قوتابیەکان بە بەردەوام گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستاکانیاندا دەکەن بۆ ئەوەی بزانن کە لە چ ئاستێکی خوێندنەکەیاندان.
- مامۆستاکان بە بەردەوام لە ڕاوێژکردندا دەبن لەگەڵ قوتابیەکاندا بۆ ئەوەی قوتابیەکان بەشداربن لە بەرنامە دانانی وانەکاندا.
- لە بەردەوامی وانەکاندا مامۆستا و قوتابی بەیەکەوە هەڵسەنگاندنی واانەکان و شێوەی کارکردن دەکەن. ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە شێوەی بەردەوامی کاری ناو پۆلەکە دەستنیشان دەکات.
- ئەو قوتابیانەی کە ناگەنە پلەی دەرچون یارمەتی زیاتر وەردەگرن.



- کات و پارە تەرخان دەکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستاکان.
- بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە دەبیت ڕێکخراوی قوتابخانەکە وا ڕێکبخەن کە هەمو قوتابیەکان ببینرێن و ناسراو بن. مامۆستاکان لە نزیکەوە شارەزاییان هەبێت دەربارەی پیویستی تاکی قوتابیەکان.
- مامۆستاکان شێوازی جیاوازی وانەوتنەوە بەکاردەهێنن.

### 2. پەروەردەی کۆمەڵایەتی قوتابییەکان

قوتابخانە دەبێت کاربکات بۆ ئەوەی دڵنیایی و ئارامی لە قوتابخانەکەدا بەرپابکات. قوتابیەکان هانبدرێن بۆ ئەوەی بەهای بەرز و بۆچونی مرۆڤدۆستانەیان لا دروستبێت.

**چۆنێتی گەیشتن بەو ئامانجە!**

- بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە دەبێت کار بکات بۆ ئەوەی کە قوتابیەکان ئاشنابن بە بەرنامەی خوێندن (مەنهەج) و بەهابنەماییە بەرزەکانی مرۆڤایەتی لە سەربەستی تاکەکەسی و یەکسانی ژن و پیاو و بەرابەری نرخی مرۆڤەکان و بەرزڕاگرتنی ژیان.
- دایک و باوک قوتابخانە ئاگاداربکەنەوە لە کاتی نەهاتنەوەی قوتابی بۆ قوتابخانە.

- قوتابخانە وانەکانی موراڵ و تەندروستی و بەیەکەوەژیان و زانستی ژیان دابین بکات بۆ ئاستە جیاکانی خوێندن.
- قوتابیان ئاگادار بکرێنەوە لە زیانەکانی ماددە بێهۆشکەرەکان.

## 3. ئامادەکردن بۆ ژیانی گەورەساڵی

قوتابیەکان ئامادەبکرێن بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە ڕێگەی ئەوەی هەموو توانای خۆیان تەرخان بکەن کە بەباشترین شێوە بۆ باشی و ئاسودەیی کۆمەڵ هەوڵبدەن.

### چۆنێتی گەیشتن بەو ئامانجە!

- کاری بە کۆمەڵ و پڕۆژە وەک شێوەیەک لە شێوەکانی کارکردنی ناو پۆل بەکار بێت.
- پەیوەندی قوتابخانە و بازاڕی کار بە هێزبکرێت.
- پەیوەندی قوتابخانە و زانکۆکان بەهێزبکرێت.
- هەوڵبدریت بۆ سازکردنی پەیوەندی ئینتەرناسیونالی.
- لە دیداری گەشەدا لەگەڵ قوتابیاندا باس لە بەرپرسێتی قوتابی بکرێت دەربارەی ئەنجامی ئەو کارەی کە دەیکات.
- قوتابخانە پشتگیری ئەو چالاکیە کلتوریانە بکات کە لەگەڵ بەهابنەماییەکانی قوتابخانەدا یەکدەگرێتەوە.



- بەکارهێنانی شێوەی کارکردنی دیموکراتیانە بۆ ئەوەی توانای بەرپرسیارێتی وەرگرتن لای قوتابیان زیادبکات.

### هەڵسەنگاندن و بەدواچون

لە کۆتایی هەموو ساڵێکی خوێندندا هەڵسەنگاندنێکی تەواودەکرێت لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکە بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئایە قوتابخانەکە گەیشتۆتە ئامانجەکانی بۆ ئەو ساڵی خوێندنە یا نا. لایەنە باش و خراپەکان، بەهێز و لاواز دیاری بکرێت.

### ڕێکخراوی قوتابخانە

لێرەدا باس لەوە دەکرێت کە لە قوتابخانەکەدا چەند مامۆستا کاری تیدا دەکات، چەند قوتابی هەیە، جەند پۆلی تێدایە، دەستەی بەڕێوەبەرایەتیەکەی چەند کەسن و بەرپرسیارێتیان چۆن دابەشکراوە.

دوا بەشی بەرنامەی کار کۆتایی دێت بەو بەرنامەی ئیشانەی کە قوتابخانەکە بەرهەمی هێناون بۆ ئەوەی ئەنجامی قوتابیەکان باش بێت. نمونەی ئەو بەرنامانە: بەرنامەی ئیشکردنە دژی سەرکوتکردن، بەرنامەی ئیشکردنە دژی چەوسانەوەی کۆمەلایەتی، بەرنامەی ئیشکردنە دژی وازهێنان لە خوێندن، بەرنامەی ئیشکردنە دژی بەکارهینانی ماددە بێهۆشکەرەکان...هەتا دوایی.

**2007-09-18**

# خۆپیشاندانی خوێندکارانی ئامادەییە بازرگانی و پیشەییەکان

لە وڵاتێکی دیموکراتی وەک سویددا هەرگیز قوتابیان و خوێندکاران خۆپیشاندان ناکەن بۆ ئەوەی لە زانکۆکان وەربگیرین. هەموو کەس بە هەقی خۆی و بەپێی ئەو خوێندنەی دەیخوێنێت لەو زانکۆیە و لەو بەشە وەردەگیرێت کە لە ئاستی زانستی خوێندکارەکەدایە.

لە وڵاتێکی دیکتاتۆری وەک ئێراقی جارانی سەدامدا هەرگیز قوتابیان و خوێندکاران نەیاندەویرا و بۆیان نەبوو خۆپیشاندان بکەن بۆ ئەوەی لە زانکۆکان وەربگیرێن.

لە وڵاتی ڕۆمانیا کە تازە لە ژێر دەستی چاوچیسکۆی دیکتاتۆردا ڕزگاری ببوو، قوتابیان و خوێندکاران پاش ماوەیەک دەستیانکرد بە خۆپیشاندان بۆ ئەوەی هەمویان بە پێی ئارەزویان و بە بێگوێدانە ئاستی زانستیان لە زانکۆکان وەربگیرێن.

ئەم کارەی خوێندکاران لەبەر ئەوەبوو تازە لە دیکتاتۆریەت ڕزگاریان ببوو، بەرەو دیموکراتیەت هەنگاویان دەنا. بەڵام بە کرچوکاڵی لە دیموکراتیەت تێگەیشتبوون. وایاندەزانی دیموکراتیەت دەرگای زانکۆکانیان بۆ دەکاتەوە بە بێگوێدانە ئاستی زانستی. ئەم دیاردەیە تێنەگەیشتن بوو لە دیموکراتی و سوکایەتیکردن بوو بە زانست.



ئێستا لە کوردستاندا هەمان دیاردە بەدیدەکرێت کە ئەو کات لە ڕۆمانیا هەبوو. قوتابیان و خوێندکارانی ئامادەییە بازرگانی و پیشەییەکانی شاری سلێمانی خۆپیشاندان سازدەکەن بۆ وەرگرتنیان لە زانکۆکان.

مافی خۆپیشاندان مافیکی پیرۆزە و کارێکی باشە کە خوێندکاران لە پێناو بەرگریکردن لە مافەکانی خۆیان و نەتەوەکەیان هەردەم لە ڕیزەکانی پێشەوەی تێکۆشاندا بن. بەڵام نابێت بەکارهێنانی ئەو مافە لە پێناوی نزمکردنەوەی ئاستی زانستیدا بێت لە کوردستانەکەماندا.

ئەگەر ئەم کارە بچێتە سەر بۆیان ئەوە بۆ نمونە خوێندکارێکی ئامادەیی کشتوکاڵ لە کۆلێژی کشتوکاڵ وەردەگیرێت. بۆ ئەوەی خوێندکار ئاستێکی زانستی باش بەدەستبهێنێت لە کۆلێژی کشتوکاڵ دەبێت وانەی بیرکاریی لە ئاستی کۆتایی پۆلی شەشی بەشی زانستیدا بزانێت. هەروەها دەبێت فیزیا و کیمیای شەشی زانستی بزانێت لەبەر ئەوەی لە کۆلێژی کشتوکاڵ، فیزیای خۆڵ و کیمیایەکی زۆر دەخوێندرێت، خوێندکار دەبێت بناغەیەکی باشی هەبێت، ئەگەر نا، سەرکەوتونابیت و ئاستی زانستیش بە گشتی دێتە خوارەوە.

دیموکراتیەت نزمکردنەوەی ئاستی زانستی نیە، بە پێچەوانەوە، مرۆڤ ئەرک و بەرپرسیارێتی لە ژێر سیستەمی دیموکراتیدا زیاتر دەبێت، یەکێک لەو ئەرکانە بەرزڕاگرتن و ڕێزگرتنی زانستە.

لە سوید 17 بەشی ئامادەیی هەیە، تەنیا سیانیان تیۆرین و ڕاستەوخۆ بەرەو خوێندنی بەرزی زانکۆکان دەڕۆن. چواردەیان

پیشەیین و بۆ بازاڕی کارە نەک زانکۆکان. هیچ خوێندکارێکی پیشەیی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە زانکۆکان وەرناگیرێن.

ئاستی زانستی بەشیوەیەکی گشتی لە کوردستان نزمە، ئەگەر هەموو خوێندکارێکی ئامادەییە پیشەییەکان لە زانکۆکان وەربگیرێن، ئاستەکە لەوە زیاتر دێتە خوارەوە.



# دوو مامۆستا لە پۆلێکدا

لە کوردستان نزیکەی 5000 قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی هەیە، لە قوتابخانەکاندا 73000 مامۆستا کاردەکەن. لە هەندێ لە قوتابخانەکاندا ژمارەی مامۆستاکان زۆر زۆرن، بەشێوەیەک کە مامۆستای وا هەیە ڕۆژی تەنیا دوو وانەی هەیە. لە هەمان کاتدا لە پۆلەکاندا ژمارەی قوتابیەکان لە 40 قوتابی تێپەڕدەکات.

لە بارو دۆخێکی وادا کارێکی زۆر ئاساییە کە دوو مامۆستا بچنە پۆلێکەوە و هاوکاری یەکتر بکەن بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە یارمەتی قوتابیەکان بدەن. یان دەکرێت یەکێک لە مامۆستاکان هەندێک لە قوتابییەکان لە پۆلەکەدا دەربهێنیت و لە شوێنێکی تری قوتابخانەکەدا یارمەتییان بدەن.

بەو کارە لە لایەک دەرفەتیکی گونجاو دەڕەخسێت بۆ قوتابییەکان کە بتوانن پرسیار لە مامۆستاکانیان بکەن و لە بری یەک مامۆستا بۆ 40 قوتابی دەبێتە یەک مامۆستا بۆ 20 قوتابی. لە لایەکی تریشەوە گرفتێکی گەورەی زۆری قوتابیان لە پۆلەکاندا چارەسەردەکرێت.

وانەوتنەوە هەر ئەوەنیە مامۆستا لەسەر تەختەی ڕەش بوەستێت و قسە بکات، قوتابیەکانیش گوێگر بن. دەکرێت شێوەی جیاواز بەکاربهێنرێت بۆ گەیاندنی زانست و زانیاری، بۆ نمونە کاری بە گروپ، کارکردن لەسەر پرۆژەیەکی هاوبەش لە نێوان چەند پۆل و چەند مامۆستایەکدا، گەڕان بەدوای زانیاریدا، سەردانی دەزگا کۆمەڵایەتیەکان و شوێنە جیاوازەکانی بازاڕی کار...هتد.

ئەم شێوەی کارکردنە لەوانەیە لە هەموو قوتابخانەیەکدا نەتوانرێت جێبەجێبکرێت بەڵام زۆر بەئاسانی شێوەیەکی گونجاوی کارکردنە لەو قوتابخانانەدا کە ژمارەی مامۆستاکانی زۆرە. دەکرێت بەڕێوەبەری قوتابخانەکان سەرپشک بکرین لەوەی بەشێوەی جیاواز ئەم شێوەی کارکردنە بەکاربهێنن.

لە قوتابخانەکانی سویددا ئەم شێوەی کارکردنە بەکاردەهێنرێت لە قۆناغی بنەڕەتیدا کاتێک کە هەندێک قوتابی لە پۆلێکدا پێویستیان بە یارمەتی زیاتر هەبێت. مامۆستای تایبەت ئەو قوتابیانە لە پۆلەکەدا دەردەهێنن و لە شوێنێکی تری قوتابخانەکەدا یارمەتیان دەدەن. لە قۆناگی ئامادەییدا لە کاتی پێویستدا دوو مامۆستا لە پۆلەکەدان بۆ ئەوەی هەر یەکە لای خۆیەوە یارمەتی ئەو قوتابیانە بدەن کە یارمەتیان پێویستە.

بەداخەوە لە کاتی هەڵسەنگاندنی ئەم پێشنیارەدا لە لایەن هەندێک مامۆستاوە بەرهەڵستی لە بونی دوو مامۆستا لە پۆلێکدا کرا لەبەر ئەوەی گوایە ئەم کارە ڕێزنەگرتنە لە کاری مامۆستا. هەوڵمدا لەم شێوەی بیرکردنەوەیە تێبگەم بەڵام سەیردەکەم لە وڵاتێکی وەک سویددا بەسەرکەوتویی ئەم شێوەی هاریکاریکردنە بەکاردەهێنرێت و مامۆستاکانیش زۆریان بە لاوە باشە. لە هەموو ئەو ساڵانەی کە وەک مامۆستا وبەڕێوەبەڕ کارمدەکر لە سوید ڕۆژێک نەبوو مامۆستایەک ببینم ئەم شێوەی کارکردنە وەک ڕێنەگرتن لە کاری مامۆستا لێکبداتەوە، بە پێچەوانەوە، هەموو مامۆستایەک پێی خۆشە کە مامۆستایەکی هاوڕیی بێتە پۆلەکەیەوەو یارمەتی بدات. تەنانەت لە زۆر کاتدا ئێستا بەڕێوەبەری قوتابخانەکانم دێن بۆ لام و داوای بودجەی زیاتر



دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر بتوانن یارمەتی قوتابیەکانیان بدەن.

من زۆرم پێباشە کە لە ساڵی خوێندنی 2008/2007 وە لە هەنێک لە قوتابخانەکانی کوردستاندا کە ژمارەی مامۆستایان زۆرە، دوو مامۆستا بچنە پۆلێکەوە بۆ ئەوەی کەمێک ڕێژەی دەرنەچون لە قوتابخانەکانی کوردستاندا کەمبکرێتەوە. دەبێت ئەوەشمان بیرنەچێت کە مامۆستا و بەڕێوەبەر و قوتابخانە بۆیە هەن لەبەر ئەوەی قوتابی هەیە. هەر بۆیە دەبێت قوتابی ناوەند بێت و هەر کارێک بۆ قوتابیەکان باش بێت دەبێت بکرێت.

# به بەردەوامی ڕیفۆرم

لە کۆنگرەی پەروەردەدا لە مانگی پێنجی 2007 دا بڕیاری هەندێک ڕیفۆرمی زۆرباش درا، لەوانە دەرنەچون و مانەوە لە پۆلی یەک تا پۆلی سێی قۆناغی بنەڕەتی، لابردنی تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ، لابردنی تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەشی سەرەتایی، گۆڕینی قۆناغی سەرەتایی وناوەندی بە پۆلی 1 – 9 ی قۆناغی بنەڕەتی، تێکەڵکردنی کچ و کوڕ لە قۆناغی بنەڕەتیدا، شێوەیەکی تازەی وەرگرتنی ڕێژەی کۆتایی پۆلی نۆی بنەڕەتی و دوانزەی ئامادەیی.

ئەم هەموو ڕیفۆرمانە زۆرباشن، بەڵام هێشتا زۆر ڕیفۆرم ماوە. لەوانە:

1. لابردنی تاقیکردنەوەی باکالۆری 9 ی بنەڕەتی
2. لابردنی تاقیکردنەوەی دوانزەی ئامادەیی
3. گۆڕینی سیستەمی ئەزمونەکان لە بناغەوە، واتە لابردنی ئەو سیستەمەی کە هەیە و گۆڕینی تەواوی بە سیستەمێکی نوێ کە مرۆڤی سەربەست و خاوەن زانست دروستبکات.
4. دانانی بەرنامەی کار بۆ هەموو ساڵێکی خوێندن لە هەموو قوتابخانەیەکدا.
5. ددامەزراندنی شورای پۆل و قوتابخانە لە قوتابخانەکانی کوردستاندا.
6. دەستپێکردن بە دیداری گەشە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا.



7. دانانی مامۆستای بەرپرسیاری پۆل (مێنتور) لە هەموو پۆلێکدا.
8. مانەوە و نەمانەوە تا پۆلی شەشی قۆناغی بنەڕەتی نەمێنێت وەک هەنگاوی دووەم، بە دواشیدا لە پۆلەکانی سەروتریشدا نەمێنێت.
9. هەبوونی دوو مامۆستا لە پۆلێکدا بە پێی پێویستی پۆل و زۆری مامۆستا و قوتابی.
10. هەموو قوتابخانەیەک بودجەی تایبەتی خۆی هەبێت کە ژمارەی قوتابیان دەستنیشانی گەورەیی و بچوکی بودجەکە بکات. واتە بۆ هەر قوتابیەک بڕێک پارە دابنرێت.
11. سەربەستیەکی زۆرتر بە بەڕێوەبەر و مامۆستایان، بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانەکانیان، بدرێت.
12. موچەی مامۆستایان بەرزبکرێتەوە، بۆ ئەوەی قوتابیە زیرەکەکان بچنە کۆلیژ و پەیمانگاکانی مامۆستایان و ببن بە مامۆستا.
13. کاتی ئیشی مامۆستا زیادبکرێت.
14. دامەزرانی توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکاندا و دیاریکردنی کارەکانیان.
15. لایەنی تەندروستی منداڵان و قوتابیان گرنگی پێبدرێت بە دامەزراندنی پەرستیار لە ناوەندەکانی خوێندندا.

من هوشیارم بەوەی کە هەندێ لە ڕیفۆرمەکان بودجە و کارێکی زۆری دەوێت، بەڵام ئەگەر مەبەستمان بێت کە نەوەی داهاتوی نەتەوەکەمان سەربەست و خاوەن دوارۆژێکی ڕووناک و خاکەکەمان ئاوەدان و پێشکەوتو بێت، ئەوە ئەو بودجە و کارە

زۆرەی کە پێویستە باشترین شێوەی بەکارهێنانی بودجە و کاتە و تەنیا ڕێگایە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە.

ئەم گۆڕانکاریانە، بێگومان دژایەتی دەکرێت، بەرپەرچی دەدرێتەوە، ناڕەزایی دژی دروست دەبێت. بەڵام هەموو گۆڕانکاری و چاکسازیەک کە کراون ناڕەزایی بەرامبەریان کراوە. ناڕەزاییەکان بەشێکن لە پرۆسەی چاکسازیەکە. بۆ نموونە ڕیفۆرمەکانی کۆنگرەی پەروەردە نزیکەی چواریەکی ڕیفۆرمە پێویستیەکانن، بەڵام دژایەتیان کراوە و تەنانەت مامۆستا و بەڕێوەبەر هەیە پێیان خراپە کە تاقیکردنەوە سەرکوتکەریەکەی پۆلی شەشی بەکالۆری لابراوە، یا دژی ئەوەن کە دیاردەی مانەوە و نەمانەوە لە پۆلی یەک تا سێی قۆناغی بنەڕەتی نەماوە. دژایەتیکردنەکان ئاساین چونکە ئەو بەڕێزانەش بەشێکن لە سیستەمە کۆنەکە و تەنانەت ئەنجامی سیستەمە کۆنەکەی پەروەردە و فێرکارین.

هەندێک لەو ڕیفۆرمانەی سەرەوە، پێویستی بە بڕیاری حکومەت وپەرلەمانی کوردستان هەیە، هەندێکیان بە بڕیاری وەزارەتی پەروەردە جێبەجێدەکرێن. بەڵام هەندێکیشیان دەکەونە ژێردەستی مامۆستا و بەڕێوەبەرەکان.

بەبوونی ویست و توانای گۆڕان هیچ شتێک مەحاڵ نیە، تەنانەت سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی کوردستانیش ئەگەر ئێستا خەون بێت ئەوە بێگومانم لەوەی کە ڕۆژێک دێت ئاڵای کوردستانیش لە نێو ئاڵای وڵاتانی سەربەخۆدا دەشەکێتەوە.



# تێکەڵاوی کچ و کوڕ

لەئەفەریقای باشوور دەیان ساڵ سیستەمی ئەپارتەید خاوەن دەوڵەت و دەسەڵات بوو، ئەم سیستەمە مرۆڤەکانی بە پێی ڕەنگی پێست جیاکردبۆوە و مرۆڤە پێست سپیەکانی ئەم سیستەمە لە پێست ڕەشەکان بە زیرەکتر دادەنران. پێست سپیەکان خاوەن دەسەڵات و هەموو مافێک بوون. ئەم سیستەمە سیستەمێکی ڕاسیست و تاریک بوو و مێژوو حوکمی خۆی بەسەریدا دا و خستیە زبڵدانەوە.

باسکردن لەوەی کچ و کوڕ بە شێوەی جیاواز بیرکاری یا مێژوو تێدەگەن بەلای منەوە هیچ جیاوازیەکی نیە لەو سیستەمەی ئەپارتەید.

ئەو جیاوازی دروستکردنە هیچ جیاواز نیە لە سیستەمی تالیبانەکانی ئەفغانستان کە خاوەنی تاریکترین سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات و ناشیرینترین دیدی مرۆڤ بوون بۆ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.

جیاکردنەوەی کچ و کوڕ لە قوتابخانەدا، لە هیچ وڵاتێکی دنیا کە کۆرکی پێشکەوتنی پێوە دیار بێت، جێگای باسکردن نیە. ئەم دیاردەیە لە وڵاتە عەرەبیەکاندا هەیە کە ڕێژەی نەخوێندەواری تیایدا بە پێی ئامارێکی نەتەوە یەکگرتوەکان 43 % یە ، بە مەرجێک ڕێژەی نەخوێندەواری لە جیهانی سێدا 29 % یە.

لە وڵاتە عەرەبیە ئیسلامیەکان نزیکەی هەر لە دوو کەس یەکێکیان نەخوێندەوارن و سەیرکردن بۆ ئافرەت لە ئاستی سەیرکردن بۆ مرۆڤدا نیە. لە سعودیە ئافرەت بۆی نیە سەیارە لێبخوڕێت، لە کویێت ئافرەت بۆی نیە دەنگبدات، لە ئوردون ئافرەت لە ترسی کوشتنی لە لایەن باوک و برایەوە خۆیان دەچن لە دەرگای بەندیخانەکان دەدەن بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بەندبکرێن و لە دەست باوک و برا دواکەتوەکانیان ڕزگاریان بێت.

تێکەڵاوی کچ و کوڕ بۆ ناسینی لەشی یەکتر نیە، بۆ هیچ مەبەستێکی بەرەو پێشەوەبردنی سیستەمی خوێندن نیە، بەڵکو کارێکی سروشتی و ئاساییە، کۆمەڵ لە کچ و کوڕ پێکهاتوە، جیاکردنەوەی ئەو دوو ڕەگەزە دژ بە سروشتە و تەنیا نەخۆشی دەرونی و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، ئەو جیاکردنەوەیە لە کەم شوێنی جیهاندا هەیە، لە کەم ئاییندا هەیە. گەورەترین شوێنی جیاکردنەوە، وڵاتە ئیسلامیە دواکەوتوەکانی جیهانن.
کوردستانیش بە هۆی ئایینی ئیسلامەوە ئەم جیابونەوە ناسروشتیەی بەخۆیەوە دیوە. کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو هەڵەیە ڕاستبکرێتەوە و کچان و کوڕان لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا تێکەڵبکرێن بۆ ئەوەی کوردستان لە ئاستی وڵاتە تاریکەکان بێتە دەرەوە و بە ڕۆشنایی شارستانیەت ئاشنا بێت.

ساڵانێکی زۆر لە سوید مامۆستای ئامادەیی بووم، ڕۆژێک نەمبینی کە کچ و کوڕ بە شێوەی جیاواز زانست وەرگرن. ساڵانێکی زۆر لە سوید بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی بووم، ڕۆژێک تۆژینەوەیەکم نەخوێندەوە کە تەنانەت باس لە جیاکردنەوەی کچ و کوڕ بکات. ئێستاش وەک بەڕێوەبەری پەروەردە کار دەکەم و



سەردانی دەیان وڵاتی وەک ئوسترالیا، ئەمەریکا، نامیبیا، بەلجیکا، سلۆڤێنیا، سکۆتلاندا، فینلەندا، دانمارک، چین و ئینگلیستانم کردوە و سەردانی چەندین قوتابخانەم لەم وڵاتانە کردوە و لە نزیکەوە سەیری سیستەمی خوێندنیانم کردوە. لە هەموو یەکێک لەو وڵاتانە کچ و کوڕ تێکەڵاون، لە هیچ یەکێک لەو وڵاتانە نەمبیستوە باس لە جیاکردنەوەی کچ و کوڕ بکرێت یان تێکەڵاوی کچ و کوڕ کێشە بێت.

لە ئەزموونی دوورو درێژی کاری من لە بواری پەروەردە و خوێندندا لە وڵاتی سوید هەستم نەکردوە تێکەڵاوی کچ و کوڕ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی یا یەکتر ناسین بێت، بەڵکو ئەمە باسێک نیە و نەبووە کە پەیوەندی بەخودی پرۆسەی فێرکاریەوە هەبێت. هاوکێشەکە ئاسانە، کۆمەڵ لە کوڕ و کچ پێکهاتووە، ئەو دوو ڕەگەزە لە ئاستی تێگەیشتنی زانست و وەرگرتنی زانیاریدا هیچ جیاوازیەکیان نیە. هەر بۆیە لە پێشکەوتن و بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەبێت هەردوولا وەک یەک بەشداربن.

لە سوید نیوەی وەزیرەکان ئافرەتن. نیوەی ئەندامانی پەرلەمان ئافرەتن. لە وڵاتانی ئەوروپا زۆر لە پۆستە گرنگەکان لە دەست ئافرەتاندان. ئەو ئافرەتانە بەرهەمی سیستەمی تێکەڵاوی خوێندنەکانیانە. سوید ئوتۆمبیل و فڕۆکە دروستدەکات و دەینێرێتە دەرەوە، سعودیە و ئێران، بنلادن و تێرۆریست دروستدەکەن و دەینێرنە دەرەوە.

# به هەندوەرگرتنی بەهابنەماییەکان

بەرنامەی فێرکاری یا سیستەمی قوتابخانەکان لە سوید لەدوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم بەهابنەماییەکان، بەشی دووەم زانست. واتە بەهابنەماییەکانی قوتابخانە کەوتۆتە پێش زانستەوە. بەم کارەش گرنگی و هەستیاری بەهابنەماییەکان لای مامۆستا و بەرپرسیارانی پەروەردەیی بەرز ڕادەگیرێت و هەستدەکەن کە دانیشتوانی سوید لە ڕێگەی پەرلەمانەکەیانەوە بە لایانەوە بەهابنەماییەکانی قوتابخانە لە ئاستی پیرۆزیدایە.

بناغەی بەهابنەماییەکانی قوتابخانە، دیموکراتیە و ڕەنگدانەوەی لە کۆمەڵگادا لە شێوەی سەربەستی تاکەکەس، بەرابەری مرۆڤەکان، یەکسانی ژن و پیاو، بەرزڕاگرتنی ژیان و یارمەتی یارمەتیوسیتانە.

ئەم بەهایانە، کە ڕێگە بە گەندەڵی لە کۆمەڵگادا نادات، جێگەی سازش لەسەرکردن و گفتوگۆ نین، هەموو کارمەندێکی پەروەردەیی لە ڕێگەی بەرنامەی فێرکاریەوە یا سیستەمی قوتابخانەکانەوە پێوەی بەستراوەتەوە. هەر کاتێک مامۆستایەک یا بەڕێوەبەرێک لەم بەهایانە لابدات بە پێی یاسای وڵات سنووریان بۆ دادەنرێت.



هەموو جۆرە سەرکوتکردنێکی فیزیاوی و دەروونی قەدەغەیە، هەموو شکاندنەوە و سنووردارکردنێکی سەربەستی تاکەکەس لێپێچینەوەی لێدەکەوێتەوە.

لەکاتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی سویددا، کە هەر بە چوارساڵ جارێک دەکرێت، پارتە سیاسیەکان سەردانی قوتابخانە ئامادەیەکان دەکەن و باسی سیاسەتی خۆیان دەکەن چونکە بەلای کەمەوە نیوەی قوتابیەکان تەمەنیان لە 18 ساڵ تێپەڕیوە و بۆیان هەیە بۆ یەکەمجار دەنگبدەن. ڕێکخراوی لاوان و گەنجانی پارتە سیاسیەکان سەردانی قوتابخانەکان دەکەن و مێزگردی سیاسی دەگرن، لە نێو قوتابخانەکاندا زانیاری بڵاودەکەنەوە و میزدادەنێن تا خوێندکاران لە دەوریان کۆببنەوەو گفتوگۆ بکەن. لەبەرئەوەی قوتابخانە شوێنێکی گشتی نیە، دەبێت هەموو پارتێکی سیاسی داوای پسوڵەی ڕێگەپێدانی هاتنە نێو قوتابخانە بکات.

ساڵی 2004 من بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی ئۆڤا بووم لە ستۆکهۆڵم، ڕێکخراوەی لاوانی پارتێکی سیاسی ڕاستڕەوی ڕەگەزپەرست داوای مۆڵەتیان لە من کرد کە ڕێگەیان پێبدەم بێنە نێو قوتابخانەکەمەوە و مێزدابنێن. من کە پێشتر ڕێگەم دابوو بە چەندین پارتی سیاسی تر، لەم جارەیاندا مۆڵەتم نەدا بەم پارتە سیاسیە کە پیرۆزی قوتابخانەکەم بشکێنێت و بێتە ناویەوە. ئەم ڕێگە پێنەدانەی من زۆر کەوت لەسەرم. ڕۆژنامەکانی شارەوانی تێبی لەسەریان نوسی و گەورە بوو، گەیشتە ئەوەی کە کەناڵی تەلەفیزیۆنی سەر تا سەری هاتە ناو قوتابخانەکەوە و لە مەسەلەکەیان کۆڵییەوە. مێدیا دەیویست بزانێت بۆ ڕێگەم نەداوە. ئەرگومێنتی من بۆ بڕیارەکەم ئەوە بوو کە هاتنی ئەو

پارتە سیاسیە مەترسیدارە بۆ سەر قوتابیەکانی ترم لە نێو قوتابخانەکەدا، لەوانەیە کە کەش و هەوای هێمنی قوتابخانەکەم بشێوێنێت چونکە زۆربەی زۆری قوتابیەکانم ئەنتی ڕاسیست بوون.
ئەوەی مێدیا بە دڵی نەبوو ئەوە بوو کە من لە سەربەستی تاکە کەسیم گرتۆتەوە و ڕێگەم نەداوە لە وڵاتێکی دیموکراتیدا پارتێکی سیاسی زانیاری بڵاوبکاتەوە. من سوور بووم لە سەر بڕیارەکەم و پارتە سیاسیەکەش شکاتیان لێکردم. ماوەی دوو ساڵ ئەو شکاتە ئەم سەرو ئەو سەری پێکرا. چەندین جار داوای نوسراویان لێکردم کە زیاتر ڕوونیبکەمەوە بۆ ئەو بڕیارەمداوە. سەرۆکایەتی کۆمیونی (شارەوانی) تێبی ناچاربوون باسی بابەتەکە بکەن و پشتگیری خۆیان بۆ من دووپاتبکەنەوە. پاش دوو ساڵ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان هاتەوە و تێیدا نوسرابوو کە ڕاستە من لە لایەک ڕێگەم لە مافێکی دیموکراتی پارتێکی سیاسی گرتووە بەڵام لە لایەکی ترەوە ڕێگەم نەداوە لە سەربەستی تاکەکەسی قوتابیەکانم کەمبکرێتەوە و مافی خۆیانە کە پارێزراو بن لە قوتابخانەکەیاندا و بە هێمنی و دڵنیاییەوە لە سەر خوێندنەکەیان بەردەوام بن. لەبەر ئەو هۆیە شکاتەکە سەری نەگرت و پشگیریان لە بڕیارەکەی من کرد.

مەبەستم لەم نموونەیە ئەوەیە کە سەربەستی و دڵنیایی قوتابی بەهایەکی بنەماییە و دەبێت بە هەموو شێوەیەک پارێزگاری لێبکرێت. من بەداخەوەم کە ئەو سەربەستی و دڵنیاییە لە ناو قوتابخانەکانی کوردستاندا نابینم. هێشتا بەهابنەماییەکانی قوتابخانە نەچەسپیون و کاریان پێنەکراوە، ئەمەش وایکردوە کە بەهاکانی بازاڕ و سەر شەقامەکان لە گەڵ بەهاکانی ناو قوتابخانەدا جیاواز نەبن. سەرئەنجامەکەشی، نەوەیەکە کە



ڕێگەدەدات بە هەموو شێوەیەکی گەندەڵی و کۆمەڵگایەکە سەرتاپا بە دەست گەندەڵیەوە دەناڵێنێت.

گرنگترین بڕیاری کۆنگرەی پەروەردە بڕیاردان بوو لەسەر بەهابنەماییەکان کە بۆتە پێشەکیەکی گرنگ بۆ هەموو ڕیفۆرمەکان، بەڵام بە وشەیەکیش باس ناکرێت لە میدیاکاندا. باسەکان زۆرتر لەسەر گۆڕانکاری ئەزمونەکان و یەکگرتنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندییە و بنیاتنانی قۆناغی بنەڕەتیە. ڕاستە ئەو ڕیفۆرمانە گرنگن بەڵام هیچ سودێکیان نیە ئەگەر بەهابنەماییەکانی قوتابخانە نەکرێتە یاسا و ڕێنمایی و بەتایبەتی لە وەزارەتی پەروەردەوە بنێردرێت بۆ هەموو قوتابخانەیەکی کوردستان کە کاری لەسەر بکەن و هیچ کەسێک بۆی نەبێت سەرپێچی لێبکات. لە نوسینەکان و باسەکاندا، لە وتارەکان و بەدواچوونەکاندا هیچ گرنگیەک نەدراوە بە بەهابنەماییەکان، تەنیا وەک پێشەکیەکی جوان لە سیستەمی قوتابخانەکاندا نوسراوە، لەوە دەرچێت هیچ کارێکی پێنەکراوە و گرنگیەکی وای نەدراوەتێ. ئەم خەمساردیە، سیستەمی فێرکاری قوتابخانەکان بەدواکەوتوویی دەهێڵێتەوە و بڕیارەکانی کۆنگرەی پەروەردەی خستۆتە تەنگژەوە و هەروەک ڕیفۆرمی ڕووکەش ماونەتەوە، دوور لەوەی بە قووڵی مرۆڤەکان بگۆڕێت. ئەگەر مامۆستاکان بڕوایان بە بەهابنەماییەکان نەبێت هەموو ڕیفۆرمەکانی تر هەر قەوارەیەکی بەتاڵ دەبن.

ئیمڕۆ گەورەترین جیاوازی لە نێوان سیستەمی قوتابخانەکانی کوردستان و ئێراقدا، بەها بنەماییەکانە. ئێراق بەرەو دواوە دەڕوات لە بواری بەهاکاندا، ڕوو لە گەورەکردنی ڕۆڵی دین دەکات لە سیستەمی پەروەردەدا بە شیعە و سونەوە. کوردستان

ڕوو لە سێکولاریزم و جیاکردنەوەی دین دەکات لە خوێندن و پەروەردە. هەربۆیە لەم کاتە ناسکەی کە سیستەمی فێرکاری کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، فەرامۆشکردنی بەهابنەماییەکان بەهێزکردنی هێزە تاریکەکانە.

سیستەمی فێرکاری کوردستان دەبێت بە هەموو شێوەیەک لە سیستەمە دواکەوتووەکەی ئێراق جیابکرێتەوە. بەپێی ڕاپۆرتێکی یونسێف کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە 4452 ڕۆژی 23-12-2007 لاپەڕە 5 دا بڵاو بۆتەوە، نوسراوە کە تەنیا 28% ی ئەوانەی 17 ساڵن لە ناوەند و باشوری ئێراق لەسەر خوێندن بەردەوامن، واتە تەنیا 28% ی گەنجەکان دەچنە قۆناغی ئامادەیی. لەوانەش تەنیا 40% یان لە تاقیکردنەوە کۆتاییەکاندا سەردەکەون. 40% ی لە 28% دەکاتە 11% ی لاوان و گەنجانی باشور. واتە هەر لە دە گەنجی ناوەند و باشوری ئێراق تەنیا یەک دانەیان خاوەنی بڕوانامەی ئامادەییە. لەو هەلومەرجە دژوارەدا کوردستان چ سودێک لە سیستەمی تاریکستانی ئێراق دەبینێت؟ وڵاتێک ئەوە سامانە مرۆییەکەی بێت چۆن پێشدەکەوێت؟ چۆن نابێتە وڵاتی بنلادنەکان؟

ئێمە دەبێت سیستەمی فێرکاری کوردستان دابڕین لە ئێراق، ئەگەر نا، لە ماوەی 5-10 ساڵدا هێزێکی ئیسلامی وەک هێزەکەی موقتەدا سەدری ئیراق و حیزبوڵای لوبنان و تالیبانی ئەفغانستان بەشێوەیەکی "دیموکراتی" دەبنە دەسەڵات و هێز لە کوردستاندا و بە شێوەیەکی دیکتاتۆری دڕەندەیی کوردستان دەکەنە کاولستان.

بۆ ڕێگەگرتن لە هاتنە پێشەوەی هێزە تاریکەکان، دەبێت بەها بنەماییەکانی قوتابخانە لە سەربەستی تاکەکەس و مافە



دیموکراتییەکانەوە تا یەکسانی ژن و پیاو و شەفافیەت و کراوەییەوە ببنە بەردی بناغەی سیستەمی فێرکاری نوێ و ڕەنگدانەوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان بێت بەرامبەر بەیەک.

لە ڕاستیدا ئاسایشی نەتەوەیش دەکەوتێتە مەترسیەوە ئەگەر بەهابنەماییەکان لە بەرامبەر هێزە تاریکەکاندا شکست بهێنن. دەبێت سیستەمەکە وا لە قوتابی کوردستان بکات کە بتوانێت بە مامۆستاکەی بڵێت تۆ بۆت نیە توڕە بیت، بۆت نیە دەنگت بەسەرما بەرزبکەیتەوە، ئەگەر مامۆستاکە بەردەوام بوو، دەبێت یاسا پشتگیری لە قوتابیەکە بکات چونکە سەربەستی و دڵنیایی قوتابی لە قوتابخانەدا پیرۆزە و نابێت سنووردار بکرێت. ئەو سەربەستیەش هەر قوتابی ناگرێتەوە بەڵکو مامۆستا و بەڕێوەبەر و هەموو کارمەندەکانی تریش دەگرێتەوە.

**بۆ سەرکەوتن و بەرزڕاگرتنی بەهابنەماییەکانی قوتابخانە دەبێت کۆمەڵێک کاری کورتخایەن و درێژخایەن بکرێت، لەوانە:**

- **کردنەوەی خولی ڕاهێنان و بەهێزکردن و ڕاهێزان بۆ مامۆستایان، دەربارەی بەهابنەماییەکان و مافە سەرەتاییە گرنگەکانی مرۆڤ.**
- **هەر خوێندکارێک بیەوێت ببێت بە مامۆستا، قۆناغی بنەڕەتی بێت یا ئامادەیی، دەبێت کۆلیژی پەروەردە یا مامۆستایی لە زانکۆ بخوێنێت. دەبێت پێش کۆلیژ ئامادەیی تەواو کردبێت. واتە دەبێت پەیمانگای مامۆستایی نەمێنێت، وەک ئەو سیستەمەی کە ئێستا**

هەیە قوتابی بەبێ ئەوەی بە قۆناغی ئامادەییدا ڕۆیشتبێت دەچێتە پەیمانگایەک و دەبێت بە مامۆستا.

- ژمارەی کورسیەکانی خوێندنی مامۆستایان لە کۆلیژەکانی پەروەردە و مامۆستایان کەمبکرێتەوە، بۆ ئەوەی تەنیا ئەو قوتابیانە وەربگیرێن کە نمرەیان بەرزە.

- مووچەی مامۆستا بەرز بکرێتەوە بۆ ئەوەی هانی قوتابیە زیرەکەکان بدرێت کە بچنە کۆلیژی مامۆستایی.

- زیاترکردنی کاتی کاری مامۆستا بەشێوەیەک کە مامۆستا تەنیا 3 تا 4 کاتژمێر لە قوتابخانە نەبێت، بەڵکو وەک هەموو کارمەندێکی تر 6 تا 7 کاتژمێر لە سەر کاربێت.

- ڕیفۆرمێکی بنەڕەتی سیستەمی خوێندنی مامۆستایی لە کۆلیژەکانی پەروەردە و مامۆستایی بکرێت بە شێوەیەک کە بەهابنەماییەکان ببنە ناوەندی خوێندنەکە و مامۆستاکان ببنە خاوەنی بەڕێوەبردن و پارێزگاریکردنی بەها دیموکراتیەکان. ڕیفۆرمی بنەڕەتی لە خوێندنی وانەکاندا بکرێت. وانەی نوێ دابنرێت و هەندێ لەوانە کۆنەکان لاببرێت. پشتببەسترێت بە توانا دڵسۆزەکانی ناوەوەی کوردستان و هێنانی شارەزایانی پەروەردەی کورد و بیانی لە دەرەوەی کوردستان. سستی لەم کارەدا لەدەستدانی کاتە و ڕێگە خۆشکردنە بۆ زاڵبوونی بیری دواکەوتو چونکە بەشێک لە مامۆستایان ئێستا دژایەتی هەموو ڕیفۆرم و نوێخوازیەک دەکەن چونکە خۆیان بەرهەمی سیستەمە کۆنەکەن و بەشێکن لێی.



بەهەند وەرگرتنی بەهابنەماییەکان، سەرکەوتنی تاکەکەسە بەسەر سیستەمە کۆنە ناوەندییەکەدا کە مرۆڤ خاوەنی کەسایەتی و ڕێزی تایبەتی خۆی نیە تێیدا و قوتابی لە ژێرخانی بنەوەی سیستەمەکە خاوەنی هیچ مافێکی تایبەتی خۆی نیە و مامۆستا گوێی لێنەگیراوە و پشت گوێخراوە.

بەناوەندکردنی بەهابنەماییەکانی قوتابخانە، کە پەسەند کراوە لە لایەن پەرلەمان و حکومەتی کوردستانەوە، بە ناوەندکردنی قوتابی و سەربەستی تاکەکەسە و بەهێزکردنی هێزی پێشکەوتنخوازی گەلی کوردستانە بەرامبەر هەموو جۆرە سیستەمێک.

لە کوردستانێکی هەزار و یەک دوژمندا، لە کوردستانێکی بێ سنوور و بێ نەخشەدا، لە کوردستانێکی بێ پۆست و بێ دەستووردا، گرنگە سیستەمی پەروەردە و فێرکاری لە ئێراق جیابکرێتەوە. سیستەمی فێرکاری قوتابخانەکانمان ئەو بوارە گرنگەیە کە دەبێت تایبەتمەندێتی کوردستانێتی لە ژێر ئاڵایەکی پڕ خۆر و ڕووناکیدا هەبێت.

# کۆبونەوەی قوتابخانە

کۆبونەوەی قوتابخانە یەکێکە لە ئۆرگانە گرنگەکانی هاوکاری نێوان قوتابی و کارمەندانی قوتابخانە. ئۆرگانێکە هەروەک کۆبونەوەی پشتیوانی قوتابی و شورای پۆل تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و پرۆسەی دیموکراتی لە قوتابخانەدا بەهێزدەکات.

بەڕێوەبردنی قوتابخانە کارێکی ئاسان نیە و ئەنجامەکانی باش نابێت، ئەگەر هەموو دەسەڵاتەکە بکەوێتە دەست بەڕێوەبەری قوتابخانەکە. دەسەڵات مرۆڤی چاوساغ، چاوکوێر دەکات. مێژوی گەلان پڕێتی لەو ڕێبەرانەی کە بە شێوەیەکی دیموکراتی و بە نیازێکی پاکەوە بۆ کارێکی پیرۆز تێکۆشاون و دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، پاشان دەسەڵات نابینای کردون. لە پێناو مانەوە و بەرژەوەندی خۆیاندا تووشی گەندەڵی بوون. هەر لەو ڕوانگەیەوە دەسەڵات کۆبونەوە لە لای یەک کەس، یەک بەڕێوەبەر وەرگرتنی ریسکێکی گەورەیە کە لە کۆتایی ڕێگادا کۆمەڵگا نرخەکەی دەدات.

کۆبونەوەی قوتابخانە یەکێکە لەو ئامرازانەی کە دەسەڵاتی ناو قوتابخانە لە تاکەوە دەگوێزێتەوە بۆ گروپ، بەوەش بڕیارەکان هەمەلایەنە و پاش گفتوگۆ و بیرلێکردنەوەیەکی زۆر دەدرێن. بڕیارەکان لە پرۆتۆکۆڵی کۆبونەوەکەدا دەنوسرێن. پرۆتۆکۆڵەکە دەقێکی گشتیە و هەرکەسێک بیەوێت بیبینێت دەتوانێت لە قوتابخانەکە داوا بکات و بیخوێنێتەوە. لە هەمانکاتدا لە قوتابخانەکەدا هەڵدەواسرێت و بەوشێوەیەش هەموو قوتابیەک ئاگای لە هەموو بڕیارێکی گرنگی قوتابخانە دەبێت.



ئەم کۆبونەوەیە لە ساڵێکدا چوار جار دەبەسترێت، دووجار لە کۆرسی پاییزدا و دووجار لە کۆرسی بەهاردا. بەشدارانی کۆبونەوەکە بریتین لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە کە سەرۆکی کۆبونەوەکەیە، نوێنەرانی شورای قوتابیان لە زۆر کاتدا سەرۆکی شوراکە و چەند ئەندامێکی تری دەستەی بەڕێوەبەرایەتی شوراکە، دوو مامۆستا یا زیاتر، توێژەری کۆمەڵایەتی قوتابخانەکە و کارگوزارێکی قوتابخانەکە.

لە بەر هەر هۆیەک ئەگەر بەڕێوەبەری قوتابخانە نەیتوانی لە کۆبونەوەی قوتابخانەدا بەشدار بێت، دەکرێت بەڕێوەبەر یەکێک لە جێگەی خۆی دابنێت بۆ بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکە.

گرنگە کە ژمارەی مامۆستایان و ژمارەی قوتابیان وەک یەکبن و هەر بەشدارێک یەدەکێکی هەبێت، ئەگەر خۆی نەیتوانی دەبێت یەدەکەکەی بەشداری بکات. بڕیارەکانی کۆبونەوەکە دەبێت گشتی بن و بۆ هەموو قوتابخانەکە بێت، واتە نابێت بڕیار دەربارەی یەک قوتابی یا یەک پۆل بێت.

کۆبونەوەی قوتابخانە بۆی هەیە بڕیاربدات کاتێک کە بەڕێوەبەری قوتابخانە یا بریکارەکەی و نیوەی ئەندامان ئامادەبن.

لە کۆبونەوەکەدا باس لە پرسە گرنگەکانی ناو قوتابخانە دەکرێت، لە پێش هەموو شتێکەوە ئەو پرسانەی کە بۆ قوتابی گرنگە. لەوانە:

بودجەی قوتابخانە، نوێژەنکردنەوەی قوتابخانە، بوون و نەبوونی کتێب و کورسی و پێویستیەکانی قوتابخانە، چۆنیەتی ئاهەنگی کۆتایی ساڵی خوێندن، بڕیارە تازەکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە، چۆنیەتی بەکارهێنانی پشووەکانی نێوان وانەکان، بۆیەکردنی قوتابخانە، باسکردنی چۆنیەتی هەڵسانگاندنی ئەنجامی قوتابیان، بەراوردکردنی ئەنجامی کۆتای قوتابخانەکە بە قوتابخانەکانی تر، لایەنە لاوازەکانی قوتابخانەکە، لایەنە سەرکەوتووەکانی قوتابخانە، شێوەی ڕەفتاری مامۆستایان لەگەڵ قوتابیاندا، پەیوەندیەکانی ناو قوتابخانە، ناوونابانگی قوتابخانەکە، پەیداکردنی پشتگیری بۆ قوتابخانەکە، چۆنیەتی پەیوەندیکردن بە بازاڕی کارەوە، ژینگەی قوتابخانە لە هەموو ڕوویەکەوە، ئاوی قوتابخانە، کارەبای قوتابخانە، گەرمی و ساردی قوتابخانە، پاک و خاوێنی قوتابخانە، بەشداری قوتابی لە پلانی کاری قوتابخانەکەدا، دەسەڵاتی قوتابی، بەهابنەماییەکانی قوتابخانە، یاساکانی قوتابخانە، سەردانی دامودەزگاکان، سەیرانی قوتابخانە، چۆنیەتی پەیوەندی بە دایکوباوکانەوە، هەروەها هەموو ئەو پرسیار و بابەتانەی کە بەلای قوتابیانەوە یان بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەوە گرنگن.

بەداخەوە لە قوتابخانەکانی کوردستاندا، دەسەڵات دابەش نەکراوە، بەڕێوەبەر بڕیارەکان دەدات، قوتابیەکان لە بنەوەی هەرەمی دەسەڵاتدان. لە زۆرکاتدا بەڕێوەبەریش بەرامبەر بڕیارەکانی سەرەوەی خۆی بێدەسەڵاتە، واتە لە کاتی بڕیاری گەورەدا پرسیاری لێنەکراوە و بیروڕای لەگەڵدا نەگۆڕدراوەتەوە.



لە وڵاتی سوید، کۆبونەوەی قوتابخانە، بەپێی ڕێنماییەکانی قوتابخانە ئامادەییەکان دەبێت ببەسترێت و پشتگوێخستنی کۆبونەوەی قوتابخانە دژ بە یاسای قوتابخانەکانە. کارمەندانی پەروەردە و قوتابیان ئەوە دەزانن کە کۆبونەوەی قوتابخانە ئۆرگانێکە لە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردنی قوتابخانە کە تیایدا گفتوگۆ و زانیاری گۆڕینەوە ڕوودەدات لە نێوان قوتابیان و کارمەندانی قوتابخانە و بەڕێوەبەری قوتابخانەدا.

هیوام زۆرە بە هۆی ئەو ڕیفۆرمە نوێیانەوە کە لە سیستەمی قوتابخانەکاندا کراوە، کۆبونەوەی قوتابخانە، ببێتە ئامرازێکی گرنگی بە دیموکراتیکردنی سیستەمی فێرکاری و قوتابیەکانی کوردستان بخرێنە ناوەندی بڕیاردانەوە دەربارەی ئەو پرۆسەیەی کە لە پێناوی ئەواندا بوونی هەیە.

# چاوپێکەوتنی رۆژنامەی "کوردستانی نوێ"

سازدانی: سامان ساڵح

پێشەکی:

**چۆن بتوانین لەم دەرفەتەدا، هەندێک لە گرفتەکانی بەردەم سیستمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا بخەینە بەرباس؟ ئایا سیستەمی سیاسی ڕۆڵی یەکەمینی بەردەکەوێت لە هێنانە ئارای سیستەمێکی پەروەردەی پێشکەوتوو؟ بۆچی تاکی کوردی ئامادەگی تەواوی تیادا نییە بۆ ڕیفۆرمی پەروەردەیی؟ دەرئەنجامەکانی توندوتیژی لەسەر خوێندکاران کام لایەنی پەیوەندیدار ... لێی بەرپرسیارە؟ ئەم پرسیارانە و چەند پرسیارێکی تر لەم چاوپێکەوتنەدا ئاراستەی، هۆمەر قەرەداغی، شارەزا لە بواری پەروەردە و فێرکردن کرا.**

پرسیاری یەکەم

**بێگومان سوید یەکێکە لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، ئایا ئەم پێشکەوتنە بەهۆی سیستمی سیاسییەوە بووە، ئایا سیستمی پەروەردە لەسەرەتاوە رۆڵی گرنگی لەو وڵاتەدا گێڕاوە، ئایا کوردستان دەتوانێت بەسیستمی پەروەردە پێشبکەوێت؟**

وەڵام

بەرنامەی فێرکاری یا سیستەمی قوتابخانەکان وەک پێشنیار لە لایەن کارمەندانی پەروەردەوە پێشکەش بە پەرلەمانی سوید، بۆ گفتوگۆ و بڕیاردان، دەکرێت. بەهابنەماییەکانی سیستەمی قوتابخانەکان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بەهابنەماییەکانی نێو کۆمەڵگادا نیە. کە سیستەمی وڵات دیموکراتی بوو دەبێت



بەها بنەماییەکان بریتیین لە بەرزڕاگرتنی نرخی ژیان، سەربەستی تاکەکەس، یەکسانی ژن و پیاو، بەرابەری مرۆڤەکان و پشتگیریکردنی ئەو کەسانەی لە کۆمەڵدا یا لە قوتابخانەدا لەبەر هەر هۆیەک بێت پێویستیان بە یارمەتی زیاتر هەیە. دووسەد ساڵە لە سوید سیستەمی دیموکراتی بەرەو پێشەوە دەڕوات، شانبەشانی ئەوەش ڕیفۆرمەکانی نێو سیستەمی قوتابخانەکان هەمان مێژووی سەروەری لە پێناوی پێشکەوتنی کۆمەڵدا بۆخۆی بەدەستهێناوە.

مەبەستمە بڵێم کە سیستەمی سیاسی و سیستەمی پەروەردە لە وڵاتدا کاریگەری قووڵیان لەسەر یەک هەبووە. لە قوتابخانەدا سیستەمە دیموکراتیەکەی وڵات لەلایەک جێبەجێدەکرێت و لە لایەکی ترەوە بەهێزدەکرێت. مناڵ لە قوتابخانەدا فێری ئەوە دەبێت کە ببێتە خاوەنی دەنگی خۆی، خاوەنی بیروبۆچوونی خۆی و سەربەستی خۆی. لە قوتابخانەدا مناڵ فێری ئەوە دەبێت گوێی لێبگیرێت و بەرەنگاری هەموو شێوەیەکی سەرکوتکردن ببێتەوە. لە کوردستان سیستەمی پەروەردە و کارمەندەکانی دەتوانن ڕۆڵی زۆر گەورە لە چەسپاندنی بەهابنەماییەکانی قوتابخانە ببینن، بۆ نموونە ئەگەر مناڵ لە قوتابخانەدا لە لایەن مامۆستاکانیەوە سەرکوتنەکرا، ئەوە ئەویش سەرکوتی هاوڕێکانی ناکات. ترس لە قوتابخانەدا هەموو تواناکانی دەستپێشخەری و داهێنان دەکوژێت. زۆر لە بەهابنەماییەکانی قوتابخانە پێویستی بە پشتگیری دەسەڵاتی سیاسی نیە بەڵکو مامۆستا خۆی دەتوانێت ڕێز لە قوتابی بگرێت و سەرکوتی دەروونی و فیزیاوی نەکات. بەڕێوەبەری قوتابخانە خۆی دەتوانێت ڕێز بۆ کاری مامۆستایان و ڕەنجی قوتابیان دابنێت.

پرسیاری دوو

**لەکوردستان هەوڵەکان بەردەوامن بۆ گەشەپێدانی سیستمی پەروەردە لەزۆر رووەوە، بەڵام تاکەکان(مرۆڤ) ئامادەگی باشیان نییە لەبەرامبەر ئەم پێشکەوتنەدا، هۆکار چییە، چۆن دەتوانین تاکەکان ئاوێتە بوونیان بەپێشکەوتن ئاسان بکەین؟**

وەڵام

کۆمەڵ لە تاکەکەس پێکهاتووە. تاک دەتوانێت ڕۆڵی زۆر گرنگ لە پێشکەوتنی کۆمەڵدا، ئەگەر باری ئۆبیەکتیڤی کۆمەڵ لەباربێت، ببینێت.

ئێستا کە هەوڵەکان بۆ گەشەکردنی سیستەمی پەروەردە بەردەوامن، هێزوتوانایەکی زۆر بۆ سەرکەوتنی ڕیفۆرمەکە لەکاردان ، بەڵام بەداخەوە مرۆڤی ڕەشبینیش هەیە کە تەنیا گرفتەکان دەبینێت. مرۆڤی گەشبین ئەگەر باس لە پەرداخێک ئاو، کە تا نیوەی ئاوی تێدا بێت، بکات دەڵێت پەرداخەکە نیوەی پڕە لە ئاو، مرۆڤی ڕەشبین دەڵێت پەرداخەکە نیوەی بەتاڵە. ئەرکی هەموو کەسێکە کە لای خۆیەوە گرنگی بدات بە بەهابنەماییەکانی کۆمەڵگا نەک خۆی ڕزگار بکات لەبەرپرسیارێتی، گەندەڵی و واستەکردن دوو ڤایرۆسن لە جەستەی کوردستاندا کە تاکەکەس دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت و دژیان بوەستێتەوە. بەڵام زۆرکەس لەبری دژایەتیکردن خۆی دەبێت بەبەشێک لێی. هەر لەم ڕوانگەیەوە کارمەندانی بواری پەروەردە دەبێت ببنە بەشێک لە ریفۆرمکردنی سیستەمی پەروەردە و بەرەو پێشەوە بردنی نەک ڕێگر لە بەردەم ڕیفۆرمەکاندا. بۆ نموونە کاری بەگروپ لە پۆلدا تا ژمارەی قوتابیان زیاتر بێت کاری بەگروپ ئاسانتر و کاریگەری باشتری دەبێت، بەڵام بەداخەوە مامۆستا هەیە دژایەتی ئەو ڕیفۆرمە



دەکات. مرۆڤ دەبێت بوار و دەرفەت ببینێت نەک گرفت و کێشە. ئەگەر هەموو تاکێکی کۆمەڵ لە خۆی بپرسێت من چیم پێدەکرێت بۆ بەرەو پێشەوەبردنی کۆمەڵەکەم ئەوە کاری ریفۆرم زۆر ئاسان دەبێت. سەرۆککۆماری ئەمەریکا لە ساڵانی شەستەکاندا، کەنەدی، لە وتەیەکیدا دەڵێ پرسیار مەکە کە وڵاتەکەت چیت بۆ دەکات، بەڵکو بیرلەوە بکەرەوە کە تۆ بۆ وڵاتەکەت دەتوانی چی بکەیت.

پرسیاری سێ

**دەکرێت بەوردی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و خوێندن و پەروەردەمان بۆ روون بکەیتەوە لەسوید، ئاڕاستەکان چۆنن؟**

**وەڵام**

وەک وتم سیستەمی قوتابخانەکان لە لایەن پەرلەمانی سویدەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، بەڵام سیستەمی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان سیستەمێکی ئەتۆنۆمە و بەڕێوەبەری قوتابخانە، دوای ڕاوێژکردن بە مامۆستا و قوتابیان، سەربەستی تەواوی ، لە چۆنیەتی بەکارهێنانی بودجە، دامەزراندنی مامۆستا و کارمەندانی تری قوتابخانە هەیە. هەروەها بەڕێوەبەر سەربەستی لە شێوەی دابەشکردنی وانە و نەخشە و ئەرکەکانی کارمەندانی قوتابخانە دا، هەیە ، ئەمە هەمووی بە مەرجێک کە پابەند بێت بە بەهابنەماییەکانی قوتابخانەوە هەر لە دیموکراتی و ئازادی تاکەکەسەوە تا یەکسانی ژن و پیاو و بەرزڕاگرتنی نرخی ژیان.

لە هەموو شارەوانیەکدا بەڕێوەبەری پەروەردە هەیە. کاری بەڕێوەبەری پەروەردە ڕێنماییکردن و سەرپەرشتی کاری بەڕێوەبەری قوتابخانەکانە. هاوکاتیش لە هەموو شارەوانیەکدا

دەستەی کارگێڕی پارتە سیاسیەکان هەیە کە نوێنەری پارتە سیاسیەکانی شارەوانیەکەی تێدایە. کاری بەڕێوەبەری پەروەردە ئەوەیە کە مانگی جارێک لەگەڵ ئەو دەستەیە کۆدەبێتەوە و پێشنیارەکانی بۆ بڕیاردان، دەخاتە بەردەم دەستەکە. بۆ نموونە من کە بەڕێوەبەری پەروەردەم هەموو مانگێک پێشنیارەکانم دەخەمە بەردەم دەستە سیاسیەکە، ئەوان پاش گفتوگۆکردن بۆیان هەیە یا بڕیاری پۆزەتیڤی لەسەر بدەن یا داوابکەن پێشنیارەکە لێکۆڵینەوەی زیاتری لە سەربکرێت. بە درێژایی ئەزموونی من تا ئێستا هیچ پێشنارێکم ڕەتنەکراوەتەوە، ئەوەش لەبەرئەوەی پێش ئەوەی هەر پێشنیارێک پێشکەش بکرێت، دەستەیەکی لێکۆڵینەوەم هەیە کە بە وردی پێشنیارەکە ئامادە دەکەن. یەکێک لە کارە سەرەکیەکانی سیاسیەکان ئەوەیە کە بزانن ئایا بڕیارەکان پابەندن بە سیستەمی دیموکراتی وڵات و سیستەمی قوتابخانەکانەوە یا نا. گەورەترین گرفتی قوتابخانەکانی کوردستان ئەوەیە کە سیستەمی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان ناوەندییە (مەرکەزییە). واتە دەسەڵات لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە، بەمەش بەڕێوەبەر و مامۆستا سەربەخۆ نین و تواناکانی دەستپێشخستن و بەهرەکانی داهێنان لە دەستدەچن. کە مرۆڤ لە کارەکەیدا سەربەخۆ نەبوو ناتوانێت ئازادانە بیربکاتەوە.

پرسیاری چوارەم

**لەڕووی پرۆگرامەوە، ئایا پرۆگرامەکان ڕەنگدانەوەی سیاسەتی وڵاتن، وەک وڵات یان پرۆگرامێکی زانستیی مرۆیی رووتەو ڕەچاوی پەروەردەی نەتەوەیی و سیاسی ناکات؟**

وەڵام

پرۆگرامی زانستی خوێندن پرۆگرامێکی سەربەخۆیە و تەنیا ڕێڕەوی زانستی مرۆیی دەگرێتە بەر دوورە لە هەموو



دەستێوەردانێکی سیاسیەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک هیچ پرۆگرامێکی خوێندن بۆی نیە دژایەتی پرنسیپە دیموکراتیەکان و ئازادی تاکەکەس بکات. لە سوید شتێک نیە ناوی پەروەردەی نەتەوەیی بێت، بەڵام هەموو سویدیەک ڕێز لە وڵاتەکەی و ئاڵاکەی زمانەکەی خۆی دەگرێت. بەڵام نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە سوید دەوڵەتێکی سەربەخۆیە و خاوەنی دەنگ و هەڵوێستی خۆیەتی، کە وڵات سەربەخۆ و سەربەست بێت پێویستیشت بە پەروەردەی نەتەوەیی نیە. لە کوردستان پێویستە کە نەوەی داهاتوو بە گیانی دڵسۆزی بۆ خاک و نیشتمان پەروەردەبکرێن، چونکە کوردستان تا ئێستاش خاوەنی دەوڵەت دەستوور و سنووری خۆی نیە.

پرسیاری پێنج

**پەیوەندی نێوان خوێندکارو مامۆستا لەسوید چۆنە؟ ئایا یاسایەکی پەروەردەیی هەیە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوانیان؟**

**وەڵام**

پەیوەندی نێوان خوێندکار و مامۆستا بریتیە لە پەیوەندی دوو مرۆڤی سەربەست پێکەوە، واتە بەدوور لەوەی کێ مامۆستایە و کێ قوتابی وەکو دوو مرۆڤی سەربەست گوێ لەیەکدەگرن و ڕێز لەبیروبۆچوونی یەکتر دەگرن، ترس لە دیواری قوتابخانەکانی سوید دا نیە،نەک هەر ئەوە بەڵکو قوتابخانەکانی سوید دیواری نیە و هەمیشە بۆ کۆمەڵگە کراوەیە. هەموو مامۆستایەک و هەموو قوتابیەک باش لەوە تێگەیشتووە کە لە لایەک مافی هەیە و لە لایەکی تر بەرپرسیارێتی. هیچ مامۆستایەک بۆی نیە پێشێلی پیرۆزی سەربەستی تاکەکەسی قوتابیەکەی بکات. هەموو سەرکوتکردنێکی دەروونی و فیزیاوی بە پێی یاسا قەدەغەیە.

پەیوەندی مامۆستا و قوتابی زیاتر وەک پەیوەندی دوو هاوڕێ وایە. تەنیا یاسا کە پەیوەندی نێوان خوێندکار و مامۆستا ڕێک بخات یاسای بەهابنەماییەکانی قوتابخانەیە، هەروەک ئەوەی لە سەرەوە باسمکرد.

پرسیاری شەش

**توندوتیژی لەکوردستان بەشێکی گەورەی لەژیانی خوێندنگەو قوتابخانەکان پێکهێناوە بەتایبەت (ناوەندیی و ئامادەییەکان) کێشەی نێوان خوێندکارو مامۆستا بەشێوەیەکی بەرچاو هەیە، زۆرجار پێکدادان دروستبووە. جگەرە خواردن و حەب خواردن و نەچوونە پۆل و...هتد هەیە، ئایا بەبڕوای تۆ هۆکاری ئەم لادانانە چین لەخوێندکاری کوردا هەن؟**

وەڵام

هۆکاری بوونی توند و تیژی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا ڕەنگدانەوەی بوونی توند و تیژییە لە نێو خێزان و کۆمەڵدا بە گشتی. هەر مرۆڤێک سەرکوتنەکرابێت، ناتوانێت سەرکوتی خەڵکی تر بکات، ئەگەر مرۆڤ لە خێزانەکەی خۆیدا ڕێزی لێگیرا دەتوانێت ڕێزدار بێت و ڕێز لە بیروبۆچوونی هاوڕێکانی بگرێت. هیچ دیکتاتۆرێک لە جیهاندا نیە کە ژیانی منداڵی دوور بووبێت لە توندوتیژی.

چەند ساڵێک لەمەوبەر یاسای "قەدەغەکردنی لێدانی منداڵ" م لە سویدیەوە وەرگێڕا و ناردم بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بەو هیوایەی کە لێدان، نەک هەر لە قوتابخانەکاندا بەڵکو لە نێو خێزان و لە هەموو جێگەیەک قەدەغە بکرێت، گەورەساڵ لە هیچ شوێنێک بۆی نەبێت لە منداڵ بدات، جا چ مامۆستا بێت یا دایکوباوک. بۆ نموونە لە خێزاندا پیاو خاوەن دەسەڵاتە و ژن



بێدەسەڵات، باوک خاوەن دەنگە و منداڵ ملکەچ. هەموو پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی کە بەم شێوەیە بێت ڕەنگدانەوەی بۆ ناو پەیوەندیەکانی قوتابخانەش دەبێت. هیچ مرۆڤێک ناتوانێت خۆشەویستی بدات ئەگەر خۆشەویستی وەرنەگرێت. هەموو مرۆڤە سیکۆپاتە پیاوکوژەکانی کۆمەڵگا ئەو کەسانەن کە بە منداڵی توندوتیژی دژیان بەکارهێنراوە، ئیتر لە لایەن خێزانەوە، قوتابخانەوە یا دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆمەڵەوە بوو بێت هیچ جیاوازییەکی نیە. بە بۆچوونی من توندوتیژیەکانی نێو قوتابخانەکانی کوردستان ئەنجامە نەک هۆکار. ئەو لادانانەی کە لە خوێندکارەکاندا هەن هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی کە لە کۆمەڵدا هەن. خوێندکار ناتوانێت بڕوای بە گەورە ساڵان هەبێت ئەگەر گەورەساڵان نوقوومی گەندەڵی بووبێت. متمانەوباوەڕبوون بەیەکتر، گوێگرتن و ڕێزدانان بۆ یەکتری دەبێت ئەو چەترە بێت کە مامۆستا و خوێندکار لە ژێریدا کۆدەبنەوە.

لە سویدیش خوێندکار گیروگرفتی لەو جۆرانەی خوێندکاری کوردستانی هەیە، بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر. کاتێکیش قوتابیەک گرفتێکی وەهای دەبێت، توێژەریکۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی قوتابخانە پەیوەندی بە قوتابیەکەوە دەکەن، بەداخەوە لە کوردستان توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی خۆی نەدراوەتێ.

پرسیاری حەوت

**لەسوید رۆڵی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و لاوان چین لەناو پەروەردەدا ئایا لەکوردستان هەمان رۆڵ دەبینرێت؟**

**وەڵام**

لە هەموو قوتابخانەیەکی سوید دا شوورای قوتابیان هەیە. شوورای قوتابیان پێکهاتووە لە نوێنەری شوورای پۆلەکان. هەموو پۆلێک دوو نوێنەری هەیە، زۆربەی کات کچ وکوڕێک دەبنە نوێنەر. ئەگەر قوتابخانەیەک بیست پۆلی هەبێت ئەوە نوێنەری پۆلەکان شوورای قوتابخانەکان لە چل نوێنەر پێکدەهێنن. لە کۆبوونەوەیەکدا دەستەی بەڕێوەبەرایەتی شوورا، کە لە 5 یا 7 کەس پێکدێت، هەڵدەبژێرێن. دەستەکە سەرۆک و سکرتێر و بەرپرسی دارایی هەڵدەبژێرێت. کاری دەستەکە ئەوەیە کە لە نزیکەوە ئاگاداری کاری بەڕێوەبەر و مامۆستا و کارمەندەکانی تری قوتابخانەکە بێت، ئاگای لە شێوەی بەکارهێنانی بودجە و بریارەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بێت. نوێنەری قوتابخانەکان دەستەی گشتی شوورای قوتابخانەکان لە شارێکدا پێکدەهێنن. ئەم کارە زۆر دوورە لە سیاسەت و پارتە سیاسیەکانی وڵاتەوە.

بەڵام پارتە سیاسیە گەورەکانی سوید ڕێکخراوی لاوانی خۆیانیان هەیە. هەموو قوتابیەک ئازادە لە بە ئەندامبوونی لەو ڕێکخراوە سیاسیانەدا. ڕێکخراوی لاوانی پارتە سیاسیەکان بە هیچ شێوەیەک بۆیان نیە دەستبخەنە نێو کاری قوتابخانەکانەوە یا کاری شوورای سەربەخۆی قوتابیان و خوێندکاران لە قوتابخانەکاندا.

2008-01-30



# CV



## هۆمەر قەرەداغی

ساڵی لە دایکبون 1957 لە سلێمانی، کوردستانی باشوری
شوێنی ژیان: ستۆکهۆڵم، سوید لە ساڵی 1982 وە

**کاری ئێستا:**
بەڕێوەبەری پەروەردەی کۆمیونی تێبی Täby kommun بەشی ئامادەیی و گەورەساڵان لە ستۆکهۆڵم، سوید

**مێژووی کار:**

2008-2006 بەڕێوەبەری پەروەردە لە سوید

2006-2001 بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی لە سوید

2001-1999 جێگری بەڕێوەبەری ئامادەیی لە سوید

1999-1990 مامۆستای ئامادەیی: ماتماتیک، فیزیا و کۆمپیەتەر

**خوێندن:**

خوێندنی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە سوید

خوێندنی ڕێبەری لە سوید

خوێندنی مامۆستایی لە سوید

ماستەر لە بواری ئەندازیاری وزەدا لە سوید

بەکالۆریوس کۆلیژی ئەندازیاری میکانیک لە سوید

بەکالۆریوس کۆلێژی کشتوکاڵ لە کوردستان سلێمانی

**نوسین:**



نوسەری کتێبی سیستەمی فێرکاری و کتێبی ڕیفۆرم و چەندین وتاری پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی

**زمان:**

کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و سویدی



# REFORM

## Homar Kadir Qeredaghi

Kurdistan 2008